رووداو
RÛDAW
ژمارە (517) دووشەممە 2018/8/13 - 22ی خەرمانان 2718 (750) دینار

# رۆشدی سەعید بە 200 ساڵ بەندکردن سزا دراوە

**رووداو – دهۆک**

بەختیار ئەمین، بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی دهۆک رایگەیاند کە بەهۆی ئەو کێشە زۆرانەی لە پرۆژەکانی نیشتەجێبووندا هەن، لیژنەیەکیان پێکهێناوە و بەشێک لە کێشەی ئەو پرۆژانەیان چارەسەر کردوون و بەشێکیشیان هێشتا چارەسەرنەکراون و دراونەتە دادگا.

بەرپرسەکەی وەبەرهێنانی دهۆک هەروەها گوتی کە سێ سەرمایەداری دهۆک دراونەتە دادگا، یەکێک لەوانە رۆشدی سەعید، بەڕێوەبەری کۆمپانیای عادل ئەلموتەحیدەیە کە 333 سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.

گوتیشی کە رۆشدی سەعید: "هەندێک لە دۆسیەکانی لە دادگا یەکلابوونەتەوە، بەپێی ئەو دۆسیانەی یەکلاکراونەتەوە، ئەگەر ئێستا دەستگیربکرێ و سزاکانی بەسەردا جێبەجێ بکرێ، دەبێ 200 ساڵ لە زیندان بێ".

نزیکەی 400 کەس لەوانەی لە دهۆک کێشەیان لەگەڵ ئەو وەبەرهێنەرانەدا هەیە کە یەکەی نیشتەجێبوونیان بۆ دروستکردوون، پەنایان بۆ پۆلیس بردووە و سکاڵایان تۆمار کردووە. بەهۆی ئەو سکاڵایانەوە سێ وەبەرهێن دراونەتە دادگا، ژمارەیەک لە سکاڵاکان بە رێڕەوی یاساییدا تێپەڕیون و لایەنی کەمتەرخەم سزادراوە، ژمارەیەکیشیان لە ژێر لێکۆڵینەوەدان.

2»

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر بۆ (رووداو):
## لەمەودوا مانگانە 10 ملیۆن دۆلار بۆ بەڵێندەران خەرج دەکرێ
5

ساڵح موتڵەگ بۆ (رووداو):
## عەبادی و مالیکی و عامری بۆ سەرۆکوەزیرانی نابن
6

دلاوەر عەلائەددین
## سیستەمی تەندروستی: کێشە بنەڕەتییەکان و چارەسەرکردنیان
14

# بزووتنەوەی گۆڕان 33 پۆست لە یەکێتی وەردەگرێتەوە

گۆڕان لەبەر کێشە نێوخۆییەکانی پۆستەکان وەرناگرێ
ئەندامێکی یەکێتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی

یەکێتی پۆستەکانمان ناداتێ
ئەندامێکی جڤاتی گۆڕان

3



راپۆرت 4
### سیخوڕە عێراقییە شیعەکەی ناو داعش چۆن بزر بوو؟



ژنان 12
### لە کوردستان ساڵانە 10 پیاو بەدەستی ژن دەکوژرێن

ئابووری 8
### زیانی ساڵانەی رووداوەکانی هاتوچۆ لە کوردستان 20 ملیۆن دۆلارە



کۆمەڵایەتی 13
### چوو بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکەی و کوشتیان





## پێنج بەڕێوەبەری گشتی لە دهۆک دەگۆڕدرێن

**ڕووداو- دهۆک**

فەهیم عەبدوڵڵا، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بڕیاری دەستبەکاربوونی پێنج بەڕێوەبەری گشتی بۆ پێنج بەڕێوەبەرایەتیی پارێزگای دهۆک گەیشتە دهۆک و بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا دەستبەکارببن". سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک ناوی ئەو بەڕێوەبەرە نوێیانە ئاشکرا دەکات و دەڵێت، هەریەکە لە (دیار بەحری، بەڕێوەبەری گشتی شارەوانی دهۆک، کوردۆ ئیحسان، بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنان، عومەر عەلی، بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە، شیراز حەمید، بەڕێوەبەری گشتی چاودێری کۆمەڵایەتی و ژیان مستەفا، بەڕێوەبەری گشتی شەهیدان و ئەنفالکراوان) لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بڕیاری دەستبەکاربوونیان دراوە.

## 333 سکاڵای لەسەرە

# دادگای دهۆک سزای 200 ساڵ بەندکردنی بۆ ڕوشدی سەعید دەرکرد

**ناسر عەلی**
**ڕووداو – دهۆک**

نزیکەی 400 کەس لەوانەی لە دهۆک کێشەیان لەگەڵ ئەو وەبەرهێنەرانەدا هەیە کە یەکەی نیشتەجێبوونیان بۆ دروستکردوون، پەنایان بۆ پۆلیس بردووە و سکاڵایان تۆمار کردووە. بەهۆی ئەو سکاڵایانەوە سێ وەبەرهێن دراونەتە دادگا، ژمارەیەک لە سکاڵاکان بە ڕێڕەوی یاساییدا تێپەڕیون و لایەنی کەمتەرخەم سزادراوە، ژمارەیەکیشیان لە ژێر لێکۆڵینەوەدان. بەڕێوەبەری وەبەرهێنانی دهۆک پێیوایە، هاووڵاتیان خۆیان هۆکارن لەوەی فێڵیان لێبکرێ، چونکە لە دەرەوەی ڕێنماییەکانی دەستەی وەبەرهێنان گرێبەست لەگەڵ وەبەرهێنەران دەکەن.

لە دوو هەفتەی ڕابردوودا، لە دوو کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون، کێشەی زۆر سەریهەڵداوە، بە تایبەتی لە پرۆژەی هێژا ستی لە ڕۆژهەڵاتی شاری دهۆک. سەباح حەمید، دانیشتووی دهۆک، شەش ساڵە گرێبەستی کڕینی شوققەیەکی لە پرۆژەی هێژا ستی کردووە، بەڵام هێشتا شوقەکە تەواو نەکراوە. سەباح دەڵێت: "شەش ساڵە من هەر پارە دەدەم، هەر پێم دەڵێن خەریکە تەواو دەبێت، کەچی ئێستا پرسیارم کردووە دەڵێن ئەو شوققەیەی بە ناوی تۆیە هێشتا هەر دروست نەکراوە".

گرفتی سەرەکی ئەو هاووڵاتیانەی کە لەو کۆمەڵگەیەدا خانووویان کڕیوە، ئەوەیە کە نازانن کامە شوققە هی خۆیانە، چونکە هەندێک لە شوققەکان لەوانەش 42 شوققە لە یەک کاتدا بە دوو کەس و سێ کەس و تەنانەت چوار کەسیش

> **سێ وەبەرهێنەر دراونەتە دادگا**
> بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی دهۆک

فرۆشراون، واتە بۆ شوققەیەک پارە لە چوار کەس وەرگیراوە.

ئەو شوققەیەی سەباح کڕیویەتی، سێ خاوەنی دیکەشی هەیە. سەباح دەڵێت "کەس تێناگات، ماقوڵە من شوققەیەک بکڕم، سێ کەسی دیکە وەکو من پارەیان بۆ دابێ؟".

سەباح و زۆر لەوانەی لەو پرۆژەیە مافیان پێشێل کراوە، سکاڵایان تۆمار کردووە و چاوەڕێن دادگا دۆسیەکەیان بۆ یەکلا بکاتەوە.

لە دوای 2009 ژمارەیەک پرۆژەی نیشتەجێبوون لە شاری دهۆک دروستکراون، تا ئێستا 38 پرۆژە مۆڵەتیان لە دەستەی وەبەرهێنان وەرگرتووە، 20 لەو پرۆژانە تەواو بوون و 15 پرۆژەیان کاریان تێدەکرێ، سێ لە پرۆژەکانیش دۆسیەیان لە دادگایە.

بەختیار ئەمین، بەڕێوەبەری گشتی

> **شوققەیەکم کڕیوە بە سێ کەسی دیکە فرۆشراوە**
> هاووڵاتییەک

وەبەرهێنانی دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی کێشەکان لە پرۆژەکانی نیشتەجێبوون، لێژنەیەکیان دروستکردووە، بەشێک لە کێشەی ئەو پرۆژانە چارەسەرکراون و بەشێکیشیان هێشتا چارەسەرنەکراون و دراونەتە دادگا.

بەختیار ئەمین گوتی: "سێ سەرمایەداری دهۆک دراونەتە دادگا، یەکێک لەوانە ڕوشدی سەعید، بەڕێوەبەری کۆمپانیای عادل ئەلموتەحیدەیە کە 333 سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە، هەندێک لە دۆسیەکانی لە دادگا یەکلابوونەتەوە، بەپێی ئەو دۆسیانەی یەکلاکراونەتەوە، ئەگەر ئێستا دەستگیربکرێ و سزاکانی بەسەردا جێبەجێ بکرێ، دەبێ 200 ساڵ لە زیندان بێ".

بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی دهۆک، ڕەخنە لە هەندێک لەو هاووڵاتیانە دەگرێ کە شوققە یان



زیاتر لە 400 سکاڵا لەسەر وەبەرهێنەرانی دهۆک تۆمار کراون

خانوویان لە کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوون کڕیوە و پێیوایە خۆیان هۆکارن بۆ ئەوەی فێڵیان لێ بکرێ.

بەختیار ئەمین گوتی: "ئێمە چەندینجار ڕامانگەیاندووە و داوامان لە هاووڵاتیان کردووە، کاتێک خانوو یان شوققە دەکڕن، بزانن ئەو وەبەرهێنەرە حیسابی بانکی هەیە یان نا، پارەکە لە بانک دابنێن، بەڵام خەڵکانێک بەبێ هیچ دۆکیۆمێنتێک و مۆڵەتێک یەکسەر پارە لە دەستی وەبەرهێنەر دەکەن، دواتر کێشە بۆ خۆیان و بۆ ئێمەش دروست دەکەن".

گرفتی سەرەکی دەستەی وەبەرهێنان وەک بەرپرسەکەی دەستەی وەربەرهێنان لە دهۆک ئاماژەی پێدەدات، نەبوونی زەوییە بۆ دروستکردنی کارگە و کۆگا و ناوچەی پیشەسازی. بەختیار ئەمین دەڵێت: "ئێستا نزیکەی 20 وەبەرهێنەر داواکارییان پێشکەش کردووە بۆ پرۆژەی پیشەسازی، بەڵام زەویمان نییە بیاندەینێ، چونکە لە ماستەر پلانی دهۆک، هیچ پارچە زەوییەک بۆ کارگە و پرۆژەی پیشەسازی تەرخان نەکراوە، بۆیە زۆرجار لەگەڵ وەبەرهێنەراندا تووشی ئیحراجی دەبین".

بەڵام کوردۆ ئیحسان، بەڕێوەبەری نەخشەدانانی شارەوانیی دهۆک، ڕەتیکردەوە ئەوان لە ماستەرپلاندا حیسابیان بۆ پرۆژەکانی پیشەسازی نەکردبێ و گوتی "ئێستا ئەولەویەتی ئێمە دروستکردنی ناوچەی پیشەسازییە، کە هەموو قۆناغەکانی تەواو بوون، ئەویش ناوچەی پیشەسازی کانی سپییە لە سنووری قەزای سێمێل".

# لە هەولێر 59 هەڵەی پزیشکی تۆمارکراون

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

بەڕێوەبەری بەشی یاسایی لە فەرمانگەی تەندروستیی هەولێر ئاشکرای دەکات لە پێنج ساڵی ڕابردوودا 238 سکاڵا لەسەر پزیشکان و کارمەندانی تەندروستیی هەولێر تۆمارکراون، ئەو پزیشک و کارمەندانەشی کەمتەرخەم بوون، سزادراون.

بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆی نەشتەرگەریی هاووڵاتییەک بەناوی سەلاح محەممەد لە هۆڵی نەشتەرگەریی یەکێک لە نەخۆشخانەکانی هەولێر کە کۆسەرەی تێدا بەکاردەهێنرێ بۆ بڕینەوەی شیشێک کە لە جەستەی سەلاح چەقیوە، هەرایەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. کارگەیشتە ئەوەی لێژنەی لێکۆڵینەوەی بۆ پێکبهێنرێ.

سامان بەرزنجی، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت "دوای بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆکە لێژنەیەکمان پێکهێنا، حەوت کەس لە پزیشکی پسپۆڕ، کارمەندی تەندروستی و خزمەتگوزار گواستراونەتەوە، مووچەبڕکردن و سزادراون، هەندێکیشیان ڕێکاری کارگێڕییان بەرامبەر گیراوەتەبەر و ماوەی 6 مانگ لە پلەبەرزکردنەوە ڕادەگیرێن".

بە گوتەی دکتۆر سامان، سزادانی ئەو پزیشک و کارمەندانە بەهۆی ڕەچاونەکردنی تایبەتمەندیی نەخۆشەکە بووە کە ڤیدیۆکەیان بڵاوکردووەتەوە، نەک بەهۆی بەکارهێنانی کۆسەرە، چونکە لە هەندێک نەشتەرگەریدا ناچارن ئامێری وەکو دریل و کۆسەرە بەکاربێنن.

بەپێی ئاماری فەرمانگەی تەندروستیی هەولێر کە لەلایەن زەینەب محەممەد فەرەج، بەرپرسی بەشی یاسایی فەرمانگەکە دراوەتە (ڕووداو)، لە پێنج ساڵی ڕابردوودا 238 سکاڵا لەسەر پزیشک و کارمەندانی تەندروستیی هەولێر تۆمارکراون، بۆ ئەم مەبەستە 124 لێژنەی پزیشکی پێکهێنراون و بەدواداچوونیان بۆ 94 کەیس کردووە کە 17 کەیسیان ڕەوانەی دادگا کراون، 59 کەیسی هەڵەی پزیشکی هەبووە و، پزیشک و کارمەندە کەمتەرخەمەکانیش سزادراون".

گوتیشی: "ئەمساڵ 9 کەیسی هەڵەی پزیشکی لەلای ئێمە تۆمارکراون، هەندێکیان سزادراون و هەندێکیش هێشتا لە دادگان، جگە لەو کەیسانەی ڕاستەوخۆ لە دادگا و پۆلیس و ئەنجوومەنی دادوەری تۆمارکراون، کە ئەمانە لەلای ئێمە تۆمار ناکرێن".

بەڕێوەبەری تەندروستیی هەولێر پێیوایە نەخۆشخانە حکومییەکان زۆر لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان باشترن "زۆربەی هەڵە پزیشکییەکان لە سەنتەر و نەخۆشخانە ئەهلییەکان دەکرێن و سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوە، ئەمساڵ تەنیا یەک



لە پێنج ساڵی ڕابردوودا 238 سکاڵا لەسەر پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی تۆمارکراون

کەیس لە نەخۆشخانەیەکی حکومی تۆمارکراوە، ئەویش لە دادگا بێتاوان دەرچوو".

بەڕێوەبەری یاسایی فەرمانگەی تەندروستیی هەولێر دەڵێت کە سکاڵاکان کەمتر لەلای ئەوان تۆمار دەکرێن "زۆربەی هاووڵاتیان لە دادگا سکاڵا تۆمار دەکەن، دادگاش بە نووسراو داوای پێکهێنانی لێژنەی زانستیمان لێدەکات و لێژنەکە پێکدێنین، ڕاپۆرتی لێژنەکەش دەنێرینەوە بۆ دادگا، بۆیە ئەمساڵ بە نووسراوی دادگا زۆرترین لێژنەی زانستیمان پێکهێناوە".

بەڕێوەبەرە یاساییەکە ڕەتیدەکاتەوە لە کەیسەکاندا پشتیوانی لە پزیشکەکان بکەن "بەرگری لە پزیشک ناکەین، بەهۆی سکاڵای هاووڵاتیانەوە زۆر پزیشک و نەخۆشخانەمان سزاداون، پزیشک هەیە بە 50 هەزار دۆلار سزاماندواە، نەخۆشخانەمان بە 15 ملیۆن دینار سزاداوە".

### لە 5 ساڵدا تەنیا دەرمانسازێک بەند کراوە

ئەو پزیشک و کارمەندە تەندروستیانەی سکاڵایان لەسەر تۆمار دەکرێت سزای جۆراوجۆر دەیانگرێتەوە، بەڵام لە 5 ساڵی ڕابردوودا تەنیا یەک دەرمانساز بەند کراوە، زەینەب محەممەد دەڵێت :"ئەگەر پزیشک یان کارمەندە تەندروستییەکە میلاکی ئێمە بێت، بەپێی یاسای ئینزیباتی فەرمانبەران سزا دەدرێت، سزاکانیش بریتین لە سەرنجڕاکێشان، ئاگادار کردنەوە، سەرزەنشت، کەمکردنەوەی مووچە، دابەزاندنی پلە، هەروەها دەرکردن و عەزلیشمان هەیە کە دەبێت وەزیری تەندروستی واژۆی لەسەر بکات".

گوتیشی: "لە پێنج ساڵی ڕابردوودا تەنیا یەک دەرمانساز بۆ ماوەی شەش مانگ بەند کراوە".

### ڕەچاوی مافی نەخۆش ناکەن

د.فەتاح هەورامی، بەڕێوەبەری سەنتەری هۆشیاری و خۆپاراستن لەبارەی ڕەچاونەکردنی مافی نەخۆش لەلایەن پزیشک و کارمەندانی تەندروستی بە (ڕووداو)ی گوت :"پارساڵ توێژینەوەیەکمان کرد و دەرکەوت پزیشک و کارمەندانی تەندروستی نەک هەر بەتەواوی کار بە پاراستنی مافی نەخۆش ناکەن، بەڵکو ئاستی هۆشیاریی کارمەندانی تەندروستی لەبارەی مافەکانی نەخۆش زۆر کەمە و مافی نەخۆش پێشێل دەکرێت".

لەماوەی 6 ساڵی خوێندنی پزیشکی تەنیا 12 کاژێر بۆ بابەتی پاراستنی مافی نەخۆش دانراوە، د. فەتاح هەورامیش پێیوایە پرۆگرامی کۆلێژە پزیشکییەکان گرنگی بەو لایەنە گرنگە نادەن و دەڵێت "لە پرۆگرامە تازەکانی دونیادا گرنگییەکی زۆرتر بە پاراستن و مافی نەخۆش دراوە، بەڵام لە کۆلێژە پزیشکییەکانی ئێمە بەشێوەیەکی ڕووکەش دەخوێنرێ".

سەلاح محەممەد، کە بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆکەیەوە 7 پزیشک و کارمەندی تەندروستی سزادران، نیگەرانە و دەڵێت "هەرچەندە بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ناخۆش بوو، بەڵام پزیشک و ستافەکەی زۆر خەمخۆرانە نەشتەرگەرییەکەیان کرد، بۆیە داواکارم وەزارەتی تەندروستی لە سزادانی ئەو پزیشک و کارمەندانە پاشگەزبێتەوە".

## دایک و باوکی لە ئەڵمانیاوە گەڕانەوە کوردستان

# گومان لە خۆخنکاندنی کچە کوردێکی ئێزدی دەکرێ

**ناسر عەلی**
**ڕووداو - دهۆک**

سێ هەفتە لەمەوبەر هەواڵی خۆخنکاندنی ئافرەتێکی کوردی ئێزدی لە کەمپی داودیە لە سنووری پارێزگای دهۆک بڵاوکرایەوە، بەڵام هەواڵەکە جێی باوەڕی دایک و باوکی کچەکە نەبوو کە لە ئەڵمانیاوە بۆ بەدواداچوونی دۆسیەی کچەکەیان گەڕاونەتەوە کوردستان. دایکی کچەکە دەڵێت: "کچەکەم کوژراوە"، بەڵام خزمێکی نزیکی مێردی ئافرەتەکە دەڵێت: "خۆی خنکاندووە".

ڕۆژی 2018/7/17 لە کەمپی داودیەی سەر بە قەزای ئامێدی، تەرمی ئافرەتێکی کوردی ئێزدی تەمەن 21 ساڵ بەناوی دەلال شەریف، لە نێو خێوەتێکدا بە هەڵواسراوی دۆزرایەوە. کاتێک دراوسێکەیان تەرمی دەلال دەبینن، دانیشتووانی کەمپەکە ئاگادار دەکەنەوە، دواتر تەرمی دەلال دەگوازرێتەوە پەیمانگەی دادپزیشکی دهۆک، دوای ڕێکارە پزیشکییەکان، تەرمی دەلال لە زێدی خۆی لە شنگال دەنێژرێت.

دوای تێپەڕبوونی 10 ڕۆژ بەسەر ڕووداوەکەدا، دایک و باوکی دەلال لە ئەڵمانیاوە گەڕانەوە کوردستان و یەکسەر سکاڵایان لەدژی مێردی دەلال و برای مێردەکەی تۆمار کرد، ئێستا هەردووکیان لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراون.

شەریف ئیزین، باوکی دەلال، خەمی لەدەستدانی کچەکەی بە ڕوخسارییەوە دیارە، باسی کچەکەی دەکات و دەڵێت "ساڵی 2013 کچەکەم کە ئەوکات تەمەنی 13 ساڵ بوو، لەلایەن (و.ش) کە کوڕی خاڵی خۆیەتی، هەڵگیرا، دەلال بە ویستی خۆی لەگەڵ کوڕە خاڵەکەی ڕۆیشت، بەڵام هەر دوای ساڵێک کێشە کەوتە نێوانیان".

بە گوتەی شەریف، کچەکەی چەند جارێک لەلایەن مێردەکەی و شووبراکەی لێیدراوە. شەریف گوتی: "پێش کوشتنی کچەکەم، مێردەکەی سێ جار لێیداوە و دەلال لەبەر دەستی هەڵاتووە و هاتووەتە ماڵی ئێمە. دواهەمینجاریش ساڵێک لەمەوبەر بوو، پێش ئەوەی من و دایکی دەلال بچینە ئەڵمانیا". گوتیشی کە چەندینجار داوای لە کچەکەی کردووە تەڵاق لە مێردەکەی وەربگرێ، بەڵام ئەو ڕازی نەدەبوو تەڵاق وەربگرێ لەبەر منداڵە تەمەن سێ ساڵانەکەی کە ماڵە خەزوورانی لێیان زەوتکردبوو نەیاندەهێشت بچێتە لای.

شەریف کە تەمەنی 50 ساڵ دەبێ، باسی

> **دەلال خۆی نەخنکاندووە، کوژراوە**
> پارێزەری دەلال

دوایین پەیوەندی تەلەفۆنی خۆی و کچەکەی دەکات و دەڵێت: "ئەو ڕۆژەی کچەکەمیان کوشت بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ دەکرد، ئێوارە بوو، زانیم دەنگی نەدەهات، هەر پێمگوت دەلال دەلال، بەڵام تەنیا دەنگی مێردەکەی و شووبراکەی دەهات، زانیم لێیان دەدا، چونکە دەنگی گریانی دەهات، دوای دوو سەعات خەڵکی کەمپەکە تەلەفۆنیان بۆ کردم و گوتیان کچەکەت خۆی هەڵواسیوە".

باوکی دەلال ڕەتیکردەوە کچەکەی، خۆی خنکاندبێ و گوتی:"هاوژینی دەلال و شووبراکەی کوشتوویانە، پاشان بە لەچکەکەی خۆی هەڵیانواسیوە، هەر بە خۆیان تەرمەکەیان بردووە بۆ نەخۆشخانە و لەوێ تاوانەکەیان پەردەپۆش کردووە".

خێزانی دەلال، یەکێک بوون لەوانەی لە پەلامارەکەی داعشدا بۆ سەر شنگال لە ئابی 2014 نەکەوتنە دەست چەکدارانی داعش و توانیبوویان خۆیان دەرباز بکەن، باوکی دەلال دەڵێت:"کچەکەم لە دەستی داعش ڕزگاری بوو، بەڵام لە دەستی هاوژینەکەی ڕزگاری نەبوو".

ئازاد سەعید کە پارێزەری کەیسی دەلالە، بە (ڕووداو)ی گوت: "سێ لەو ژنانەی تەرمی دەلالیان شووشتووە، ئێستا بوونەتە شایەت لە دۆسیەکەیدا، ئەوان دەڵێن شوێنی ئەشکەنجە بەسەر جەستەی دەلالەوە دیار بووە، بەپێی ئەو وێنە و بەڵگانەی لەبەردەستمان دەلال کوژراوە، نەک خۆی خنکاندبێ".

ئێستا هاوژینی دەلال و شووبراکەی لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراون و دۆسیەیان بۆ کراوەتەوە. هەرچەندە لە ڕاپۆرتی پزیشکیدا نووسراوە دەلال بە لەچکەکەی خۆی خنکاندووە، بەڵام پارێزەرەکەی باوەڕ بەو ڕاپۆرتە ناکات و دەڵێت: "ڕاستە شوێنی لەچکەکە بەسەر ملییەوە دیارە، بەڵام بەهۆی پشکنینی لەچکەکەی، دەردەکەوێ کە خۆی لە ملی خۆی ئاڵاندووە، یان لە ملیان ئاڵاندووە".

خزمێکی نزیکی هاوژینی دەلال هەموو قسەکانی باوکی دەلال و پارێزەرەکەی ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت: "کەس دەلالی نەکوشتووە، خۆی خنکاندووە".



دەلال شەریف

راپۆرت
ڕووداو
ژمارە (517) - دووشەممە 2018/8/13



## قوباد تاڵەبانی: بەڵێنی باشتربوونی دۆخی دارایی و ئابووری کوردستان دەدەین

**ڕووداو– سلێمانی**

ڕۆژی 12ی ئابی 2018 لە سلێمانی، زانکۆی نێودەوڵەتیی قەیوان کرایەوە. لە گوتارێکدا جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان گوتی، لە خۆم و حکومەتەمان ڕادەبینم بەڵێنی باشتربوونی دۆخی دارایی و ئابووری کوردستان بدەین. قوباد تاڵەبانی، لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی زانکۆکە گوتارێکی پێشکەشکرد و گوتی: "بێجگە لە کێشە سیاسییە نێوخۆیی و دەرەکییەکان، بەهۆی چەند هۆکارێکی وەکو دابەزینی نرخی نەوت و شەڕی داعش و هاتنی ئاوارەیەکی زۆر، کوردستان کەوتە بەردەم قەیرانی جۆراوجۆرەوە، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر گەشەکردنی کوردستان و جێبەجێکردنی بەشێکی زۆری بەرنامەکانی حکومەتەکەمان هەبوو. بە خۆشحاڵییەوە ئێستا بەشێکی زۆری ئەو کێشانە خەریکن چارەسەر دەبن".

# بزووتنەوەی گۆڕان 33 پۆست لە یەکێتی وەردەگرێتەوە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو– سلێمانی**

بزووتنەوەی گۆڕان جارێکی دیکە داوای لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان کردووە ئەو پۆستانەی ڕادەست بکاتەوە کە بەپێی ڕێککەوتننامەی دوو ساڵ بە دوو ساڵی نێوانیان بەریدەکەوێ و تاوەکو ئێستا یەکێتی نەیداوەتێ. پارێزگاری سلێمانیش کە لەسەر پشکی بزووتنەوەکە ماوەی ساڵێکە دەستبەکار بووە، دەڵێ جێگری سەرۆکی حکومەت ڕەزامەندی دەربڕیوە ئەو پۆستانە بدرێنەوە بە بزووتنەوەی گۆڕان.

هەرچەندە ئێستا یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان پەیوەندییەکانیان لەوە خراپترە باسی ڕێککەوتنە ئیدارییەکەی نێوانیان بکەن، بەڵام وا پێدەچێ بزووتنەوەی گۆڕان بە تەواوی دەستی لەوە شووشتبێ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە مانگی 12ی ئەمساڵ بکرێ، بۆیە جارێکی دیکە بە فەرمی داوای لە یەکێتی کردووە ئەو پۆستانەی بداتەوە کە لە پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین بەپێی ڕێککەوتنی نێوانیان بەریکەوتووە و هێشتا وەرینەگرتوون.

هەڤاڵ ئەبوبەکر، پارێزگاری سلێمانی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) ڕایگەیاند "ڕۆژی 23ی تەممووز لەگەڵ بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت دانیشتین، زۆربەی کێشە ئەمنی و ئیدارییەکانی سلێمانیمان چارەسەر کرد".

هەروەها دەڵێت: "ئەو پۆستانەی کە مافی گۆڕانن و لە ڕێککەوتنی نێوان گۆڕان و یەکێتیدا هەن، بەڵێن درا پڕبکرێنەوە و لەڕێگای حکومەتی خۆجێییەوە کێشەکان تێپەڕێنین، ئەوانە ژمارەیان 33 پۆستە و بڕیارمان داوە بە کەسانی شارەزا و پسپۆڕ و شیاو پڕبکرێنەوە، هەموو ئەو پۆستانە بە پشتیوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پڕدەکرێنەوە".

ڕۆژی 2014/12/9 بە ئامادەبوونی سەرکردە باڵاکانی گۆڕان و یەکێتی، لە مەراسیمێکدا واژۆ لەسەر ڕێککەوتننامەیەکی ئیداری کرا کە بە ڕێککەوتننامەی دوو ساڵ بە دوو ساڵی نێوان ئەو دوو لایەنە ناودەبرێ بۆ دابەشکردنی پۆستە ئیدارییەکانی پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی ڕاپەڕین و گەرمیان، بەڵام لەوکاتەوە بە بەردەوامی بزووتنەوەی گۆڕان ناڕەزایەتی دەردەبڕێ و یەکێتی تۆمەتبار دەکات بەوەی ڕێککەوتنەکەی جێبەجێ نەکردووە.

> **یەکێتی پۆستەکانمان ناداتێ**
> ئەندامێکی جڤاتی گۆڕان

بەپێی ڕێککەوتنەکە، لە سلێمانی و هەڵەبجە دەبوو بزووتنەوەی گۆڕان 43 پۆست لە بەڕێوەبەری گشتی و قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیە و جێگری پارێزگار وەربگرێت، بەڵام هێشتا 33 پۆستی دیکەی پێنەدراوە کە گرنگترینیان پێکدێن لە سەرپەرشتیاری ئیدارەی ڕاپەڕین، جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان، بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، جێگری پارێزگاری هەڵەبجە، جێگری پارێزگاری سلێمانی بۆ کاروباری کارگێڕی، هەروەها قائیمقامی هەڵەبجە و قائیمقامی سەیدسادق.

چەند ڕۆژێک پێش دەستبەکاربوونی هەڤاڵ ئەبوبەکر، نیاز ئەحمەد، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لە فراکسیۆنی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دەستبەکاربوونی پارێزگاری سلێمانی دەبێتە هۆی یەکلاکردنەوەی پۆستەکانی دیکەش، بۆ نموونە جێگری پارێزگارەکان، ئەوانەش یەکلا دەبنەوە، هەروەها بیرمان نەچێت ئێمە لە ڕێککەوتنەکەدا پارێزگای هەڵەبجەشمان هەیە، پۆستەکانی ئەوێش بە هەمانشێوە یەکلادەبنەوە و هیچ لارییەکمان نییە، ئەوەی لە ڕێککەوتنەکەدا هەیە ئەوە جێبەجێ دەکەین".

بەڵام زیاتر لە ساڵێکە هەڤاڵ ئەبوبەکر دەستبەکار بووە و هێشتا بزووتنەوەی گۆڕان چاوەڕێی پۆستەکانیەتی. ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ: "ئێمە لە دوو ڕێککەوتننامە لەگەڵ یەکێتی شکستمان هێنا و خۆشباوەڕ بووین بەوەی یەکێتی ئەو پۆستانە ڕادەست بکات".



ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتیمانی بزووتنەوەی گۆڕان کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، گوتیشی: "یەکێتی تاکلایەنە ئەو ڕێککەوتنەی بۆ مەبەست و بەرژەوەندیی خۆی بەکاردەهێنا و جێبەجێی نەدەکرد. هەڵەی ئێمەش ئەوەبوو کە بڕوامان بە یەکێتی کرد، هەرچەندە بەشێک لەو پۆستانە گۆڕان خۆی وەرینەدەگرتن بەهۆی مەرسوومی سەرۆکایەتی هەرێمەوە".

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی دوو ساڵ بەسەر ئەو ڕێککەوتنە ئیدارییەدا و بەدیاریکراوی لە 17ی ئایاری 2016 ، بزووتنەوەی گۆڕان چووە نێو ڕێککەوتننامەیەکی سیاسی دیکە لەگەڵ یەکێتی کە بە ڕێککەوتننامەی دەباشان ناسراوە و بە ئامادەبوونی تەواوی سەرکردە باڵاکانی ئەو دوو لایەنە لە ماڵی تاڵەبانی واژۆ کرا. هەرچەندە گۆڕان دوو هێندەی ڕێککەوتنی یەکەم لەوەش نائومێد بوو.

نزار مەحموود، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان و بەرپرسی مەکۆی هەڵەبجە، دەڵێ ژمارەیەک پۆست لەنێوان ئەوان و یەکێتی وەک کێشە ماونەتەوە "بەشی زۆریان یەکێتی ئامادە نییە بیداتە ئێمە و بەشێکیشی خۆمان وەرماننەگرتوون".

لەو پارێزگایە جێگری پارێزگاری هەڵەبجە و قایمقامی هەڵەبجە، پشکی گۆڕانن "بەڵام نایدەن هەرچەندە چەند جارێک داوامان کردووە".

ئەو بەرپرسەی بزووتنەوەی گۆڕان، هەروەها دەڵێ: "لەوکاتەوەی د. ئاسۆ فەرەیدوون، وادەکەی وەک پارێزگاری سلێمانی کۆتایی هاتووە، عەبدوڵڵا نەورۆڵی پارێزگاری هەڵەبجەش وازی هێنا و عەلی عوسمان خرایە شوێنی. ناوی ئەوانەی کە گۆڕان دەیەوێ لە پۆستەکان دایانبنێ، لای جێگری سەرۆکی حکومەتە، بەڵام تاوەکو ئێستا فەرمانی دەستبەکاربوونیان بۆ دەرنەکراوە، هەروەها بەپێی ڕێککەوتنەکە سێ بەڕێوەبەرایەتی دیکە لە هەڵەبجە بەر ئێمە کەوتوون و پێماننەدراوە".

پۆستەکانی پارێزگای سلێمانی بۆخۆیان مشتومڕی گەرم و بێزارکەری چوار ساڵی ڕابردوو بوون، ئەوەش بەهۆی ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە ساڵی 2014 کە زۆرتر لە شەش مانگ گفتوگۆ و دانوستاندن لە نێوان یەکێتی و گۆڕان، نزیک بوو لەوەی پێکهێنانی ئیدارەی لۆکاڵی بە بنبەست بگات بەهۆی ڕێکنەکەوتن لەسەر بەڕێوەبردنی پارێزگاکە و هەریەکە لە فراکسیۆنەکانی یەکگرتوو و کۆمەڵ و پارتیش ئامادە نەبوون فراکسیۆنی زۆرینە لەگەڵ گۆڕان و یەکێتی دروستبکەن، تاوەکو کێشەکە گەورەتر نەبێ.

هەڤاڵ ئەبوبەکر، پارێزگاری سلێمانی دەڵێ لەگەڵ قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت بە وردی باسی گرفتی پۆستە بەتاڵەکانیان کردووە: "هەندێکیان یان خانەنشین بوون یان هێشتا دەستبەکار نەبوون، بەڵێن دراوە پڕبکرێنەوە و هەروەها هەوڵ دەدەین کێشە ئیداری و کارگێڕییەکان چارەسەر بکەین لە پارێزگای سلێمانی".

ڕێکەوت زەکی، ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، ڕەتیدەکاتەوە یەکێتی ئەو پۆستانەی نەدابێتە گۆڕان و دەڵێ "ئەوان خۆیان یان بەهۆی کێشەی ناوخۆیی وەریاننەگرتووە، یان بەهۆی مەرسوومی سەرۆکایەتی هەرێم نەیانویستووە".

هەروەها گوتی: "بەشێک لەو پۆستانە پۆستی ئیدارەی ناوچەکانن وەک ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین، بەڵام لە یاساکانی ئەنجوومەنی وەزیراندا چ یاسایەک هەیە ئیدارەی گشتی و جێگری ئیدارەی تێدابێ تاوەکو مەرسوومی دەستبەکاربوونی بۆ دەربکات؟".

> **گۆڕان لەبەر کێشە نێوخۆییەکانی پۆستەکان وەرناگرێ**
> ئەندامێکی یەکێتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی

# چوار حیزبەکە دەچنە بەغدا و پرۆژەیەکی هاوبەشیش ئامادە دەکەن

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو – سلێمانی**

بەرپرسانی چوار حیزبە ناڕازییەکە لە ئەنجامی ڕاگەیێنراوی هەڵبژاردن، ئەنجامی بەدەست ژماردنەوەی بەشێک لە سندووقەکانی دەنگدان ڕەتدەکەنەوە، بەڵام بە زمانێکی نەرمتر ڕاگەیێندراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە. داخوازی "دیالۆگی نیشتمانی" پەنجەرەیەکی نوێیە بە ڕووی پارتی و یەکێتی و هێزە سیاسییەکانی دیکەی عێراقدا کردوویانەتەوە، بەڵام بەرپرسێکی یەکگرتووی ئیسلامی هیوادارە دوو هێزەکەی دیکە وەک دەرفەتی فرۆفێڵ و کاتکوشتن سەیری ئەو مێزی دانوستاندنە نەکەن کە ئەوان باسیان کردووە "پارتی و یەکێتی چەند جارێک داوای گفتوگۆیان کردبوو، ئێمە ڕەتمانکردبووەوە، بەڵام دیالۆگی نیشتمانی لە پێناوی مافە دەستوورییەکانی خەڵک دەکەین".

ڕێگەی بەغدا بۆ پارتی و یەکێتی ئاڵۆزە، بەڵام بۆ چوار حیزبە ناڕازییەکە ئاڵۆزترە، چونکە ئەوان بەهۆی ئەوەی ژمارەی کورسییەکانیان کەمترە، لەو نێوەندی پڕ لە کێشمەکێش و ململانێیەدا پێویستیان بە دانایی و کارتی بەهێزە تاوەکو لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا گوێلێگیراو بن. بەڵام ئەوان چی دەکەن؟

ڕێبوار کەریم، گوتەبێژی هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری دەڵێ "ساخ بووەتەوە چوار لایەنەکە دەچنە بەغدا بۆ بەشداریی لە پرۆسەی سیاسیی عێراق"، لە ڕاگەیێندراوی هاوبەشی چوار حیزبەکەدا هاتووە کە ئێمە گفتوگۆ و دیالۆگی هاوبەشی نیشتمانی بەپێویست دەزانین لە پێناوی مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان، بەڵام ڕێبوار کەریم دەڵێت ئەوە بە مانای ڕازیبوون نییە بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن.

گوتەبێژی هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری باسی درێژەکێشانی کاری هاوبەش و پێکەوەیی چوار لایەنەکە دەکات و دەڵێت: "پلانی هاوبەشی چوار حیزبەکە ئامادەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرۆسەی سیاسی عێراق". بەڵام پێش چوونە بەغدا، هێشتا ئەوان پێداگیری دەکەن لەسەر ئەوەی تانە لە ئەنجامی هەڵبژاردن بدەن: "قۆناغی یەکەم گوتوومانە ساختەکاری هەیە و دەبێ چارەسەر بدۆزرێتەوە. قۆناغی دووەم گوتوومانە دیالۆگێکی نیشتمانی پێویستە بۆ ئەو قۆناغە و بۆ دەربازکردنی خەڵکی هەرێمی کوردستان لەو قەیرانە".

ڕۆژی 11ی ئابی 2018، سەرکردەی یەکەمی هەریەکە لە بزووتنەوەی گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامی، هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری و کۆمەڵی ئیسلامی، لە گردی زەرگەتەی سلێمانی کۆبوونەوە. هەرچەندە بەپێی زانیارییەکان لەو کۆبوونەوەیەدا بە چڕی باس لە دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان یان بەڕێوەچوونی لە وادەی خۆیدا کراوە و داوایان کردووە دژی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن نەبن لە 30 ئەیلوولدا، دواتر باسی پرۆسەی سیاسی لە عێراق و بەشداریی لە حکومەتی داهاتووی بەغدا و ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی ژماردنەوەی دەنگەکان کراوە و بڕیار دراوە لەمەولا داخوازی پارتی و یەکێتی بۆ گفتوگۆ ڕەتنەکەنەوە "بەڵام بە مەرج".

ئەندامێکی جڤاتی نیشتیمانی بزووتنەوەی گۆڕان، دەڵێ ڕاستە ئەوان دیالۆگی نیشتمانی بە پێویست دەزانن "بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە تێبینیمان لەسەر پارتی و یەکێتی نییە و ئەو ساختەکارییە لەبیر دەکەین کە لە هەڵبژاردن کرا". ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ: "مەبەستمان لە دیالۆگی نیشتمانی ئەوەیە لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان نەبنە قوربانی ململانێی سیاسی و کورد پەرتەوازە نەبێ، بۆ ئەوەی پارتی و یەکێتی بەناوی نوێنەرایەتی خەڵکی هەرێمی کوردستان، لەپێناو پۆست و داخوازی حیزبی خۆیان پرۆژە ئامادە نەکەن و وەک ساڵانی ڕابردوو تەنیا بیر لە پۆست و دەستکەوتی حیزبی بکەنەوە، لەبەر ئەوە گفتوگۆیان لەگەڵ دەکەین".

لەدوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی 12ی ئایاری پەرلەمانی عێراق، چەند جارێک پارتی و یەکێتی داوای دروستکردنی شاندی هاوبەشیان کردووە. تەنانەت چەند جارێکیش بزووتنەوەی گۆڕان داخوازی یەکێتی ڕەتکردووەتەوە بۆ دانیشتنی دووقۆڵی و داوای ئەوەی لە یەکێتی کردووە پێش داوای کۆبوونەوە، داوای لێبووردن بکات بەهۆی ڕووداوەکەی ئێوارەی 12ی ئایار کە تەقە لە ئۆفیسی سەرەکی بزووتنەوەکە لە سلێمانی کرا.

عوسمان کاروانی، ئەندامی ئەنجوومەنی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی دەڵێ: "هیوادارین ئەو مێزی گفتوگۆیەی ئێمە باسی دەکەین، پارتی و یەکێتی وا سەیری نەکەن کە بیانەوێ ئەوەی لە بەرەکانی شەڕ و فێڵکردن بەدەستیان نەهێناوە لەسەر ئەو مێزە بەدەستی بهێنن. چونکە ئێمە باسی گفتوگۆی ڕاستەقینە و نیەتی باشمان کردووە". گوتیشی: "هەرچەندە من وەک خۆم هەرگیز چاوەڕێی ئەو دانوستاندنە ڕاستەقینەیە ناکەم لەو دوو حیزبە".

عوسمان کاروانی، پێیوایە زووە بۆ ئەوەی بگوترێ دەچنە بەغدا، لەبەر ئەوەی هێشتا دۆخی عێراق تەمومژاوییە و ئەوسەری تونێلەکە لە کەسەوە دیار نییە "جارێ باسی چوونە بەغدا نەکراوە، بەڵام ئەگەر قسە لەسەر چوونە بەغدا بێتە پێشەوە، ئەو چوار لایەنە میکانیزم و بەرنامەی هاوبەش و داڕێژراوی خۆیان هەیە و پێکەوە دەچنە بەغدا".

لەوەتەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ڕاگەیێندراوە، بەغدا بووەتە پایتەختی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک لە حیزبەکان و پرۆسەی سیاسی و نەبوونی خزمەتگوزاری. لەولاشەوە، پارت و قەوارە و هاوپەیمانێتییەکان بەردەوامن لە دانوستاندنی ناڕوون و نهێنی. بەجۆرێک هاوپەیمانییە پێکهێنراوەکان لە ماوەی هەفتەیەکدا وەک بەفری بەرهەتاو دەتوێنەوە و سەرلەنوێ دەموچاوی دیکە هاوپەیمانی ڕادەگەیێنن.

سەرباری هەموو ئەوانەش، هێشتا چاوەڕوانی دادگای فیدراڵی بۆ ڕاگەیاندنی کۆتایی ئەنجامەکان، نەیهێشتووە پەردە لەسەر گفتوگۆکان لابچێت.

بەرپرسێکی باڵای چوار حیزبەکە، دەڵێ ئەوان کە دەڵێن دیالۆگی نیشتمانی، مەبەستیان ئەوەیە "ئێمە پرۆژەیەک ئامادە دەکەین بۆ بەشداریی لە پرۆسەی سیاسی عێراق و دەبێ لەگەڵ پارتی و یەکێتی گفتوگۆ بکرێ بۆ ئەوەی پرۆژەیەکی هاوبەشی کوردستانی ئامادە بکرێ و ئەو پرۆژەیە بنەمای دانوستاندن بێت لەگەڵ بەغدا".

گوتیشی: "لەو پرۆژەیەدا مەرجی ئێمە ئەوەیە نابێ بەهیچ شێوەیەک پۆستەکانی بەغدا پرسی گرنگ بن و دەبێ تەنیا داکۆکی لە جێبەجێکردنی مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان بکرێت. بابزانین وەڵامی پارتی و یەکێتی چی دەبێت بۆ ڕاگەیێندراوەکەی ئێمە". ئەو بەرپرسە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، ڕەتیدەکاتەوە مەبەستیان دروستکردنی شاندی هاوبەش بێت لەگەڵ پارتی و یەکێتی و دەڵێ: "ئێمە هەرچەندە تێبینی زۆرمان لەسەر پارتی و یەکێتی هەیە، بەڵام کاتێک دەڵێین مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان، دەزانین ئەو پرۆژە هاوبەشە کوردستانییە بەبێ دیالۆگ لەگەڵ پارتی و یەکێتی ناکرێ".

> **لەگەڵ پارتی و یەکێتی گفتوگۆ بۆ پرۆژە دەکەین نەک شاند**
> بەرپرسێکی چوار حیزبەکە



## 16 مانگ لەناو داعشەوە پلانی هێرشەکانی ئاشکرا دەکردن

# سیخوڕە عێراقییە شیعەکەی ناو داعش چۆن بزر بوو؟

**ڕووداو - هەولێر**

چلەی زستان بوو، کەچی پێڕانەدەگەیشت عارەقەی دەموچاوی وشک بکاتەوە. لە پشتی کیا بارهەڵگرەکەیدا 500 کیلۆگرام مادەی تەقینەوە حەشار درابوو، لە هەموو تاسە و سووڕانەوەیەکدا دڵی توندتر لێی دەدا، دەکرا شوفێری ئۆتۆمبێلێک کە بە تەنیشتیدا تێدەپەڕێ و وێنەی دەگرێ، لەپڕ لە مۆبایلەکەیەوە بۆمبەکە بتەقێنێتەوە، دەکرا

> **بەداخەوە هەرگیز پێینەگوتم کە خەریکی چییە**
> هاوژینەکەی حارس

لە بارگەیەکی سەر ڕێگەی بەغدا لەناو بگرە و بەردەی بارگەکەدا بۆمبەکە بتەقێنرێتەوە. ئەمانە نیگەرانییەکانی سیخوڕێکی هەواڵگری عێراق بەناوی حارس ئەلسوودانی بوون کە ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی پەردە لەسەر چالاکییەکانی لەناو داعشدا لادەدات.

حارس ماوەی 16 مانگ لەناو داعشەوە زانیاری گرنگی بە شانەی هەواڵگریی سقووری عێراقی دابوو کە یەکێک لە گرنگترین یەکەکانی دژەتیرۆری عێراقە. ئەبوو عەلی بەسری، بەڕێوەبەری سقوور، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە حارس پلانی تەقاندنەوەی 30 ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو و 18 هێرشی خۆکوژی ئاشکرا کردبوو. جیا لەمەش پەیوەندی لەگەڵ فەرماندە باڵاکانی داعش لە موسڵ هەبوو.

دوایین ڕۆژی 2016 بوو، حارس بەرەو شوێنی مەبەست دەڕۆیشت. داعش پلانی دانابوو ڕۆژێک پێش دەستپێکی ساڵی نوێ بازاڕەکانی بەغدای نوێ لە ئاگر و خوێن بگەوزێنێ. سیخوڕەکەی هەواڵگریی عێراق سووکە گومانێکیشی بۆ دروست ببوو کە داعش پێی زانیبێ و دەکرێ ئەمە دوایین چالاکی ئەو بێت، بۆیە یەکسەر دەستی بۆ تەلەفۆنەکەی برد و نامەیەکی کورتی بۆ باوکی نووسی: "نزام بۆ بکەن". تەلەفۆنەکەی فڕێدا و جارێکی دیکە عارەقەی ناوچاوان و ملی سڕییەوە.

### ژیانی تایبەتی حارس

(نیویۆرک تایمز) لەگەڵ بەڕێوەبەری شانەی سقوور، هاوڕێکانی حارس و ئەندامانی خێزانی گفتوگۆی کردووە و گرتەی ڤیدیۆیی و نامە تەلەفۆنییەکانی نەقیب حارسی دەستکەوتووە.

تاوەکو چەند ساڵ لەمەوبەر کەم کەس دانی خێریان بە حارسدا دەنا. عابد سوودانی، باوکی حارس، پێیوابوو کوڕە گەورەکەی دەبێ دوای تەواوبوونی قوتابخانە لەگەڵی لە دوکان بێت. دواتر لە زانکۆی بەغدا دەرکرا و ئەمەش هەلی ئەوەی بۆ ڕەخساند بە دوای کچان بکەوێ، بەڵام باوکی دەیویست هەرچۆنێک بێ سنوورێک بۆ کوڕەکەی دابنێ، بۆیەش هۆشداری دایێ کە یان دەست لەو کارانە هەڵدەگرێ، یان بۆ هەمیشە ئەو ماڵە جێبهێڵێ.

مونزر، برا بچووکی حارس، بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکە دەڵێ "لە دوای ئەمەوە ژیانی گۆڕا، هەرچەندە دڵگران بوو لەوەی ناتوانێ بە دڵی خۆی بژی". دوای ئەوە دایک و باوکی ژنێکیان بۆ دەستنیشان کرد، گەڕایەوە سەر خوێندن و هەردوو زمانی ئینگلیزی و ڕووسی خوێند، پاشان لە بەشی چاودێریی سیستەمی زانیارییەکانی کەرتی نەوتی عێراق دەستی بە کارکرد. لەو سەروبەندەدا هێرشەکانی قاعیدە دەستیان پێکردبوو.

### گەڕان بەدوای حارسەکاندا

ئەو کات ئەبو عەلی بەسری، بەڕێوەبەری هەواڵگریی ئۆفیسی سەرۆکوەزیرانی عێراق بوو، بیری لە دروستکردنی یەکەیەکی تایبەت دەکردەوە کە هەموو کارەکەیان دەستگیرکردن و کوشتنی سەرکردەکانی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان بێ. لە ساڵی 2006، یەکەی سقوور 16 ئەندامی هەبوو. ئەبو عەلی لەبارەی ڕۆژانی یەکەمی دامەزراندنی یەکەکە دەڵێ "وەکو چۆن کوڕێک بەدوای هاوژیندا دەگەڕێ، منیش ئاوها بەدوای ئەو جۆرە کەسانەدا دەگەڕام".

مەناف، برایەکی دیکەی حارسە، لە یەکەم ئەندامەکانی ئەو یەکەیە بوو، هەر ئەویش هۆکار بوو بۆ ئەوەی حارس لە 2013 ناوی خۆی لەناو سقووردا بنووسێ. مەناف دەیزانی بەو شارەزاییەی براکەی لە بوارەکانی زمان و کۆمپیوتەردا هەیەتی، ئەبو عەلی ناتوانێ ناوەکەی ڕەتبکاتەوە.

حارس هەمان ساڵ لە یەکە هەواڵگرییەکە وەرگیرا و یەکەم کاریشی ئەوە بوو چاودێری پەیوەندییەکانی گومانلێکراوەکان لەسەر ئینتەرنێت و تەلەفۆن بکات. ئەم کارەیان بە پێچەوانەی کارەکەی پێشووی بە دڵی بوو. مونزری برای دەڵێ "دوای ماوەیەکی زۆر شەوق بۆ ژیانی گەڕابووەوە، دیار بوو زۆر دڵخۆشە".


مونتەزر سوودانی کە برا بچووکی حارسە وێنەی براکەی لەسەر سینگی نەخشاندووە

### حارسی جیهادی

لە هاوینی 2014 داعش لە پاشماوەکانی قاعیدەوە سەریهەڵدا و لە ماوەیەکی کەمدا دەستیان بەسەر 30%ی عێراقدا گرت. یەکەی سقوور بیریان لە هەڵمەتێکی نوێ دەکردەوە کە بریتی بوو لە دزەکردنە نێو داعش. حارس ڕۆژانە وێنەی منداڵانی کوژراوی دەبینی. ژەنەراڵ سەعد ئەلفالیح، یەکێک لە فەرماندەکانی یەکەکە، دەڵێ "حارس خۆی باوک بوو، بۆیەش بەرگەی بینینی ئەو دیمەنانەی نەدەگرت". لەو کاتەدا حارس بڕیاری دا لە مەشقی "بوون بە جیهادی"دا بەشداری بکات.

خێزانی ئەلسوودانی لە شاری ڕومادی ژیابوون کە لە ساڵی 2003 وە مەیدانی شەڕی خوێناویی نێوان حکومەتی عێراق و گروپە جیهادییەکان بووە. ئەمە وایکردبوو حارس بتوانێ بەشێوەیەکی ڕەوان

> **حارس پلانی تەقاندنەوەی 30 ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو و 18 هێرشی خۆکوژیی داعشی ئاشکرا کردبوو**


دایک و باوک و یەکێک لە کچەکانی نەقیب حارس

بە لەهجەی خەڵکی ڕومادی قسە بکات و لەوێشەوە متمانەی چەکدارانی داعش بەدەستبهێنێ، بەڵام وەکو عەرەبێکی شیعە ئاشنایەتییەکی ئەوتۆی بە دابونەریتی ئایینی سوننەکان نەبوو، بۆیەش ڕوویکردە خوێندنەوەی قورئان و لەبەرکردنی ئەو ئایەتانەی کە سەلەفییە جیهادییەکان بەدڵیان بوو، هەروەها خۆی فێری ئەو سروودانەش دەکرد کە داعشەکان لەکاتی نوێژ و کوشتندا دەیانگوتنەوە.

بڕیار درا لەناو داعشدا ناوی ئەبو سوهەیب بێ، خۆی وەکو پیاوێکی بێکاری گەڕەکێکی سوننەنشینی بەغدا پیشانبدات. ئەرکەکەشی ئەوە بوو دزە بکاتە نێو شوێنێکی نهێنیی داعشەکان لە شارۆچکەی تارمیە لە نزیک بەغدا کە بە بنکەی سەرەکی ڕەوانەکردنی خۆکوژەکانی داعش بۆ ناو بەغدا دادەنرا.

کارەکەی حارس لە مانگی ئەیلوولەوە دەستی پێدەکرد، شەوی پێش ڕۆیشتن هەتا درەنگان لەگەڵ

مەنافی برای دانیشتن، لە گەرمای سەختی هاویندا چاییان هەڵدەقوڕاند و مەنافیش هەوڵی دەدا ورەی پێبدات. مەناف لەبارەی براکەیەوە بە دەڵێ: "ئەو یەکەم کەس بوو لە نێو ئێمەدا کە خۆی بۆ ئەو کارە پێشنیاز بکات. کارەکە هەتا بڵێی مەترسیدار بوو".

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر نەقیب حارس چووە ناو ئەو مزگەوتەی شانەی داعشەکانی تارمیە تێیدا کۆدەبوونەوە و بە درێژایی ڕۆژ لەناو مزگەوتەکەدا مایەوە. مەناف کە ئەندامی تیمی چاودێریی براکەی بوو، هیچ گومانی نەبوو لەوەی شتێکی بەسەرهاتووە، چونکە ماوەی مانەوەی لەناو مزگەوتەکە زۆر لەوە زیاتری کێشا کە پێشتر پلانیان بۆ دانابوو.

بەڵام دەمەو ئێوارە نیشانەکانی سلویت (کە بۆ چاودێریکردنی جووڵەکانی حارس دانرابوو) ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد کە حارس هاتووەتەوە ئەو شوێنە

سەلامەتەی پێشتر لەسەری ڕێککەوتبوون. حارس لە هەوڵەکەیدا سەرکەوتوو بوو، شانەکەی داعش پێشوازییان لە ئەبو سوهەیب کردبوو، بۆیەش دەبووایە زوو بگەڕێتەوە بۆ تارمیە و لەوێ لەگەڵ داعشەکاندا بژی کە ڕۆژانی یەکەمی تەنیا ڕاهێنانی ئایینی و مەشقکردن لەسەر بۆمب و تەقاندنەوە بوو.

دوای چەند هەفتەیەک بەرپرسێکی داعش لە مووسڵەوە پەیوەندی کرد و ئەبو سوهەیبی وەکو ئەندامێکی سەرەکی لە تیمی لۆجیستیکی هێرشی خۆکوژی لە بەغدا دانا. داعشەکان ئەویان بە خەڵکی بەغدا دەزانی، بۆیەش پێیانوابوو دەتوانێ لە تێپەڕکردنی بۆمب و خۆکوژەکان بۆ ناو بەغدا ڕۆڵی گەورەی هەبێ. وەک لە ڕاپۆرتەکەی (نیویۆرک تایمز)دا هاتووە، ئەبو سوهەیب هەفتانە لە مووسڵەوە پەیوەندی بۆ دەهات و دەبووایە چاوی بەو خۆکوژانە بکەوێ کە لە ناوچەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی

داعشەوە دەگەیشتنە تارمیە، یان ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو بگوازێتەوە شوێنی مەبەست.

حارس دەبووایە دەمودەست یەکەی سقوور ئاگادار بکاتەوە، تاوەکو پێش گەیشتنی ئۆتۆمبێلە بۆمبڕێژکراوەکە بە بەغدا، ڕێگەی لێبگرن. دەبووایە ئۆتۆمبێلێک بەردەوام بەدوای بارهەڵگرەکەی نەقیب حارسەوە بێت، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی کۆمەڵێک کەرەستەوە ڕێگە لە گەیشتنی شەپۆلەکانی تەقاندنەوەی بۆمبەکە بگرێ. زۆربەی بۆمبەکان بە جۆرێک دروستکرابوون کە لە دوورەوە بەهۆی مۆبایلەوە دەتەقێنرانەوە.

تیمی سقوور دەبووایە بە ئاماژەی دەست یان لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە ئۆتۆمبێلەکەی حارس بەرەو شوێنێک ئاراستە بکەن کە تێیدا بۆمبەکە پووچەڵ بکەنەوە، ئەگەریش خۆکوژی پێبووایە لە نزیک بارگەکان قەناعەتی پێدەهێنا لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزێ،


نەقیب حارس لە گەشتێکیدا بۆ لوبنان

دواتریش هێزە ئەمنییەکان دەستگیریان دەکرد یان دەیانکوشت.

قۆناغی دواتر دروستکردنی تەقینەوەی نمایشی و بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختە لەبارەی تەقینەوەکە و ژمارەی زۆری قوربانیان بوو، بۆ ئەوەی دەستی نەقیب حارس ئاشکرا نەبێ.

سیخوڕی لەناو مەترسیدارترین گروپی جیهادیدا کاریگەریی خراپی لەسەر جەستەی نەقیب حارس دانابوو، هەموو کات گلەیی ئەوەی دەکرد کە سینەی ژان دەکات و هۆکارەکەشی بۆ دڵەڕاوکێی بەردەوام دەگەڕاندەوە. مەناف بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکە دەڵێ "بیهێنە بەرچاوی خۆت شوفێری بارهەڵگرێک بیت کە 300 کیلۆگرام تەقینەوەی تێدایە. بێگومان بەردەوام بیر لەوە دەکەیتەوە کە ئێستا نا ئێستا دەمریت. ئەمە وەزعی هەمیشەیی ژیانی ئەو بوو".

کارەکەی وەهای دەخواست بۆ ماوەی زۆر

لە ماڵەوە دووربێت، بێ ئەوەی بتوانێ هیچ ڕوونکردنەوەیەک بە ڕەغد چەلوبی هاوژینی بدات، چونکە تەنیا باوکی و مەنافی برای دەیانزانی حارس خەریکی چ کارێکی مەترسیدارە. ڕەغد لەمبارەیەوە دەڵێ: "بەداخەوە پێی نەگوتم (خەریکی چییە)، وابزانم دەیزانی نیگەران دەبم ئەگەر بەڕاستییەکان بزانم. بڕوا ناکەم هیچ کەسێک هەبێ حەز بکات منداڵەکەی بەبێ باوک گەورە بێ".

### گومان و درۆکان

هەرچی ماوەی کارکردنی نهێنی حارس لەناو داعشەکان درێژتر دەبووەوە، مەترسییەکانی سەر ژیانیشی زیاتر دەبوون. بەڵام ئەو بڕیاری دا لەگەڵ سقوور بەردەوام بێت کە بە یەکێک لە چالاکترین ئاژانسەکانی دژەتیرۆری عێراق لەقەڵەم دەدرێ و لە چوار ساڵی شەڕی داعشدا لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕەکەدا کاری هەواڵگرییان کردووە. ژەنەراڵ سەعد ئەلفالیح ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە نەقیب بۆ یەکەمجار ئامانجێکی لە ژیانی خۆیدا دۆزیبووەوە، ژەنەراڵ سەعد دەڵێ "سەردەمێکی زێڕین بوو بۆ ئێمە و بۆ ئەویش".

لە کۆتاییەکانی 2015ەوە داعش بەرەبەرە ناوچەی لەدەست دەدا، لە ناوەڕاستی 2016وە خەلافەتەکەیان ڕووی لە شکست نا، لەو سەروبەندەدا داعش دەیویست بە هێرشی تیرۆریستی شکستەکانی مەیدانی شەڕ داپۆشێ، هەر ئەمەش ئەرکی ئەبوو سوهەیبی قورستر کردبوو. ئەو دەبووایە بەناو گەڕەک و قاوەخانەکانی بەغدادا بسووڕێتەوە و

شوێنی گونجاو بۆ تەقینەوە دەستنیشانبکات.

لە یەکێک لەو جەولانەدا بەدزییەوە سەردانی ماڵەوەی کرد، لەو کاتەدا فەرماندەیەکی داعش تەلەفۆنی بۆ کردبوو بۆ ئەوەی شوێنی خۆی ئاشکرا بکات. نەقیب بەناچار درۆی کرد و گوتی لە گەڕەکی مەبەستە. فەرماندەکە لە جی پی ئێسی مۆبایلەکەیەوە زانی درۆ دەکات و هۆشداری پێدا. مەناف داوای لێکرد واز لەو کارە بهێنێ، بەڵام ئامۆژگارییەکە بە گوێی نەقیبدا نەچوو.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (تایمز)، لە ڕۆژی 31ی کانوونی یەکەمی 2016 فەرماندەیەکی داعش لە مووسڵەوە تەلەفۆنی بۆ کرد و پێیڕاگەیاند کە بۆ هێرشێکی گەورە لە هەمان ڕۆژ دەستنیشانکراوە. ئەو هێرشە بەشێک بووە لە زنجیرەیەک هێرش کە بڕیاربوو داعش لە شارە جیاجیاکانی جیهاندا بیکات. نەقیب حارس بارهەڵگرێکی کیای لە گەڕەکی

ئەلخەزرا لە ڕۆژهەڵاتی بەغدا هەڵگرت، وەکو هەمیشە یەکسەر یەکەی سقووری لە پلانەکە ئاگادار کردەوە.

### ئاشکرابوون

نەقیب بارهەڵگرەکەی بەرەو شوێنی مەبەستی سقوور برد، بەڵام لەو کاتەدا لە مووسڵەوە تەلەفۆنی بۆ هات و داوای ئاشکراکردنی شوێنەکەی لێکرد، حارس گوتی بەڕێوەیە بەرەو شوێنی مەبەست، داعشەکە یەکسەر بەدرۆی خستەوە، بۆ بیانوویەکی

> **حارس هەستی بەوە کردبوو کە داعش گومانیان لێ پەیدا کردووە**
> برایەکی حارس

مەعقوول دەگەڕا و لە ناکاو گوتی ناچار بووە لە شوێنێک پێچبکاتەوە.

حارس ترسی لێ نیشت، بۆیە دەمودەست تەلەفۆنی بۆ هاوکارەکانی لە سقوور کرد و داوای کرد شوێنی دیدارەکەیان بۆ شوێنێکی زۆر نزیکتر لە شوێنی مەبەست (واتە ئامانجەکەی داعش) بگۆڕن، پاشان جارێکی دیکە ڕێگەی گەڕەکی بەغدای نوێی گرتەوە بەر، مەنافی برای بە دەست بەرەو شوێنە نوێیەکەی کۆبوونەوە ڕێنوێنی دەکرد. لەوێ هەشت کەس لە تیمی سقوور بۆمبەکەیان پووچەڵکردەوە و مادە کیمیاوییەکەیان لە هەیکەلی بارهەڵگرەکە دەرکرد. دوای چەند خولەکێک نەقیب جارێکی دیکە بەرەو ئەو بازاڕە کەوتەڕێ کە داعش وەکو ئامانجی تەقینەوەکە دایناب‌وو.

کەمێک بەر لە نیوەشەوی هەمان ڕۆژ میدیا عەرەبییەکانی عێراق هەواڵی تەقینەوەی بارهەڵگرێکی سپی لە دەرەوەی سینەما بەیدای لە گەڕەکی بەغدای نوێیان بڵاوکردەوە.

بەپێی هەواڵەکان تەقینەوەکە هیچ کوژراوێکی نەبوو، بەڵام حارس ئۆپەراسیۆنەکەی لە هەردوو سەرەوە بە سەرکەوتوو دەزانی، بێخەبەر لەوەی داعش دوو مایکرۆفۆنیان لەناو بارهەڵگرەکەدا داناوە و گوێیان لە هەموو قسەکانی نێوان حارس و سقوور بووە. ژەنەراڵ سەعد بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکە دەڵێ "هەستی بەوە کردبوو کە گومانی لەسەرە، بەڵام نەماندەزانی گومانەکە چەندەیە".

### کۆتایی نەقیب

لەسەرەتای کانوونی دووەمی 2017، داعش هێرشێکی دیکەیان بە نەقیب سپارد. حارس نەدەیزانی ئەمە دوایین کاری ئەو دەبێ. لە کاری ئەمجارەیدا ڕەوانەی خانوویەکی گوندی لە دەرەوەی تارمیە کرا. شوێنەکە زۆر لەوە دوورەدەستتر بوو چاودێری بکرێ و ڕێگەی ڕاکردنی ئاسانیشی نەبوو، ئامانج و تەکتیکی هێرشەکەش جیاواز بوو.

مەناف هەوڵیدابوو پەشیمانی بکاتەوە، بەڵام حارس بڕیاری خۆی دابوو. لە ڕۆژی 17ی کانوونی دووەمدا حارس چووبووە ناو خانووەکەوە، ژەنەراڵ سەعد ئاگادار کرابووەوە کە ڕووداوەکان نامۆن. مەناف تەلەفۆنی بۆ باوکی کردبوو و ئەویش بەو هەواڵە ڕووخابوو. مەناف بە (نیویۆرک تایمز) دەڵێ: "هیچکات باوکمم نەبینیبوو بگری، دەپاڕایەوە شتێک بۆ براکەم بکەم، بەڵام هیچم لە دەست نەدەهات"، چونکە شوێنەکە بەدەست داعشەوە بوو، ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنیش سێ ڕۆژی خایاند و دوای پاککردنەوەی ناوچەکە و گرتنی خانووەکە هیچ ئاسەوارێکی حارسیان بەدی نەکرد.

یەکەی سقوور شەش مانگ بەڵگەیان لەسەر شوێنی نەقیب کۆکردەوە، زانیاریدەرەکان باسیان لەوە کردبوو کە داعش بردوویانەتە شارۆچکەی قائیم لە ڕۆژئاوای عێراق کە ئەوکات بە دەست داعشەوە بوو. لە مانگی ئابی هەمان ساڵ داعش گرتەیەکی ڤیدیۆیی کوشتنی کۆمەڵێک بەندکراویان بە چاوی داپۆشراوەوە بڵاوکردەوە. فەرماندەکانی سقوور دڵنیابوون حارس یەکێک لە کوژراوەکانە و مەنافیش دەڵێ: "من و ئەو پێکەوە گەورە بووین، لە یەک ژوور دەخەوتین، بە چاوی نوقاوەوە دەموچاوی برای خۆم دەناسمەوە".

شارۆچکەی قائیم لە مانگی تشرینی دووەمی 2017 لە چنگ چەکدارانی داعش دەرکرا، بەڵام هێزەکانی سقوور نەیانتوانی تەرمی نەقیب بدۆزنەوە. ئێستا پۆستەرێکی گەورەی نەقیب حارس لە دیواری ماڵەوەیان دراوە، مونزر وێنەی ڕووخساری براکەی لەسەر سینەی کردووە بە تاتۆ. بەو حاڵەشەوە خێزانی ئەلسوودانی تاوەکو ئێستا بەڵگەنامەی مردنی کوڕەکەیان نییە، چونکە تەرمەکەی نەدۆزراوەتەوە، بۆیەش لە ئیمتیازاتی ئەو خێزانانە بێبەشن کە کەسوکاریان لە شەڕدا کوژراوە.

باوکی نەقیب دەڵێ: "دڵم بریندارە. ئەو بۆ ئەم وڵاتە ژیا و بۆ ئەم وڵاتە گیانی دا. گەلی عێراق دەبێ ڕێزی لێبگرن، وەکو چۆن ئێمە ڕێزی لێدەگرین".

## د.هەڤاڵ ئەبوبەکر، پارێزگاری سلێمانی بۆ (ڕووداو):

# هەفتەی داهاتوو عێراق و تورکیا لەبارەی فڕۆکەخانەی سلێمانی کۆدەبنەوە



پارێزگاری سلێمانی ئۆفیسەکەی بەشێوەیەک گۆڕیوە، کاتێک دەچیتە لای وەک ئەوەیە سەردانی مۆزەخانەت کردبێ. بەڕە و فەرشی ڕاخستوون و دیوارەکانی بە تابلۆی کوردەواری داپۆشیون. دوای کێشمەکێشێکی زۆر لە نێوان گۆڕان و یەکێتی لەلایەک، واژۆی سەرۆکی هەرێم بۆ دەستبەکاربوونی لەلایەکی دیکە، دواجار هەڤاڵ ئەبوبەکر پۆستی پارێزگاری سلێمانی وەرگرت. لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو)، پارێزگاری سلێمانی باسی کاراکردنەوەی پرۆژەکانی شارەکەی دەکات.

هەڤپەیڤین: نەوزاد مەحموود
ڕووداو - سلێمانی

**ڕووداو: ئاکامی دوایین سەردانتان بۆ بەغدا، لەبارەی هەڵگرتنی گەمارۆی تورکیا لەسەر فڕۆکەخانەی سلێمانی بە چی گەیشت؟**

**هەڤاڵ ئەبوبەکر:** هەوڵەکانی ئێمە بۆ ئەوەبوو تورکیا ئاسمانی خۆی بەڕووی گەشتەکانی فڕۆکەخانەی سلێمانیدا بکاتەوە. ئێمە لەگەڵ دەسەڵاتی فڕۆکەوانیی عێراقی کۆبووینەوە، باسی ئەوەمان کرد کە ئەوە پرسێکی سیادییە و پەیوەندی

> **بەهۆی جۆری کێشەکانە کە ئێمە زۆرتر لە بەغدا دەبینرێین**

بە سەروەریی عێراقەوە هەیە، بەپێی دەستوور دەبێ ئەوان لەگەڵ تورکیا لەسەر هێڵ بن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە.

**ڕووداو: تەنیا بەڵێنیان دا؟**

**هەڤاڵ ئەبوبەکر:** نووسراوی فەرمییان نارد بۆ دەسەڵاتی فڕۆکەوانیی تورکیا لەڕێگای وەزارەتی دەرەوە و گواستنەوەی عێراقەوە، لە هەفتەی داهاتوودا کۆبوونەوەیەکی دووقۆڵی لە نێوان دەسەڵاتی فڕۆکەوانیی تورکیا و عێراق ڕێکدەخرێ و کۆبوونەوەکە یان لە ئەستەنبوڵ دەبێ یان لە بەغدا، بۆ ئەوەی ئەو دۆسیە یەکلا بکەنەوە. ئێمە پێشنیازمان کرد بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی بەشداریی کۆبوونەوەکە بکات، بۆ ئەوەی هەر پرسیارێکیان هەبێ خۆی بە ڕوونی وەڵام بداتەوە. هەروەها لەڕێگای بەڕێز وەزیری کۆچ و کۆچبەرانەوە نووسراوی فەرمیی پارێزگامان ناردووە بۆ ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق بۆ ئەوەی لە کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجوومەندا پرسی گەمارۆی تورکیا لەسەر فڕۆکەخانەی سلێمانی باس بکرێ.

**ڕووداو: چەند جارێکی دیکە چوونە بەغدا، بۆچی وادەردەکەوێ ئێوە وەک پارێزگاری سلێمانی پەیوەندییەکی خۆشتر و باشترتان لەگەڵ بەغدا هەیە بەراورد بە پارێزگارەکانی هەولێر و دهۆک؟**

**هەڤاڵ ئەبوبەکر:** پەیوەندییەکانمان پەیوەندی حکومین و هیچ جارێک بەبێ ئاگاداری سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و وەزیری ناوخۆ نەچوومەتە بەغدا. لەگەڵ عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەرەوە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش، پەیوەندییەکانمان یاسایی و فەرمی و ڕێکخراو و بەهێزن. لەگەڵ ڕێکخراوە ناوخۆییەکان و کەرتی تایبەت و وەبەرهێنەرانیش پەیوەندیمان بەهێزە.

ئێمە لە سلێمانی 528 کیلۆمەتر سنوورمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران هەیە، سنوورەکانی دیکەشمان لەگەڵ حکومەتی ناوەند و ناوچە کوردستانییەکانی وەک جەلەولا و سەعدییە کە بە بەغداوە هاوسنووری کردووین، بۆیە زۆر جار لەجیاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو ڕۆڵەمان بینیوە و لەگەڵ بەغدا هەرچی ئەرک هەبووبێت جێبەجێمان کردووە.

**ڕووداو: گوتت حکومەت کاراسانی زۆرتری بۆ هەولێر و دهۆک کردووە؟**

**هەڤاڵ ئەبوبەکر:** حکومەت بۆ هەموو کوردستان ئیش دەکات، بەڵام هەندێک دۆسیە خۆمان کاری تێدا دەکەین. وەک دۆسیەی فڕۆکەخانەی سلێمانی. هەروەها بۆ پرسی سووتەمەنی. وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لە ساڵی 2014وە ئەو دەسەڵاتەی داوە بە هەموو پارێزگارەکان لای خۆیانەوە بەشێوەی لامەرکەزی کێشەی سووتەمەنی چارەسەر بکەن. بۆیە هەر یەکە و بەڕێگایەک و میتۆدێک خەریکی چارەسەرکردنی کێشەی سووتەمەنی بووین. واتە بەهۆی جۆری کێشەکانە کە ئێمە زۆرتر لە بەغدا دەبینرێین.

**ڕووداو: ئێستا لە سلێمانی پرۆژەکان بە جووڵە کەوتوون، لەو ڕۆژانە گوتت نێچیرڤان بارزانی ڕەزامەندی لەسەر خەرجکردنی پارەی چەند پرۆژەیەک دەربڕیوە بۆ سلێمانی، پرۆژەکان چۆن دەستیان پێکردووە؟**

**هەڤاڵ ئەبوبەکر:** کە دەستمان پێکرد، زۆر مەبەستمان بوو بارودۆخێک بخولقێنین سەرمایەگوزاری لە پارێزگای سلێمانی بکەین و بەڵێندەرەکان و وەبەرهێنەکان دەست بە کار بکەنەوە. سوپاس بۆ خوا سەریگرت و ئێمە لێرە حکومەتداری و دەوڵەتداریی دەکەین نەک حکومەت

> **بەبێ ئاگاداری سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی نەچوومەتە بەغدا**

بۆ قازانجی لایەنێکی سیاسی بەگەڕبخەین. ڕۆژی 23ی تەمموز لەگەڵ بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت دانیشتین و زۆربەی کێشە ئەمنی و ئیدارییەکانی سلێمانیمان چارەسەر کرد.

**ڕووداو: مەبەستت چییە لە کێشەی ئەمنی؟**

**هەڤاڵ ئەبوبەکر:** مەبەستم ئەو دۆخە تاڵە بوو کە بەهۆی ململانێی سیاسییەوە دروست بووبوو. خوانەکردە ترسی پێکدادان و بەریەککەوتن و بەدگومانی لایەنەکان، بەڵام ئەو ترسانەمان ڕەواندەوە. هەروەها ئەو پۆستانەی کە مافی گۆڕان و لە ڕێککەوتنی نێوان گۆڕان و یەکێتیدا هەن، بەڵێن درا پڕبکرێنەوە و لەڕێگای حکومەتی خۆجێییەوە کێشەکان تێپەڕێنین.

**ڕووداو: چەند پۆستن؟**

**هەڤاڵ ئەبوبەکر:** 33 پۆست بوون.

**ڕووداو: گۆڕان پێشتر گوتی نزیکەی 100 پۆست هەن لە پارێزگای سلێمانی و گەرمیان و ڕاپەڕین و هەڵەبجە کە مافی گۆڕانن و هێشتا نەدراون؟**

**هەڤاڵ ئەبوبەکر:** بەڵێ هەموو ئەو پۆستانە

> **قوباد تاڵەبانی بەڵێنی دا گۆڕان پۆستەکانی خۆی پڕبکاتەوە**

بەپشتیوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پڕدەکرێنەوە. هەر لەو دانیشتنەدا باسی زۆر شتی دیکەمان کرد و ئەوە بەشێکی قسەکانمان بوو. باسی ئەوەمان کرد کە پرۆژەکان لە سلێمانی کارا بکرێنەوە و ڕێگایەکی زۆر ستراتیژیمان هەیە لە شارباژێر، ئەو ڕێگایە تەواو دەکرێ و ژمارەیەک گوندی زۆر بەیەکەوە دەبەستێتەوە و دەیانبووژێنێتەوە. هەروەها ڕێگای دەربەندیخان دروستدەکرێ کە لەڕووی گەشتوگوزارەوە زۆر گرنگن. پرۆژەیەکی دیکەمان لە قەرەداغ و ڕێگاکانی قەرەداخە و پرۆژەیەکی دیکەمان لە دەربەندیخانە. چەند پرۆژەیەکی دیکەمان لە چەمچەماڵ دەستپێکردووەتەوە. لەناو شاری سلێمانی دەستمان بە قیرتاوکردنی ڕێگاوبانەکان کردووە و هەروەها پرۆژەی شوقەکانی سیتەک و زرگوێزمان هەیە. پرۆژەی 700 یەکەی نیشتەجێبوون لە قەزا و ناحیەکان، کە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری داوە مانگانە یەک ملیار دینار بۆ تەواوکردنیان خەرج بکات. سەرەتای ئەم مانگە لە هەولێر لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی حکومەت کۆبووینەوە و باسی زۆر شتمان کرد. کۆبوونەوەکە پشتیوانی بوو بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت، نزیکەی 2 ملیار دینار بۆ کارەبای سلێمانی دانراوە و زیاتر لە 4 ملیاریش بۆ نۆژەنکردنەوەی پرۆژەی ئاوی دووکان و دەربەندیخان دانراوە. پێداویستی لۆجستی و ئیداریی قەزا و ناحیەکان هەرچی بێت بۆیان تەواو دەکەین. هەروەها جەختکراپەوە لەسەر تەواوکردنی چەند پرۆژەیەک لە سەرگەڵو و چەند پرۆژەیەک لە ناحیەکانی دیکە و ناو شاری سلێمانی. پارەی پێویست بۆ پەرەپێدانی پارکی هەواری شار و پارکی ئازادی و بۆ زیاتر سەوزکردنی سلێمانی تەرخان دەکرێ. تاپۆکردنی زەوی مامۆستایانی زانکۆ و دوای کۆتاییهاتنی ڕێوشوێنەکانی، 700 پارچە زەوی بەسەر مامۆستایانی زانکۆ دابەش دەکرێ.

**ڕووداو: سلێمانی پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ ئێران هەیە و ئەمریکاش ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ ئێران قەدەغە کردووە، ئەگەر ئەو داوایە لە ئێوە بکرێ، مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ ئێران دەوەستێنن؟**

**هەڤاڵ ئەبوبەکر:** بە حوکمی ئەو پێوەرەی کە پێیدەگوترێ دراوسێیەتی باش، لەماوەی ڕابردوو کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەموو کارەساتەکاندا بەدەممانەوە بوون و سنوورەکانی کراوە بوون. 528 کیلۆمەتر سنوورمان لەگەڵیان هەیە. پەیوەندییەکان خزمەتگوزاری و کۆمەڵایەتی و بازرگانین و دەرفەتی کار و کۆڵبەر و مەرز هەن و بۆ هەردوولا سوودی زۆر باشی هەبووە. ئەگەر بڕیار هەبێ بۆ داخستنی مەرزەکان و ئەگەر ئەو وڵاتانەش ئەو بڕیارە بدەن، بەدڵنیاییەوە دەڵێم لەبەر ئەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوور بەیەکەوە بەستراونەتەوە و ژن و ژنخوازی هەیە و تێکەڵاوی هەیە و سنوور و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان سنووریان بۆ دروستکردوون، ئەگەر ئەو بڕیارە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش بدرێ، لەسەر ئاستە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکە ناتوانی جێبەجێی بکەی، چونکە ڕابردوو و ئێسک و زمان و فەرهەنگیان و خوێنیان تێکەڵ بووە و ناتوانی ڕێگری بکەی، بەڵام هەر بڕیارێک بدرێ، حکومەتی عێراق دەیدات و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەرچی بکات ئەوە دەکەین.

**ڕووداو: دەگوترێ لە دوو ساڵی ڕابردوودا وەبەرهێنی هەولێری هەبوون ویستوویانە بێنە سلێمانی و بەپارەی خۆیان پرۆژە بکەن، بەڵام ڕێگەیان پێنەدراوە؟**

**هەڤاڵ ئەبوبەکر:** هیچ ئۆفەرێکی وا نەخراوەتە

> **بڕیار دراوە پێشینەیەکی 50 ملیۆن دۆلاری بدرێتە بەڵێندەران**

بەردەستی ئێمە تاوەکو دراسەی بکەین. ئێمە لەسەر 3 بنەما دەستمان بە کار کردووە، حکومەتێکی باش بین بۆ خەڵک، بایەخ بە خزمەتگوزاری بدەین و سەرمایەگوزاری فەراهەم بکەین.

ئێمە دەرگامان بۆ وەبەرهێنی بیانی کردووەتەوە و دەمانەوێ کار بکەن، چجای وەبەرهێنی خۆمان بێت. من لە هەولێر لەگەڵ وەبەرهێنەران قسەم کرد و داوام کرد لە سلێمانی کاری وەبەرهێنان بکەن. بەڵێنی پشتیوانییان داوە، نەک هەر پرۆژەکانی وەبەرهێنان، بگرە ئامادەن لە دروستکردنی قوتابخانە و نەخۆشخانەشدا هاوکاریمان بکەن. تەنانەت لیستێک ناوی ئەو وەبەرهێنە بەڕێزانەی هەولێریشم لایە کە بەڵێنیان داوە پرۆژە بهێننە سلێمانی. کوردستان یەک پارچەیە، ئێمە لەسەر بنەمای ناوچەگەری کارناکەین.

**ڕووداو: بەڵام ژمارەیەک وەبەرهێنەری سلێمانیش هەن ئامادەنین پرۆژەکانی خۆیان تەواو بکەن، بۆ داوایان لێناکەیت دەستبەکار ببنەوە؟**

**هەڤاڵ ئەبوبەکر:** ئەوانەی وەبەرهێنەری نیشتمانین و بە پارەی خۆیان کاردەکەن، دەستیان پێکردووە. بەڵام هەشە وەبەرهێنی نیشتمانی نییە و بەپارەی خەڵک و حکومەت کاری کردووە، بەداخەوە لە ڕابردوودا بەشێکی زۆری وەبەرهێنان بەر ئەمانە کەوتووە و وەستاندوویانە. لەم چەند ڕۆژە نەخۆشخانەیەکی تایبەتمان کردەوە، هەروەها بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی شۆڕش و شارمان کردەوە کە کەرتی تایبەت کردوویەتی. وەبەرهێنان پێویستی بە ئارامی هەیە و سوپاس بۆ خوا ئێمە لەشەڕی داعش ڕزگارمان بوو. دەبێ کەشی ئارام بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنەر دروستبکەین و من داوا لە هەموو لایەنە سیاسییەکانی پارێزگای سلێمانی دەکەم، ئارامی پارێزگاکە بپارێزن و ململانێ سیاسییەکانیان بەجۆرێک بێت، لە چوار ساڵی داهاتوودا، خەڵک بە تاسەوە بچن بۆ هەڵبژاردن. لە دوا کۆبوونەوەمان لەگەڵ ئەنجوومەنی باڵای نەوت و غاز، حکومەت بڕیاری داوە لەم مانگەوە پێشینەیەکی 50 ملیۆن دۆلاری بەسەر بەڵێندەراندا دابەش بکات و لەمەودواش مانگانە 10 ملیۆن دۆلار

> **بەڵێندەرانی هەولێر بەڵێنیان پێداوم پرۆژەکانیان بێننە سلێمانی**

بۆ بوژانەوەی ئەو سێکتەرە خەرج بکات.

**ڕووداو: پەیوەندیت لەگەڵ قوباد تاڵەبانی و نێچیرڤان بارزانی چۆنە؟**

**هەڤاڵ ئەبوبەکر:** ئێمە حکومەتداریی دەکەین. پەیوەندییەکانمان یاسا دیاریدەکات و پەیڕەوی ناوخۆی حیزب دیاریناکات. لەگەڵ ئەو دوو بەڕێزە بەڵێنمان داوە دەوڵەتداریی بکەین. لە دوای 16 ئۆکتۆبەرەوە وڵاتانی ئەورووپیش بڕیاریانداوە لە عێراق و هەرێمی کوردستان، پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ حکومەتەکان بکەن نەک حیزبەکان. بە حیزبەکانیشمان گوتووە ئێمە دەوڵەتداری بۆ کۆی خەڵک دەکەین نەک بۆ حیزبێکی دیاریکراو. ئەوانەی کێشە دروستدەکەن، هەوادار و کادر و بەرپرسی نێو حزبەکانن و ئێمەی نێو حکومەت نین.

**ڕووداو: نەوشیروان مستەفا پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات، هیچ ڕاسپاردەیەکی بۆ تۆ هەبوو، ئەگەر ببی بە پارێزگار جێبەجێی بکەی؟**

**هەڤاڵ ئەبوبەکر:** خوا ئەو دەرفەتەی بەمندا پێشتر هەموو ئەو شتانە بنووسم کە دەیویست و حەزیدەکرد حکومەت بیکات. کاک نەوشیروان هانی دەداین، حکومەتداریی بکەین و بە یەکسانی خزمەتی خەڵک بکەین و دەستی حیزب لە حکومەت دووربخەینەوە و بەیەک چاو سەیری هەمووان بکەین، ئەو بەو هەموو خەبات و قوربانیدانە کە نەخشەدارێژەری ڕاپەڕین بوو و زمانی زۆری دەزانی، ئامادەنەبوو ببێتە پارێزگاری سلێمانی، بەڵام شەڕی سەختی کرد بۆ ئەوەی ئێمە ببینە پارێزگاری سلێمانی.

ئەوەی زۆر گرنگ بوو بەلایەوە، دەیویست بایەخ بەڕێگاوبانەکان بدەین، دەیگوت ڕێگاوبانەکان وەک دەماری گواستنەوەی خوێن وان. هەروەها دەیگوت بایەخ بە گوندەکان بدەین و کشتوکاڵ پەرە پێبدەین. ئەو پێیوابوو نابێ تەنیا بیر لەوە بکەینەوە بەرهەمهێنانی کارەبا زیاد بکەین، بەڵکو دەبێ هوشیاریی بڵاوبکەینەوە کە خەڵک دەست بە کارەباوە بگرن. بە وردی باسی کەرتی تەندروستی دەکرد و دەیگوت دەبێ سلێمانی وا لێبکرێ ببێتە سەنتەری چارەسەر و خەڵک ڕووی تێبکەن،

> **لەگەڵ قوباد تاڵەبانی ترسی پێکدادانمان لە سلێمانی ڕەواندەوە**

ئێستا سلێمانی لەڕووی کەرتی تەندروستییەوە زۆر پێشکەوتووە. هەروەها ئەو بڕوای بەوە بوو کە دەبێ ئێمە حکومەت بەهێز بکەین و حکومەت لەگەڵ خەڵک ئاشت بکەینەوە. من بە ئەمانەتەوە دەڵێم کە لەو ماوەیەدا زۆر ئیشم لەسەر ئەوە کردووە.

**ڕووداو: تۆ ئێستا دەستکراوەیت؟**

**هەڤاڵ ئەبوبەکر:** ئیدارەدان بەردەوام مامەڵە لەگەڵ کێشە دەکات، لەگەڵ هەموو هەڕەشەیەک هەوڵدەدەین دەرفەت دروست بکەین. لەهەموو ململانێیەک خۆشەویستی بونیاد دەنێین. گرفتی بەردەوام هەیە، بەڵام هەوڵدەدەین چارەسەریان بکەین.

**ڕووداو: بەڵام هەموو کێشەیەک بە تۆ چارەسەر نابێ، خۆت باش تێدەگەی کاتێک یەکێتی و گۆڕان نێوانیان گرژ بێت گوێ لە تۆ ناگرن؟**

**هەڤاڵ ئەبوبەکر:** کێشەکان ل ەمن گەورەتر نین و ئێمەش بە قەبارەی خۆمان دەچینە ناو کێشەکانەوە. لەدوای ئەوەی لە ئەنجوومەنی پارێزگا دەنگم پێدراوە، پشتیوانی ئەنجوومەن و حکومەتیشم هەیە و لەوەدا توانیومانە سەرکەوتوو بین. ئەو هەموو ناکۆکییەت بینی لە سلێمانی، بەڵام بەریەککەوتن و کوشتن و لێدان لە ڕۆژنامەنووس و خۆپیشاندەر نەبوو. دەرفەتی هاوسەنگمان بۆ هەموویان دروستکردووە. لەوانەیە حیزبەکان گرفتیان هەبێ لەگەڵ یەکدی، بەڵام نەمانهێشتووە تێکەڵ بە کاری حکومەت ببێ.

**ڕووداو: هەڵبژاردن بەڕێوەیە، چیتانکردووە بۆ ئەوەی ئارامی سلێمانی بپارێزن؟**

**هەڤاڵ ئەبوبەکر:** ڕامانگەیاندووە ماڵ و موڵکی حکومی و مرۆیی بەکارناهێندرێ بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن و دەرفەتی یەکسان بە هەموو لایەنەکان دەدەین و داوایان لێدەکەین بە ئارامی و مەدەنیانە کار بکەن و لەگەڵ کۆمسیۆن و شارەوانی و لیژنەی ئەمنی قسەمانکردووە و دەبێ پرۆسەکە سەرکەوتووبێ، نەک ئەوەی چ لایەک سەرکەوتوو دەبێ. سەرکەوتن ئەوەیە نەهێڵین جارێکی دیکە ساختەکاریی هەبێ و خەڵک متمانەی بەهەڵبژاردن نەمێنێ و شەڕ و بەریەککەوتن ڕووبدات.

**ڕووداو: ئەگەر هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان نەکرا، لە مانگی 12 پارێزگارەکان چیان بەسەردێ؟**

**هەڤاڵ ئەبوبەکر:** پارێزگارەکان کێشەیان نییە. یاساکە دیاریکردووە کە پارێزگار بەردەوام دەبێ تاوەکو ئەنجوومەنێک هەڵدەبژێردرێ و ڕاگەیێندراوێک دەردەکات بۆ دەستەبەکاربوونی ئەنجوومەنەکە و دواتر پارێزگار دیاریدەکرێ، ئەوکات ئێمەش دەستاودەستی دەسەڵاتی لەگەڵ دەکەین.

> **لەمەودوا مانگانە 10 ملیۆن دۆلار بۆ بەڵێندەران خەرج دەکرێ**

بەڵام بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەن، دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران ئەو بڕیارە بدات کەی هەڵبژاردن دەکرێ. ئەو پرسیارە پێویستە لە ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمان بکرێ. خۆزگە لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکرا.



### ساڵح موتڵەگ، سەرۆکی بەرەی عێراقی بۆ دیالۆگی نیشتیمانی بۆ (ڕووداو):

# نامانەوێ حەرەس سەوری ئێرانی هەبێت لە عێراق

**هێشتا یەکلانەبووەتەوە لە پێکهێنانی حکومەتی داهاتوودا کام پۆستیان بەردەکەوێ، بەڵام لیستە براوەکانی سوننە، زیاتر لە پێنج بەربژێریان بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دیاری کردووە. ساڵح موتڵەگ، سەرۆکی بەرەی عێراقی بۆ دیالۆگی نیشتیمانی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق دەکات و دەڵێت لە عێراق کەسێک نادۆزینەوە بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی عێراق گونجاو بێ. موتڵەگ کە سەرکردەیەکی سوننیە و لە فەللوجە لەدایکبووە، هۆشداری دەدات لە مانەوەی حەشدی شەعبی لە شارە سوننەکان و دەڵێت مانەوەیان دەبێتە هۆی سەرهەڵدانەوەی داعش لە فۆڕمێکی دیکەدا.**


هەڤپەیڤین: هیوا جەمال
ڕووداو - بەغدا


**ڕووداو: ئالیەت و مەرجەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران لای سوننە چین؟**

**ساڵح موتڵەگ:** سوننە تا ئێستا بڕیاریان نەداوە کێ سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانە، ژمارەیەک بەربژێر هەن وەک ئەوەی لای ئێوەش لە کوردستان هەیە بۆ سەرۆکایەتی کۆمار و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نوێنەران. ئێمە تا ئێستا نازانین، چونکە برایانمان لە کوردستان سوورن لەسەر پۆستی سەرۆک کۆمار یان سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانیان دەوێ؟ لەبەرئەوە کاتێک لێکتێگەیشتنێکی لەو جۆرە دەبێت، ژمارەیەک بەربژێری براوەی هەڵبژاردنەکان هەن بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە.

**ڕووداو: دیارترین بەربژێری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران کێیە؟**

**ساڵح موتڵەگ:** براممان محەممەد حەربوشی بەربژێرە، هەروەها محەممەد تەمیمی بەربژێرە، تەڵاڵ زوبەعی بەربژێرە، ئوسامە نوجێفی بەربژێرە، زیاتر لە چوار تا پێنج بەربژێر هەن بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران، بەڵام ئەم بابەتە دەکەوێتە ژێر پرسیاری ئەوەوە کە چیمان دەوێت لە سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران یان سەرۆک کۆمار؟ ئێمە لەم قۆناغەدا سەرۆکێکی پەرلەمانی بەهێزمان دەوێت لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتییەکانی و بە هەمان ئەو رادەیە موناوەرەچی نەبێت وەک ئەوەی لە سەرۆکایەتییەکانی پێشوودا بینیمان. سەرۆکێکی ئەنجوومەنی نوێنەران یان کۆماری توندمان دەوێت لە بڕیارەکانیدا، بەهێز بێت لە بەرگریکردن لە خۆی و لە خەڵکیش، ئەمە پێویستە چونکە ئەنجوومەنی نوێنەران، نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتەکانی عێراق دەکات.

**ڕووداو: ئەوانە مەرجی ئێوەیە وەک بەرەی عێراقی بۆ دیالۆگی نیشتمانی؟ ئەی ئالیەتێکی جێگیر هەیە کە بڵێ کێ ئەم مەرجانەی تێدابوو دەتوانێ ببێتە سەرۆکی پەرلەمان؟**

**ساڵح موتڵەگ:** تەماشاکە، پارتە سوننەکان لە پارتێک زیاتریان هەبوو بۆ هەڵبژاردن، براوەکانیش زیاتر لە دانەیەک بوون بە قەبارەی جیاوازەوە. بەرپرسانی ئەم پارتانە کۆدەبنەوە، بڕیار دەدەن لەسەر ئەوەی کێ باشترینە بۆ وەرگرتنی ئەو بەرپرسیارێتییە و تایبەتمەندییەکانی هەریەک لەو پۆستانەی تێدایە، ئەمە بۆ وەزارەتەکانیش راستە، بۆ سەرۆککۆمار و سەرۆکی پەرلەمانیش، دووەم ئێمەش پێمان باش نییە سەرۆککۆمار یان سەرۆکی پەرلەمان یان سەرۆکوەزیران لەلایەن یەک کوتلەوە دەستنیشان بکرێت، کۆدەنگی هەموو پێکهاتەکان هەبێت لەسەرئەوەی کێ سەرۆککۆمارە، کێ سەرۆکی پەرلەمانە و کێش سەرۆکوەزیرانە.

**ڕووداو: بۆچی بەتایبەتی لەم کاتانەدا سوننە تۆمەتبار دەکرێن بەوەی بەشبەش بوون و ناتوانن یەککرتوو بن؟**

**ساڵح موتڵەگ:** تۆ دەزانی کە ئەم پێکهاتەیە رووبەڕووی گوشارێکی زۆر گەورە بووەتەوە لە 2003وە تاوەکو ئێستا، لە رووی سیاسی و لە رووی بەرگەگرتنی جیاکاری و زوڵم، لەبەرئەوە هەندێک هەن دەتوانن بەرگەی زوڵم بگرن و لە بەرامبەریدا بوەستنەوە، هەندێکیش هەن دەیانەوێ لەگەڵ بابەتەکەدا لەبەر بەرژەوەندیی خۆیان یان حیزبەکەیان بگونجێن، هەروەها بەڕاشکاوی بڵێم دەستتێوەردانی هەرێمیش هەیە لەسەر هەموو پێکهاتەکان، بەتایبەت پێکهاتەی سوننە. پێشتر دەستتێوەردانەکان لەسەر پێکهاتەی شیعی زیاتر بوو، ئێستا دەستتێوەردان لەناو پێکهاتەی سوننەدا هەیە، چونکە دۆخی سوننەکان لەرزۆکە. کۆمەڵگایەکە زۆرینەی بەربژێرە سیاسییەکانی رەتدەکاتەوە و لە بنەمادا کۆی پرۆسە سیاسییەکە رەتدەکاتەوە. رێژەی بەشداریش لە هەڵبژاردنەکاندا باشترین بەڵگەی ئەوەیە، لەبەرئەوە من ئەو دابەشبوونە بە ئاسایی دەبینم، بەڵام بەبڕوای من بەخێرایی بڕیار لەسەر ئەو بابەتە دەدەن و ئەگەر هەمووانیش نەبن، زۆرینەی زۆریان بڕیاری لێدەدەن.

**ڕووداو: مەرجی ئێوە چییە بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ؟**

**ساڵح موتڵەگ:** حکومەتێکمان دەوێت بە ڕێگایەکی جیاواز لە ڕێگای پێکهێنانی حکومەتەکانی پێشوو دروست بکرێت. حکومەتێکمان دەوێت وەزیرەکانی لەسەر بنەمای لێهاتوویی هەڵبژێرێت و وەزیرانێک بن بتوانن پشتگیری کارەکانیان بکەن بەڕێگایەکی دروست، هەروەها ئەو نەهامەتییانە هەڵبگرێت کە بەدرێژایی ماوەی پێشوو بەسەر گەلی عێراقدا هاتن. بەڵام ئەگەر حکومەت بەهەمان ڕێوشوێنەکانی پێشوو دروست بکرێت، من دڵنیام لەوەی ئەو حکومەتە تەمەنی کورت دەبێت، ئەنجامەکانیش کارەساتاوی دەبن بۆ هەمووان. لەوانەیە ئەو شەقامەی ئێستا دەکوڵێت کە دەکوڵێت و هێشتا بەرگێکی بەسەرەوە ماوە، ئەگەر ئەو بەرگەی لەسەر لابچێت، شتێک ڕوودەدات کەس نازانێ بۆ کوێ سەردەکێشێت. لەبەرئەوە ئێمە پێکهێنانی حکومەتێکمان دەوێت بەدڵی شەقامە هەڵچووەکەمان بێت، ئەمڕۆ نزیکەی 80%ی شەقامی عێراقی ناچێت بۆ هەڵبژاردن، ئەم شەقامە هەموو ئەوە رەتدەکاتەوە کە ئێستا ڕوودەدات، ئەگەر نەتوانین حکومەتێک پێشکەش بکەین کە ئاستی لە ئاستی ئەوانی پێشوو جیاواز بێت، ئەوکات پێموایە پرۆسەی سیاسیمان بەشێوەیەکی گشتی هیچ داهاتوویەکی نابێت.

**ڕووداو: کێ هۆکار بوو بۆ ئەوەی شەقامی عێراقی توورەبێت و بکوڵێت لە تووڕەییدا؟ ئەوەندە ناڕازی بێت؟**

**ساڵح موتڵەگ:** زۆرینەی بەشداربووانی پرۆسەی سیاسی هۆکاری ئەم بابەتەن، لەبەرئەوەی یەکەم: کۆمەڵگەیان بەسەر چەند پێکهاتەیەکدا دابەشکردووە. دوای ئەوەش هەر یەکێک دێت و وا پیشاندەدات کە بەرگری لە پێکهاتەکەی خۆی دەکات، بەڵام راستییەکەی بەرگری لە خۆی و حیزبەکەی دەکات. نوێنەرانی شیعە شیعەیان رازی نەکرد و نوێنەرانی سوننە سوننەیان رازی نەکرد، لەوانەیە نوێنەرانی کوردیش بەدڵی کورد نەبن، لەبەرئەوە ئەگەر ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لای سیاسییە عێراقییەکان نەگۆڕێت و کارنەکەن بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نیشتمانی کە توانای تێپەڕاندنی ئەم بیرکردنەوە تەسکەی هەبێت کە دەمارگیری بیری دینی و مەزهەبی و نەتەوەییە. من داهاتوویەکی باش بۆ عێراق نابینم و عێراق بەرەو نادیار هەنگاو دەنێت.

**ڕووداو: تاچەند لەگەڵ ئەو مەرجانەدان کە موقتەدا سەدر دایناوە بۆ دەستنیشانکردنی سەرۆکوەزیران؟**

**ساڵح موتڵەگ:** بێگومان من لەگەڵ هەموو ئەو مەرجانەدا نیم کە بەڕێز موقتەدا سەدر دایناوە، هەرچەندە ئێمە لەیەکیشەوە نزیکین، هەندێک تایبەتمەندی باشی داناوە بۆ ئەو کەسەی دەسەڵات دەگرێتە دەست، بەڵام هەندێک مەرجیش هەن نیمچە مەحاڵن. ئەو 40 مەرجی داناوە، ئەو 40 مەرجە زەحمەتە لە کەسێکدا بیدۆزیتەوە لە عێراقدا، ئێستا ئەگەر بچیت لە هەموو عێراقدا بگەڕێیت، ئەستەمە سیاسییەک بدۆزیتەوە ئەو تایبەتمەندییانەی تێدا بێت. لەوانەیە بتوانی لە دەرەوەی کەسە بەشدارەکانی پرۆسەی سیاسی کەسێک بدۆزیتەوە، بەڵام ئایا لایەنە سیاسییەکان بەم مەرجانە رازی دەبن، من پێموایە جێبەجێکردنی هەموو ئەو خاڵانە کارێکی نەکردە و نابابەتییە. من دڵنیام ئەو ئەم مەرجانەی بۆ ئەوە داناوە تا لە مێژوودا بڵێ من ئەو خاڵانەم دەستنیشانکرد و بەڵام جێبەجێ نەکران. لە ئەنجامدا بەڕێز موقتەدا سەدر و کەسانی دیکەش تەنازول دەکەن بۆ ئەوەی بگەنە ئەنجامێکی تەوافوقی لەپێناو گەیشتن بە پێکهێنانی حکومەت.

**ڕووداو: بەبڕوای ئێوە لە نێوان حەیدەر عەبادی، نوری مالیکی و هادی عامریدا کامیان شیاوترە بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران؟**

**ساڵح موتڵەگ:** لەو دەوڵەتەدا کە ئێمە ئومێدی بۆ دەخوازین، هیچ کامیان ئەو تایبەتمەندییانەی تێدا نییە بۆ ئەو پۆستە ببێت، ئەو پێداویستییانە دابین بکات کە دەمانەوێت، بەڵام لە ئەنجامدا یەکێک لەوان یان کەسێکی دیکە هەڵدەبژێرین. ئەو کەسە نموونەییەی ئێمە بیری لێدەکەینەوە بۆ سەرۆکوەزیران هێشتا نەهاتووە یان کاتی نەهاتووە، هێشتا پێویستیمان بە کاتی زیاترە بۆ ئەوەی عێراقییەکان وشیار ببنەوە و سەرۆکوەزیرانێک بهێنن کە ئەو تایبەتمەندییانەی تێدا بێت کە ئومێدی پێدەخوازین یان دەمانەوێت لە هەر سەرکردەیەکدا هەبێت. لەبەرئەوە سەرۆکوەزیرانی داهاتوو مەرجەعیەت دایناوە کە دەبێ کەسێکی یەکلاکەرەوە و بەهێز و نادوودڵ بێت. هەندێکیش لە دەرەوەی مەرجەعیەت داوا دەکەن کە سەربەخۆ بێت. پێموایە قورسە هەموو ئەو تایبەتمەندییان لە یەکێک لەو بەڕێزانەدا بدۆزیتەوە کە بەربژێرن بۆ ئەو پۆستە، بەڵام بەڕێز عەبادی شتێکی گرنگی کرد بۆ ناوچە سوننەکان، ئەویش ئەوەیە کە وایکرد ئەوان بتوانن لە دۆخی ئاسایشی ناوچەکانی خۆیاندا باشترین، بۆ نموونە ئەوە نەماوە وەک جاران شەوانە هەڵبکوتنە سەریان وەک ئەوەی پێشتر شەوان ڕوویدەدا و بەهەرەمەکیش، ترسیان لە داهاتووی ئاسایشیان نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاستی توانای حکوومی لە ماوەی ئەودا لاواز بوو و نەیتوانی ئەو دەستکەوتانە بەدەست بهێنێت کە خەڵک دەیویست. بەڕێز هادی عامری بەهۆی باکگراوندی حیزبی و ئاینییەوە وایکردووە کە زەحمەتە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی قبوڵی بکات. بێگومان ئێمە ئەمجارە دەمانەوێ عێراق کراوە بێت بەڕووی هەموو دونیادا، هەروەها پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و جیهانیشدا باش بێت. پێشمانوایە ئەگەر جیهان لەگەڵماندا نەوەستێت لەم قۆناخەدا، زۆر زەحمەتە عێراق بتوانێ خۆی راست بکاتەوە. ئەگەر پێمان خۆش بێت یان ناخۆش بێت، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هێشتا لە عێراقدا هەیە و کاریگەریی لەسەر لایەنی سیاسی هەیە. جا هەرچەندە ئێمە پێمان ناخۆش بێت کەس دەستبخاتە ناو کاروباری سیاسییمانەوە، بەڵام ئەوە ڕوودەدات و لەبەرئەوە پێویستە حکوومەتی داهاتوو لەگەڵ هەمووداندا پەیوەندی باشی هەبێت تا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی یارمەتیدەرمان بێت، نەک بەیەکجار لە هاوکاریکردنمان بکشێتەوە.

**ڕووداو: باسی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیت کرد، ئێستا دوایین بڕیاری ئەمریکا دژی ئێرانە کە سزای نوێی بەسەردا سەپاندووە و یەکێک لەو وڵاتانەش کە دەبێ بڕیارەکان جێبەجێ بکات عێراقە، بەبڕوای تۆ عێراق ئەو سزایانە جێبەجێدەکات؟**

**ساڵح موتڵەگ:** ئەگەر عێراق نەتوانێ خۆی لەگەڵ ئەم بڕیارانەدا بگونجێنێ بەرەوڕووی کێشەیەکی گەورە دەبێتەوە، بەرەوڕووی گوشارێکی زۆر زیاتر دەبێتەوە لەوەی کە ئێستا لەسەریەتی و بەوەش ناتوانێ بەرگەی گوشاری زیاتر لەو گوشارە بگرێت کە ئێستا لەسەریەتی، بۆیە پابەندبوون بەبڕیارە نێودەوڵەتییەکان و بڕیاری ئەو دەوڵەتانەی کە هاوکاری عێراق بوون لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا، من پێموایە زۆر پێویستە. ئێمە نامانەوێ ئابڵوقە بخرێتە سەر گەلی ئێرانی دراوسێمان، بەڵام هاوڕاین لەگەڵ ئەمریکادا لەسەرئەوەی کە نە ئێران و نەهیچ وڵاتێکی دیکە نابێ رێگە بەخۆی بدات نفوزی لە عێراقدا بگاتە ئەو رادەیە. راستە هەموو وڵاتانی دراوسێ و ئەوانی دراوسێش نین هەندێک بەرژەوەندییان لە عێراقدا هەیە، بەڵام بەو شێوەیە نا کە برا ئێرانییەکانمان ئێستا لە عێراقدا دەیکەن لە دەستتێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی و پێکهێنانی حکوومەت و دارشتەی سیاسی و لایەنی ئاسایش و لێرە و لەوێ خروقات دەکەن و دەستتێوەردانیان هەیە لە بابەتێکی وەک حەشدی شەعبیشدا. بۆ نموونە دەستتێوەردانیان کرد و ئێمە ناڕەزاییەکی زۆرمان لەسەر ئەو بابەتە هەیە، چونکە نامانەوێ حەرەس سەوری ئێرانی هەبێت لە عێراق، حەرەس سەوری عێراقیشمان ناوێت لە عێراق، ئێمە سوپا و پۆلیسێکمان دەوێت کە لایەنی ئاسایش لە عێراقدا بگرێتە دەست، بەڵام ئێمە سوپایەکی دیکە و پۆلیسیکی دیکە دروست بکەین لە دەرەوەی ئەوەی هەمانە، پێموایە ئەمە لاوازییەکە لە سیستەمی سەربازی وڵاتدا و هەروەها هۆکارێکە بۆ دژایەتی هەندێک پێکهاتەی کۆمەڵگا.

**ڕووداو: مادام ئێران بەو شێوەیە هاتووەتە ناو عێراقەوە، جێبەجێکردنی سزاکانی ئەمریکا، کێشە بۆ عێراق دروست ناکات؟**

**ساڵح موتڵەگ:** ئەگەر عێراق بڕیار بدات لەپاڵ لایەنی ئەمریکا و خۆیدا بوەستێت، پێموایە زیانەکە کەمتر دەبێت، بێگومان هەموومان ترسێکمان هەیە و ترسەکەش لەوەیە کە لەوانەیە زیادبوونی ناکۆکی نێوان ئەمریکا و ئێران وا بکات عێراق ببێتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی حیساباتەکانیان. ئەمەش ئەو شتەیە کە ئێمە نامانەوێت و قبوڵی ناکەین، بۆیە حکومەتی داهاتوو دەبێ حکومەتێکی هاوسەنگ بێت و پابەندی بڕیارە نێودەوڵەتییەکان بێت، ئێمە خۆمان کێشەمان هەیە و دەبێ ئەو کێشانە چارەسەر بکەین، نابێ لایەنگری لایەک بین لە بەرامبەر لایەکی دیکەدا.

**ڕووداو: لەسەر حکومەتی داهاتوو، بەتایبەت بۆ ئەو ناوچانەی کە داعشی لێبووە، دەتانەوێ حکوومەتی داهاتوو چی بۆ سوننە بکات؟**

**ساڵح موتڵەگ:** ئێمە داوا دەکەین حکومەتی داهاتوو بایەخ بەم شتانە بدات لە ناوچە سوننەکان: گێڕانەوەی ئاوارەکان بۆ زیدی خۆیان. ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەی داعش وێرانی کردوون. پاشەکشەپێکردنی حەشدی شەعبی لە شارە سوننەکان، ئێمە دەمانەوێ لە هەموو عێراق بکشێتەوە، بەڵام سەرەتا شارە سوننەکان، چونکە مانەوەیان لەو شارانە لەوانەیە سەربکێشێت بۆ دروستبوونی داعش بەشێوازێکی جیاوازتر، ئەمەش مەترسییە لەسەر هەموو عێراقییەکان نەک سوننە بەتەنیا.

**ڕووداو: باس لەوە دەکرێت هەندێک ناوچەی سوننە بە شیعە دەکرێت، ماوەی پێشوو ٤٥٠ خێزان هێنرانە دەشتاییەکانی نەینەوا، پێتانوایە دەیانەوێ دیمۆگرافیاکە بگۆڕن؟**

**ساڵح موتڵەگ:** هەوڵی زۆر هەیە لە بابەتی گۆڕینی دیمۆگرافیادا، بەڵام من پێموایە ساویلکەییە ئەگەر یەکێک وا بیر بکاتەوە بە 400 یان 500 خێزان دەتوانێ گۆڕانی دیمۆگرافی لە موسڵدا دروست بکات کە شارێکی زۆر گەورەیە و بە ئاسانی گۆڕانکاری لە دیمۆگرافیاکەیدا ناکرێت. گۆڕانکاری دیمۆگرافی ئێستا لە ڕێگەی ئەو حۆزبانەوە دەکرێت کە میلیشیایان هەیە. هەروەها لە ڕێگەی حەشدی شەعبییەوە بەتایبەت لە ناوچە سوننەکان، خەڵک ناچار دەکەن وەلائیان بۆ ئەوان هەبێت، وەلا بۆ یحزبێکی دیاریکراو لەوانە بەدر یان نەسر یان فەتح، بەڵام ترسمان لەوە هەیە کە ئەمە لە داهاتوودا بگۆڕێت بۆ ئەوەی خەڵک ناچار بکەن وەلائی مەزهەبییان بگۆڕن، ئێمە نامانەوێت کەس لە سوننەوە ببێتە شیعە یان لە شیعەوە ببێتە سوننە، تەنیا ئەوە نەبێت کە خۆی بڕوای بەوە هەیە و دەیەوێ وەلائی بۆ مەزهەبێک هەبێت.

**ڕووداو: دەگوترێ ئێستا هەندێک هەوڵدەدەن شیعە بکەن بە دراوسێی کورد، ئایا هەوڵی لەو شێوەیە هەیە؟**

**ساڵح موتڵەگ:** ناتوانن، چونکە کۆمەڵگای ئەو ناوچانە کۆمەڵگای ناسراون و لەوانەیە بتوانن هەندێک کەس بهێننە ئەو ناوچانە، بەڵام ئەوە دەبێتە هۆی گرژی زیاتر لە نێوان کورد و عەرەبدا، ئەوەش لەبەرژەوەندیی عەرەب و کوردیشدا نییە، بۆیە پێموایە ئەمانە هەوڵی ناکامن، لەسەردەمانی پێشوودا زۆر هەوڵی دوورخستنەوەی کورد درا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، لەوانەیە بۆ ماوەیەک چەوساندنەوە سەربگرێت، بەڵام لە کۆتاییدا هەر ئەوە دەیباتەوە کە لەسەر هەقە و بەرگری لە خۆکردنەکەی بابەتییە.

**ڕووداو: ئێوە و کورد دەتوانن مەرج بەسەر حکومەتی داهاتوودا بسەپێنن بەشێوەیەک ئەگەر ئێوە و کورد بەشدار نەبن، حکومەت دروست نەبێت؟**

**ساڵح موتڵەگ:** بۆچوونی زۆر هەیە لە ناو برایانی سوننە کە دەبێ ئێمە و کورد لەیەک نزیکببینەوە بۆ ئەوەی داواکارییەکانمان یەک بخەین، من ڕێگر نیم لەوە، بەڵام دەبێ ئەمە بۆ هەموو عێراق بێت، نەک تەنیا بۆ سوننە یان کورد. من پێموایە ئەگەر سوننە و کورد بەرنامەیەکی هاوبەشیان هەبێت بۆ هەموو عێراق کە هاوسەنگی تێدا بێت و بەشداریی هەمووانی لە هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەتدا تێدا بێت، هەروەها لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا، ئەوکات پێموایە ئەو بابەتە لە بەرژەوەندی کورد و سوننە و هەموو عێراقیش دەبێت. ئەگەر سوننە و کورد لەسەر ئەو ئامانجە کۆک بن، پێموایە ئەوە سوودی دەبێت بۆ هەموو پێکهاتەکانی عێراق.

**زیاتر لە پێنج بەربژێرمان هەیە بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران**

**سەرۆک پەرلەمانێکی موناوەرچی وەک ئەوانەی رابردوومان ناوێ**

**ئەگەر حکومەت بەهەمان ڕێوشوێنەکانی پێشوو دروست بکرێت، تەمەنی کورت دەبێت**

**لەگەڵ 40 مەرجەکەی موقتەدا سەدردا نیم بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران**

**لە هەموو عێراقدا سیاسییەک نییە 40 مەرجەکەی موقتەدا سەدری تێدابێ**

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هادی عامری قبوڵ نییە**

**عەبادی و مالیکی و عامری بۆ سەرۆکوەزیرانی نابن**

**کۆمەڵگەی سوننە بەربژێرە سیاسییەکانی رەتدەکاتەوە**

**دەبێ حەشدی شەعبی لە شارە سوننەکان بکشێتەوە**

# کورد لە بەغدا دەچێتە سەر سفرەی بەتاڵ

هیوا جەمال
ڕووداو- بەغدا

"نازانم کێ حکومەت دروستدەکات، گرنگیش نییە کێ دروستی دەکات، گرنگ ئەوەیە خزمەتی خەڵک بکات". ئەوە بۆچوونی فیراس عەلی، 35 ساڵە. ئەو لە بەغدا لەدایکبووە و ئێستا لە هۆتێلێکی پێنج ئەستێرەی شارەکە کاردەکات. کاتێ پرسیارم لێکرد، لە هۆڵی پێشوازیی هوتێلەکە سەرقاڵی کاری ڕۆژانەی بوو، بۆ ئەو حکومەتی هوتێلەکە لە پێکهێنانی حکومەتی عێراق گرنگتر بوو.

لە بەغدا، لە نێو ژوورە داخراوەکاندا پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق مشتومڕی گەرمی نێو سیاسییەکانە، بەڵام لە شەقام خۆپیشاندان بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گەرمترە. لەنێو ئەو ژمارە کەمەی خەڵک کە کاریان هەیە، تەنیا بەردەوامیی کارەکەیان گەنگەشەی لەسەرە کە بەپێی لێدوانی وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی عێراق بۆ (ڕووداو)، ڕێژەی بێکاری گەیشتووەتە 18%.

بۆچوونەکەی گوتەبێژی ڕەوتی حیکمە جێی سەرنج بوو کاتێک لە هۆڵێکدا لە پشت بەربەستە کۆنکرێتییەکانەوە گفتوگۆمان دەکرد: "ئەوەی لەودیو بەربەستە کۆنکرێتییە بڵندەکانەوە دەگوزەرێت زۆر جیاوازە لەوەی لە گفتوگۆی نێو ژوورەکاندا هەیە". بەئاماژەدان بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و پێکهێنانی حکومەتێکی بەهێزی نیشتمانی د.نەوفەل ئەبو ڕەغیف گوتیشی: "پێویستە حکومەتێکی نیشتمانی پێکبهێنرێت، بەبەشداریی هەموو پێکهاتەکانی عێراق"، بەڵام بۆچوونی ڕوونی نەبوو لە بارەی چۆنیەتی بەشداریی کورد.

لە عێراق چەندین نەتەوە و پێکهاتە و ئاینی جیاواز هەن، بەڵام سەرەکیترینیان کە زۆرترین گەنگەشە بۆ بەڕێوەبردنی عێراق دەکەن، عەرەبی شیعە، عەرەبی سوننە و کوردن.

بەلای ئەو لیستەی زۆربەی کورسییەکانی خولی پێنجەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی بەدەستهێناوە (54 کورسی)، گرنگ نییە کام نەتەوە و ئاین حکومەت دروست دەکات، بەڵکو گرنگ ئەوەیە داواکارییەکی مەرجەعیەتی شیعە لە عێراق و مەرجەکانی ڕێبەری ڕەوتی سەدر جێبەجێ بکات، ئەگینا وەک د.سەلاح عوبەیدی، گوتەبێژی موقتەدا سەدر بە (ڕووداو)ی گوت:

> کورد پارسەنگی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراقە
>
> سەرکردەیەکی سوننە

"کورد یان عەرەب، سوننە یان شیعە، تەنانەت کاکەیی و تورکمانیش بن حکومەت دروست بکەن گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە سەرجەم مەرجەکانی تێدابێت".

موقتەدا سەدر، ڕێبەری ڕەوتی سەدر، هەفتەی ڕابردوو، 42 خاڵی بڵاوکردەوە، وەک مەرج بۆ هەرکەسێک بیەوێت ببێتە سەرۆکوەزیرانی نوێی عێراق، دیارترین مەرجیش ئەوە بوو کە سەرۆکوەزیران سەربەخۆ بێ. ئەوە چانسی نووری مالیکی سەرۆکوەزیرانی پێشوو (25 کورسی) دەسووتێنێ و چانسی حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی ئێستاش کەم دەکاتەوە، سەرەڕای ئەزموونی پێشوویان کە ڕەخنەی زۆریان لەسەرە هەروەک گوتەبێژەکەی سەدر بە دەروونێکی ئارامەوە گوتی.

گوتەکانی عوبەیدی، بەنیسبەت کوردەوە جێی سەرنجن، بەڵام کورد چی دەکات؟ کەسێک دەنێرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت لەسەر داوای ڕەوتێکی شیعی، یان دەست بە چەند وەزارەتێک و سەرۆکایەتی کۆمارەوە دەگرێت، یاخود وەک هۆشیار زێباری گوتی تەنیا دەیەوێت "مافە دەستوورییەکان"ی وەربگرێ؟

هێشتا سەرکردە کوردەکان سوورن لەسەر پابەندبوون بە دەستووری عێراقەوە کە پێیانوایە مافی زۆری کوردی تێدا چەسپاوە، هەرچەندە بەردەوامیش ڕەخنەیان هەبووە لەوەی دەستوور هەمیشە پێشێل کراوە.

هەرچەندە لە سایەی 12 ساڵی حکومەتی حیزبی دەعوە، (نووری مالیکی و حەیدەر عەبادی) کورد نەک مافە دەستوورییەکانی، مافە یاساییەکانیشی پێشێل کران، تەنانەت گەمارۆی ئابووری و بازرگانی خرایە سەر، کەچی عەلی عەلاق، یەکێک لە سەرکردەکانی ئیئتیلافی نەسر بەسەرۆکایەتی عەبادی، بە (ڕووداو)ی گوت: "کورد پێکهاتەیەکی گرنگی عێراقە و دەبێت بەشداریی پێکهێنانی حکومەت بکات و دەبێت شەریک بێت". عەلاق لە هوتێلێکی بەغدا قسەی بۆ کردم کە دەبوو سێ پرسگە تێپەڕێنیت بۆ ئەوەی بچیتە هوتێلەکەوە.

لەماوەی سێ ڕۆژ مانەوە لە بەغدا بەدەیان بەربەستی کۆنکرێتیدا تێپەڕیم و دەیان زاڵگەی سەر جادە و کۆڵانەکانم بڕی، لەگەڵ پێنج لایەنی شیعی و سوننی گفتوگۆم کرد، ئۆفرپێکۆردیش هەندێکیانم دواند، ئەوان کورد بە پێکهاتەیەکی کارا و کاریگەر لە عێراق دادەنێن، بەڵام مافی ئەوەی پێنادەن لە چوارچێوەی عێراق بچێتەدەر، هەروەک لە سەرکردەکەی ئیئتیلافی نەسرم پرسی ئەگەر کورد کارتی گشتپرسی لە دانوستاندن بەکار بێنێت چی دەکەن؟ گوتی: "هەرگیز بڕوا ناکەم کورد ئەو کارتە بەکاربێنێت کە نادەستوورییە".



لە بەغدا، لە نێو ژوورە داخراوەکاندا پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق مشتومڕی گەرمی نێو سیاسییەکانە

سەرەڕای ئەوانەش، هیچکام لە حیزبە شیعی و سوننییەکان دیدگایەکی ڕوونیان بۆ چارەسەی کێشەکانی کورد لە عێراق نییە. تەنانەت سوننە کە دراوسێی کوردن و هێشتا نزیکەی یەک ملیۆن ئاوارەیان لە هەرێمی کوردستانە، لە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی حیزبی بەعسەوە لە عێراق، بەردەوام وەک مافخوراو خۆیان نیشانداوە، هیچی دیاریکراویان بۆ کورد پێ نییە، بەکوردی و بە کورتی، کورد لە بەغدا دەچێتە سەر سفرەی بەتاڵ، بەڵام حاڵی عەرەبی سوننە و شیعەش هیچ نەگۆڕاوە.

سەرەڕای پەرتەوازەییان، بەڵام سوننەکان هێشتا بە مەرج بەشداری لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا دەکەن. وەک ساڵح موتڵەگ ئەمینداری بەرەی عێراقی بۆ دیالۆگی نیشتیمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: یەکێک لە داواکانیان لە پێکهێنانی حکومەتی نوێ "کشاندنەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبییە لە نەینەوا و ناوچە سوننەنشینەکانی دیکە".

لە ناوچەی سەوز لە بەغدا هەڤپەیڤینمان لەگەڵ موتڵەگ کرد. شوێنی دیدارەکەمان باڵەخانەیەکی گەورەی سەردەمی سەدام حوسێن بوو کە ساڵی 1985 بۆ کاتبەسەربردنی یەکێک لە کوڕەکانی دروستکرابوو، دیار بوو ئێستا وەک میوانخانە بەکاردێت، دەستەودایرەکەی موتڵەگ سەرسوڕمانی خۆیان نیشاندا لە دیزاین و تۆکمەیی ئەو باڵەخانەیە کە زیاتر لە 30 ساڵە دروستکراوە و تەنانەت دەسکی دەرگایەکی لەق نەبووە!.. وەسفی باڵەخانەکە و تۆکمەییەکەی لە ئەنجامی گەنگەشەی پێکهێنانی حکومەتی نوێ و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری هاتە ئاراوە، ئەوان وەک سوننە هێشتا مەیلیان بەلای کارە تۆکمەکانی سەردەمی سەدامەوە زیاترە وەک لە حکومەتەکانی شیعە.

ئەگەرچی هێشتا هیچ لایەنێک نەیتوانیوە هاوپەیمانییەک پێکبهێنێ نیوە کۆ یەکی کورسییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران تەواو بکات، بەڵام مێزی ژوورە داخراوەکان بەردەوام گەرمن، بەپێی زانیارییەکان، تائێستا دوو هێڵی ڕوون هەن کە زیاتر لە یەک نزیکن، بەرەیەک کە موقتەدا سەدر سەرپەرشتی دەکات لە سائیرون، حیکمە و وەتەنییە پێکدێت، نەسریش هەندێ نزیکە و لەگەڵ کورد لە گفتوگۆدان، بەرەیەکیش لە فەتح و دەوڵەتی یاسا و فەزیلە پێکدێت کە ئەمەی دوایی بەشێکە لە نەسر و دیسان لەگەڵ کورد لە گفتوگۆدان. کەواتە کورد وەک یەکێک لە سەرکردە سوننەکان گوتی: "پارسەنگە و دەتوانێت ئەنجامی پێکهێنانی حکومەت یەکلایی بکاتەوە".

> حکومەت پێکبێت یان نا کێشەی من نییە
>
> شۆفێرێکی تاکسی

هەموو ئەوانە بۆ پێکهێنانی حکومەتێکە کە لای شەقام ئەوەندە گرنگ نییە کێ دروستی دەکات، وەک فیراس بۆچوونی وابوو، تەنانەت لەلای هەندێک حکومەت هەر نییە. ئیبراهیم بەغدادی 45 ساڵ، شۆفێری ئەو تاکسییە بوو کە ئێمەی لە شەقامی سەعدوونەوە گەیاندە وەزارەی پیشەسازی و کانزاکانی عێراق، کاتێ لێمپرسی بۆچوونت چییە لەسەر پێکهێنانی حکومەتی نوێ، گوتی: "بۆ حکومەت هەیە؟" منیش بۆ ئەوەی بە قسەی بێنم گوتم "بۆنییە، ئەوە نییە باڵەخانە هەیە ناوی حکومەتی لەسەرە و ئێمە ئێستا دەچینە وەزارەتێک هی حکومەتە؟".

ئیبراهیم کە ماندووبوونی کار و بەرزیی پلەی گەرمای هاوینی بەغدا بڕستی لێ بڕیبوو، گوتی "ئەگەر حکومەت هەبا، وڵات ئاوا نەدەبوو، حکومەت هەر نییە، بۆیە پێکدێت یان نا هیچ کێشە نییە".

# لەدوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە کورد 47 پۆستی لەدەستداوە

نەوزاد مەحموود
ڕووداو - سلێمانی

قایمقامی لەسەرکارلادراوی داقوق دەڵێ هەواڵی خۆشی لە پارێزەرەکانییەوە پێدەگات و چاوەڕوانی ئەوەیە کێشەکە لە بەغدا لە بەرژەوەندی ئەو کۆتایی بێت، بەڵام دەڵێت ئەگەر دۆسیەکەش لە بەرژەوەندی ئەو کۆتایی بێت، ناگەڕێتەوە سەر کارەکەی.

بەرپرسانی کورد لە ناوچە کێشەلەسەرەکان، لە پۆستە ئیداری و ئەمنییەکان دووردەخرێنەوە، شوێنەکانیان بە عەرەب و تورکمان پڕ دەکرێنەوە. سەرۆکی ئەنجوومەنی قەزای خانەقین دەڵێ: "ئێستا خەڵک خوازیاری گەڕانەوەی پێشمەرگەن و پێشمەرگە لە پۆستەکان بە گرنگتر دەزانن".

لە 16 ئۆکتۆبەری 2017 دا سوپا و حەشدی شەعبی گەڕانەوە کەرکووک و جەلەولا و خانەقین و مەخموور و شنگال کە لە دەستووری عێراقدا بە ناوچەی کێشەلەسەر ناویان هاتووە، بەڵام لە گوتاری سیاسی کورددا ناوچەی کوردستانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانن. هەرزوو حکومەتی عێراق دەستی بە گۆڕینی بەرپرسانی کورد لەو ناوچانە کرد، یەکەم پۆستیش کە لە کورد سەندرایەوە، پارێزگاری کەرکووک بوو، تاوەکو ئێستاش نزیکەی 50 بەرپرسی کورد لە پۆستەکانیان لادراون.

## "پێشمەرگە خەوی نەهێشت"

سەمیر محەممەد، سەرۆکی ئەنجوومەنی قەزای خانەقین، باسی ڕەوشی گوندنشینانی خانەقین و دیالە بە دەست هەڕەشە و پەلاماری داعش و گرووپە نەناسراوەکان دەکات و دەڵێت: "خەڵک ئەو پۆستانەیان بیر نەماوە کە پێشتر بەدەست کوردەوە بوون، چونکە ژیانیان لێ تاڵ بووە بەهۆی ئەوەی پێشمەرگەی لێنەماوە".

بەڕێوەبەری ناحیەکانی قەرەتەپە، جەلەولا و مەندەلی، لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە لە پۆستەکانیان لادراون، بەڵام لە خانەقین بەهۆی ئەوەی زۆربەی دانیشتووانەکەی کوردی شیعە مەزهەبن، کاردانەوەی حکومەتی عێراق لەوێ زۆر توند نەبووە.

## "مەخموور وەک خۆیەتی"

قایمقامی قەزای مەخموور، ڕەتیدەکاتەوە هیچ پۆستێکی ئیداری لەو قەزایە لە کورد وەرگیرابێتەوە و گۆڕانکاری لە پۆستەکاندا ڕوویدابێت لە دوای 16 ئۆکتۆبەرەوە "هەموو بەرپرسە ئیدارییەکان لە شوێنی خۆیان دەوام دەکەن و کەس لانەدراوە.

ڕزگار ئیسماعیل، قایمقامی مەخموور، لە دوای کردنەوەی ڕێگای نێوان هەولێر و مەخموور پێیوایە ڕەوشەکە هەلێکی باشی بۆ گونجاوە بۆ ئەوەی ئاسایی ببێتەوە و کار نەگەیشتە ئەوەی هیچ بەرپرسێکی ئیداریی کورد لە پۆستەکەی لابدرێ.

> بەبێ پێشمەرگە، داواشمان لێبکەن ناگەڕێینەوە
>
> قایمقامێکی لەکارلادراو

## "دوو حکومەت لە شنگال"

ڕووداوەکانی دوای 16ی ئۆکتۆبەر هەرزوو لەسەر شنگال و ناحیەی سنوونێ و گرعوزێر ڕەنگی دایەوە، بەڵام چیرۆکەکە لەوێ جیاوازە لەوەی کەرکووک و خانەقین. حەشدی شەعبی سێ بەرپرسی ئیداری بۆ هەرسێ شارۆچکەکە داناون و ئەنجوومەنی پارێزگا و پارێزگاری مووسڵیش تەنیا مامەڵە لەگەڵ ئەو سێ بەرپرسە لادراوە دەکەن، نەک ئەوانەی حەشدی شەعبی دایناون.

مەحما خەلیل، قایمقامی شنگال، دەڵێ ئەو لەگەڵ دوو بەڕێوەبەری ناحیە بەرپرسی شەرعی ناوچەکانی خۆیانن و ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا و پارێزگاری نەینەوا کار لەگەڵ ئەوان دەکەن و ئەوانەی لە شوێنیان دانراون، بەلای ئەنجوومەنی پارێزگا و پارێزگارەوە "ناشەرعی و سەپێنراون و کار بە نووسراوەکانیان ناکەن".

ئەو سێ کەسەی لەلایەن حەشدی شەعبییەوە دانراون، کوردی ئێزدین و سەر بە حەشدی شەعبین، بۆیە پێشبینی دەکرێ هەر کاتێک حەشدی شەعبی لە ناوچەکە کشایەوە، ئەوانیش لە پۆستەکانیان نەمێنن.

مەحما خەلیل، چاوەڕێی ڕێککەوتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدایە بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگە بگەڕێتەوە ناوچەکە و ئەوانیش لە شوێنی خۆیان دەستبەکار ببنەوە: "ئێمە ڕۆژانە دەوامی خۆمان دەکەین. مانگی ڕابردووش 33 ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگا داوایان کرد پارێزگار بڕیارێک دەربکات بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە شوێنی خۆمان".

> لە کەرکووک بەرپرسی یەکێتیش لەکارلادراون
>
> ئەندامێکی یەکێتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک

## "ئامانجەکە کەرکووکە"

بەپێی فەرمانێکی کارگێڕیی نهێنی بە ژمارە (17240)، بەشی گواستنەوە لە بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەی ئەفسەرانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆی عێراق لە ڕۆژی 2018/2/18 بڕیاری گۆڕانکاری لە پۆستەکانی کەرکووکدا داوە. نووسراوەکە واژۆی د.عەقیل مەحموود خەزعەلی، بریکاری وەزارەتی ناوخۆی عێراقی بەسەرەوەیە، هەرچەندە بڕیاریان دا هەردوو بەرپرسی کورد، عەمید خەتاب عومەر، وەک بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای کەرکووک و عەقید ئەفراسیاو کامل، وەک گوتەبێژی پۆلیس لە شوێنەکانیان بمێننەوە، بەڵام ژمارەیەک ئەفسەری کورد لابدرێن.

لە پێش ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە، زۆربەی پۆستە ئیداری و ئەمنییەکانی کەرکووک لەلایەن کوردەوە بەڕێوەدەبران، بەڵام دوای ئەو ڕووداوانە کورد زۆرترین پۆستی لەدەستداوە کە گرنگترینیان پارێزگاری کەرکووکە.

ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، ڕێوشوێنی بەرپرسانی عێراقی بۆ لادان و گۆڕینی بەرپرسە کوردەکانی کەرکووک، بە هەمان ئەو ڕێکار و ڕێوشوێنانە دەچوێنێ کە بەعسییەکان پێڕەویان دەکرد و دەڵێ "ئێستا یاساکانی بەعس گەڕاونەتەوە بۆ کەرکووک".

ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە (ڕووداو)ی گوت: "دەستوور و یاسا لە کەرکووک هیچ بەهایەکیان نەماوە، هەرچیان بوێت دەیکەن، چونکە کە دەبینن بەرپرسێکی پارتی یان یەکێتی ناگەڕێتەوە سەر کارەکەی، دەڵێن ناکرێ ئەو شوێنانە چۆڵ بن و بە کەسانی عەرەب یان تورکمان پڕی دەکەنەوە، کەسانێکیش هەن کە دەوام دەکەن، بەڵام هەر لایاندەبەن".

دیارترین ئەو پۆستانەی لە کەرکووک لە کورد سەندراونەتەوە بریتین لە پارێزگار، سێ قایمقام و دوو بەڕێوەبەری ناحیە و هەریەک لە بەڕێوەبەری کشتوکاڵ، ئاو، تەندروستی، فۆرمی خۆراک، پۆلیسی فریاکەوتن، قەزاو ناحیەکان، مادە هۆشبەرەکان، لەگەڵ بەڕێوەبەری چەند بەڕێوەبەرایەتی و چەند بنکە و بەشێکی دیکە. بە گشتی 40 بەڕێوەبەر و بەرپرسی کورد لە پۆستەکانیان لادراون.

ئەحمەد عەسکەری، دەڵێت تەنیا بەرپرسانی پارتی نین کە ناگەڕێنەوە سەر کارەکانیان: "یەکێتیش هەن نەگەڕاونەتەوە، بەڕێوەبەری تەندروستی کەرکووک کە یەکێتییە نەگەڕاوەتەوە و لەشوێنی ئەو کەسێکی عەرەب دانراوە".

ئەمیر خواکەرەم، قایمقامی قەزای داقوق کە لە پۆستەکەی لادراوە، دەڵێ بە تۆمەتی هەڵدانی ئاڵای کوردستان و بەشداری لە گشتپرسی، لە پۆستەکەی لادراوە، بەڵام دوو پارێزەری گرتووە. ئەمیر خواکەرەم دەڵێت: "چاوەڕێی بڕیاری دادگا دەکەم، ڕەنگە هەواڵی خۆش بەڕێوەبێت، چونکە دەرکەوت هەڵدانی ئاڵای کوردستان و گشتپرسی بەلای دادگای فیدراڵییەوە تاوان نین".


یەکەم پۆست کە لە کورد سەندرایەوە، پۆستی پارێزگاری کەرکووک بوو (فۆتۆ: AFP)

لە سنووری پارێزگای سەلاحەدینیش کورد تەنیا پۆستی قایمقامی قەزای خورماتووی بەدەستەوە بوو، بەڵام حەشدی شەعبی لە کارەکەی لایاندا و کەسێکی تورکمان لە شوێنی دانرا. ئەمیر خواکەرەم، دەڵێ پرسی لادانی کاک شەلال لە خورماتوو یەکلابووەتەوە، بەڵام هێشتا دەتوانن کار بۆ گەڕاندنەوەی بکەن.

ئەو قایمقامە لە کارلادراوەی داقوق کە لەگەڵ زۆربەی بەرپرسە لەکارلادراوەکانی کورد قسەی کردووە، دەڵێ بەبێ ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا ئەگەر داواشیان لێ بکەن ناگەڕێنەوە "بەبێ پێشمەرگە نە هیچمان پێدەکرێ و نە کەسیش گوێمان لێدەگرێ".

ڕووداو
ژمارە (517) - دووشەممە 2018/8/13



## نرخی زێڕ لە کوردستان دادەبەزێ

**ڕووداو- هەولێر**

لە ماوەی مانگێکدا نرخی هەر مسـقاڵێک زێڕ، زیاتر لە 15 هەزار دینار دابەزیوە، ئەوەش جووڵەی خسـتووەتەوە نێو بازاڕی زێڕینگەرانی هەولێر و خەڵک روو لە کڕینی زێڕ دەکەن. پێشـتر نرخی یەک مسـقاڵ زێڕی عەیار 21 بە 225 هەزار دینار بوو، بەڵام ئێسـتا بە 207 هەزار دینارە، ئەم دابەزینەش جوڵەی خسـتووەتەوە بازاڕ و، ڕێژەی 30%ی کڕیاریارانیش، ئەو گەنجانەن کە بەنیازی ژنهێنانن. بازاڕەکە تەنها کڕیاران گەرمیان نەکردووە، بەڵکو فرۆشیارانیش لە بازاڕەکەدا زۆرن، چونکە دەترسن زەرەر بکەن، بۆیە ڕێژەی 70%ی ئەوانەی لە بازاڕن، ئەو هاووڵاتیانەن کە زێڕەکانیان دەفرۆشن.

### سالانە نزیکەی 20 هەزار ڕووداو تۆمار دەکرێن

# زیانی ساڵانەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ لە کوردستان 20 ملیۆن دۆلارە



بۆمان دەرکەوتووە ساڵ بەساڵ زیانە ماددی و گیانییەکانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ زیاد دەکەن

سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

زیاتر لە یەک ملیۆن و 500 هەزار ئۆتۆمبێلی تۆمارکراو لە هەرێمی کوردستان هەن

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەگوێـرەی بەدواداچوونـی شـارەزایەکی بواری هاتوچـۆ، سـاڵانە هەرێمـی کوردسـتان بەهـۆی ڕووداوەکانـی هاتوچـۆوە نزیکـەی 20 ملیـۆن دۆلار زیانـی بەردەکەوێـت، بەشـی زۆری هـۆکاری ڕووداوەکانیـش کەمتەرخەمـی و خێـرا لێخوڕین و خراپیی ڕێگاوبانەکانن.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشـتی هاتوچۆی هەرێمی کوردسـتان، لە دوو سـاڵ و شەش مانگی رابـردوودا 10.789 ڕووداوی هاتوچـۆ لـە هەرێمی کوردسـتان تۆمارکراون، 5.602 ڕووداو لە دەرەوەی شار و 5.187 ڕووداویش لەناو شارەکاندا.

لێکۆڵینـەوە و هێڵکاریـی ڕووداوەکان دەریانخستووە 6.327 ڕووداو بەهۆی خێرا لێخوڕین، 996 ڕووداو بەهـۆی ناتوندوتۆڵیـی ئۆتۆمبێـل و 3.466 ڕووداویـش بەهۆی کەمتەرخەمی و خراپیی ڕێـگاکان ڕوویانداوە، لەئەنجامی ئەوانەشـدا 1.746 کـەس گیانیان لەدەسـتداوە و 21.377 کەسـیش بریندار و کەمئەندام بوون.

عەقید ئەسـعەد مەلا کەریـم، بەڕێوەبەری ئامار و پلاندانـان لـە بەڕێوەبەرایەتی گشـتی هاتوچۆی هەرێمی کوردسـتان، دەڵێت :"هۆکاری ڕووداوەکان زۆرن، بەڵام سەرەکیترینیان بریتین لە پابەندنەبوونی شـوفێران بە ڕێنماییەکانی هاتوچۆ، زۆریی ژمارەی ئۆتۆمبیل و خراپی ڕێگاوبانەکان و لاوازیی کواڵیتی هەندێ لـە ئۆتۆمبیلەکان و کەمیـی خزمەتگوزاری گواستنەوەی گشتی".

بەپێی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیسی هاتوچۆ، 75%ی ڕووداوەکان بەهۆی خێرا لێخوڕین و مەشـغوڵبوونی شـوفێر لـە کاتـی شـوفێریدا بـووە، 25%ی ڕووداوەکانیش بەهۆی خراپیی ڕێگا و نزمیی کواڵیتی ئۆتۆمبێلەکان بووە.

عەقید ئەسـعەد دەڵێـت: "ڕووداوەکانی هاتوچۆ و قوربانییـەکان زۆر لەوە زیاترن کە لە ئامارەکاندا تۆمارکـراون، چونکـە لێـرە سیسـتەمی دڵنیایـی ئۆتۆمبیل نییە، لەکاتی پێکداداندا شوفێران لە نێوان خۆیان ڕێکدەکەون بۆ چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلەکانیان و پۆلیسی هاتوچۆ لە ڕووداوەکان ئاگادار ناکەنەوە".

گوتیشـی: "بەپێی لێکۆڵینەوەکانمـان مەزەندە دەکرێ سـاڵانە نزیکەی 20 هەزار ڕووداوی هاتوچۆ ڕووبدەن، بەڵام لەلای ئێمە هەر پێنج هەزارێک تۆمار دەکرێن".

هەر دوو کەس لە کوردستان ئۆتۆمبێلێکیان بەردەکەوێ

بە ئامانجی لێکۆڵینەوە و دەرخسـتنی قەبارەی زیانـی گیانـی و ماددیـی ڕووداوەکانـی هاتوچۆ لە هەرێمی کوردستان، دەستەی ئاماری هەرێم ساڵانە ڕاپۆرتی خۆی لەوبارەوە بڵاودەکاتەوە.

بەپێـی داتاکانی دەسـتەی ئامار لە دوو سـاڵی ڕابردوودا تەنیا لە سـنووری هاتوچۆی پارێزگاکانی هەولێـر و سـلێمانی و دهـۆک، هەروەهـا ئیدارەی گەرمیـان 7.999 ڕووداوی هاتوچـۆ ڕوویانداوە، بەو هۆیەوە 1.557 کەس مردوون و 14.957 کەسـیش بریندار و کەمئەندام بوون.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی دەسـتەی ئامـار، 61.2%ی ڕووداوەکانـی هاتوچـۆ بەهۆی پێکـدادان، 19.1% بەهۆی وەرگەڕان، 14.5% ڕووداو بەهۆی بەرکەوتنی ئۆتۆمبێـل بـە مـرۆڤ و 5.2 % بەهـۆکاری دیکە ڕوویانداوە.

سـیروان محەممەد، سەرۆکی دەسـتەی ئاماری هەرێمی کوردسـتان بـە (ڕووداو)ی گوت: "بەهۆی شیکردنەوەی داتاکان بۆمان دەرکەوتووە ساڵ بەساڵ زیانە ماددی و گیانییەکانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ زیاد دەکەن، بەڵام بەهۆی نەبوونی کۆمپانیاکانی دڵنیایی و ئامارێکی دروست بۆ تۆماری تەواوی ڕووداوەکان، ژمارە و قەبارەی زیانەکان کەمتر دەردەکەون".

بەپێی داتاکانی دەسـتەی ئامار، سـێ ملیۆن و 592 هـەزار کەس لە کوردسـتان تەمەنیان لەنێوان 18 تاوەکـو 64 سـاڵ دایە، کە تەمەنێکی گونجاوە بـۆ لێخوڕینی ئۆتۆمبیل، ئەمە لەکاتێکدایە زیاتر لە یـەک ملیۆن و 500 هـەزار ئۆتۆمبیلی تۆمارکراو لە کوردستان هەن، نزیکەی 150 هەزار ئۆتۆمبیلی بێ تابلۆ و تۆمارنەکراویش هەن. بەو پێوەرە بێت، هەر دوو کەس ئۆتۆمبلێکیان بەردەکەوێت.

سـیروان محەممـەد دەڵێـت :"بەتێبینیکـردن لەژمـارەی ئۆتۆمبیـل و ئـەو کەسـانەی کە مافی لێخوڕینیـان هەیـە، بۆمـان دەرکەوتـووە ژمارەی ئۆتۆمبیل لە کوردسـتان زۆر زیـادە، بەهۆی لاوازی گواستنەوەی گیشیش ئۆتۆمبیلەکان زۆر بەکاردێن، بۆیە شـەقامەکان قەرەباڵغن و ژمارەی ڕووداوەکان زۆرن".

سـیروان محەممـەد ئاشـکرای کـرد بەپێـی ڕووپێویەک بۆمـان دەرکەوتووە 43%ی خێزانەکانی هەرێمـی کوردسـتان ئۆتۆمبێلی تایبـەت بەخۆیان نییـە. 57%یـش 1 تاوەکو 3 ئۆتۆمبێلیـان هەیە، ئەمـەش ئـەوە دەردەخـات لـەڕووی ئابوورییـەوە کۆمەڵـگا کوردی دابەشـی دوو چین بوون و چینی ناوەند لاواز بووە".

لەزۆربـەی وڵاتـان کۆمپانیـای دڵنیایـی بـۆ کۆنترۆڵکردنـی ڕووداوەکان بەهەماهەنگی لەگـەڵ شـارەوانییەکان پارێـزگا و هەرێمـەکان، کار بـۆ نەهێشـتنی کەموکوری لـە شـەقامەکاندا دەکەن، پۆلیـس هاتوچـۆ لەڕێگـەی ڕێنمایـی و دانانـی نیشانەکانی هاتوچۆ و سزادانی شوفێر سەرپێچیکار، کار بـۆ ڕێکخسـتنی هاتوچۆ دەکات بـەم هۆیەوە تارادەیەکـی باش کۆنترۆڵـی ڕووداوەکانی هاتوچۆ دەکـەن و قەبـارەی زیانـە مادیـی و گیانییـەکان کەمدەکەنەوە.

نەجات نەجم، ڕاهێنەری نێودەوڵەتی و سەرۆکی ڕێکخراوی هێڵی سوور بۆ هۆشیاری هاتوچۆ، دەڵێت :"بەپێی لێکۆڵینـەوەکان بۆمـان دەرکەوتووە دوو لەسـەر سـێی ڕووداوەکانی هاتوچۆ تۆمار ناکرێن، ئەویش بەهـۆی ئەوەی کۆمپانیـای دڵنیایی نییە. زۆربەی شوفێران لەکاتی ڕووداوەکان لەنێوان خۆیان لەسـەر قەرەبووکردنـەوەی زیانـەکان ڕێکدەکەون، بەشـێکی دیکەشـیان بەهـۆی بێمۆڵەتـی یـان تۆمارنەکردنی ئۆتۆمبێلەکانیان بەتایبەت لەدەرەوەی شـارەکان لەنێـوان خۆیـان پێکدێـن و پۆلیـس ئاگادارناکەنـەوە، بۆیە پێشـبینی دەکەین سـاڵانە نزیکەی 15 هەزار ڕووداوی هاتوچۆ ڕووبدەن".

یەکێک لەکارەکانی ڕێکخراوەکەی نەجات نەجم، لێکۆڵینەوەیـە لـە هـۆکاری ڕووداوەکان، نەجـات نەجم، دەڵێت :"زیانـە ئابوورییەکانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ سێ لایەن لەخۆ دەگرێت، یەکەم بەر خودی شـوفێر یان خاوەنی ئۆتۆمبیـل دەکەوێت، دووەم: بەر خێزانـەکان دەکەوێت و سـێیەمی بەحکومەت دەکەوێت".

57%ی خێزانەکانی کوردستان یەک تاوەکو سێ ئۆتۆمبێلیان هەیە
دەستەی ئامار

نەجـات نەجم هەروەها دەڵێـت :"ئەو هۆکارەی وایکردووە زیانە ئابوورییەکانی پێکدانان و وەرگەڕانی ئۆتۆمبیل زیاتربن ئەوەیە بەشی زۆری ئۆتۆمبیلەکانی هەرێمـی کوردسـتان نرخەکانیان بـەرزە، لەکاتی چاککردنەوە خەرجی زۆریان دەوێ، بۆ فرۆشتنەوەش بەهاکانیان دادەبەزێت، واتە ئەگەر ئۆتۆمبیل تووشی پێکدانان بێت تێچووی چاکردنەوەکەی 2 هەزار دۆلار بێت، 2 هەزار دۆلاریش لە نرخەکەی دادەبەزێ، واتە زیانی پێکدادانەکە دوو بەرامبەرە".

بەبـڕوای نەجـان نەجم بـۆ ئـەوەی پێوەرێکی دروسـت بۆ قەبارەی زیانە ئابوورییەکانی پێکدانان و وەرگـەڕان دیـاری بکرێـت، پێویسـتە پێکدانان و وەرگەڕانەکانـی نێـو شـار و دەرەوەی شـار لێکجیابکرێنەوە و قەبـارەی زیانەکانیش بەگوێرەی جۆری ئۆتۆمبیل و توندی پێکدانەکان دیاری بکرێ، چونکـە ئەو دەڵێـت :"بەهـۆی خێرایـی لێخوڕین و خراپـی ڕێگاوبانەکان، هەمیشـە قەبـارەی زیانە ئابوورییەکانـی پێکدادان و وەرگـەڕان لە دەرەوەی شار زیاترن کە هەندێجار دەگاتە ئاستی سکراببوونی ئۆتۆمبیلـەکان، بۆیـە دەتوانیـن کەمترین خـەرجی چاککردنەوەی پێکدادانی دەرەوەی شار بە دوو هەزار دۆلار و بـۆ ناوشـار بە 500 دۆلار دیـاری بکەین".

گوتیشی "مەزەندە دەکەین زیانەکانی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل بەهۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆوە لە ساڵێکدا بگاتە 20 ملیۆن دۆلار".

لە دوو ساڵ و شەش مانگی ڕابردوودا 1746 کەس لە کوردستان بە ڕووداوی هاتوچۆ مردوون

### چاوەڕێی بڕیاری حکومەتی عێراق دەکەن

# گەمارۆی سەر ئێران ترسی خستووەتە بازاڕەکانی کوردستانەوە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بریکاری پێشـووی وەزارەتی دارایی عێراق ڕایگەیاند کـە گـەمـارۆ ئابوورییەکانـی ئەمەریکا لەسـەر ئێران، کاریگەری لەسـەر جوڵەی بازرگانـی لە نێوان عێراق و ئێران دەبێت، بە درێژەکێشانیشـی زیـان بە ئابووریی عێراق دەکەوێ.

دوای کشـانەوەی لـە ڕێککەوتنـە ئەتۆمییەکـەی ئێران، ئەمریکا بەشـێک لە گەمارۆکانی گەڕاندەوە سەر ئێـران. سـەپاندنی گەمارۆکان بـە دوو قۆنـاغ دەبێ، قۆناغی یەکەمیان لە ڕۆژی شەشـی ئـەم مانگە چووە واری جێبەجێکردن و گەمارۆ خراوەتە سـەر بازرگانیی ئۆتۆمبێـل، زێڕ و مادە کانزاییەکانـی دیکە، لەقۆناغی دووەمیش کە لە 2018/11/5 دەسـتپێدەکات، گەمارۆ دەخرێتە سەر کەرتی نەوتی ئەو وڵاتە و بانکی ناوەندیی ئێران.

هەرچەندە هێشتا هەموو وڵاتان ئاڵوگۆڕی بازرگانییان لەگەڵ ئێران نەپچڕاندووە، بەڵام لەئێسـتاوە کاریگەری گەمارۆکە لەسـەر ئابووریی ئێران دەرکەوتووە و تومەن بەهای خۆی تا ئاستێکی زۆر لەدەستداوە.

د.فازڵ نەبـی، بریکاری پێشـووی وەزارەتی دارایی عێراق، بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "گەمارۆی ئەمریکا بۆ سـەر ئێران کاریگەری لەسـەر جموجـۆڵ و ئاڵوگۆڕی بازرگانـی لـە نێوان عێراق و ئێـران دەبێت، چونکە لە بواری نەوت و غازدا، ئاڵوگۆڕێکی گەورە لەنێوان هەردوو وڵات هەیە".

ئەگەرچـی عێراق پەیوەندییەکی زۆر بەهێزی لەگەڵ ئێران هەیە، بەڵام بە گوتەی فازڵ نەبی، عێراق ناتوانێ پابەنـدی بڕیارەکانی ئەمەریـکا نەبێت "چونکە مامەڵە داراییەکانـی عێراق لە ڕێگەی بانکەکانی ئەمەریکاوەیە، بەتایبەتیش بانکی جی پی مۆرگن کە پاڵپشتیی عێراق دەکات بۆ ئەوەی لەڕووی داراییەوە بکەوێتەوە سەرپێ، بۆیە ئەگەر تەنیا ئەم بانکە واز لە پاڵپشتی عێراق بهێنێ، عێراق تووشی گەورەترین نسکۆی دارایی دەبێت".

سـەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش، د.فازڵ نەبی، گوتی: "گەمارۆی سـەر کەرتی نەوتی ئێران، کاریگەری زۆری لەسـەر هەرێمی کوردسـتان نابـێ، چونکە هیچ پەیوەندییەکـی لە بواری وزە لەگەڵ ئێراندا نییە، بەڵام کاریگەری نەرێنی لەسـەر داهاتی گومرگەکانی هەرێمی کوردسـتان دەبێت، بەتایبەت لەسەر ئەو کاڵایانەی کە بازرگانـان ئێـران و هەرێمی کوردسـتان وەک ترانزێت بەکاردێنن".

د.فـازڵ نەبی پێیوایـە ئەگەر هەرێمی کوردستان ژیرانـە مامەڵە بکات و دەرفەتەکان بقۆزێتەوە، دەتوانێ سـوود لـەو گەمارۆیەی ئەمریـکا وەربگـرێ :"بەهۆی دابەزینـی نرخـی تومەن، ئێسـتا خەڵکی کوردسـتان کاڵای ئێرانییان بە هەرزان دەستدەکەوێت، حکومەتیش لەڕێگەی ئاسانکاری بۆ وەبەرهێنەران دەتوانێ کارگەی زۆر گـەورەی وەبەرهێنانی کاڵا خۆراکییەکانی ئێران لە کوردسـتان دابمەزرێنێ، لە جیاتی هاوردەکردنی کاڵای ئێران، کاڵا بەرهەم بهێنێ".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشـتی بازرگانی، لە دوو سـاڵی پێشتر و شـەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، هەرێمی کوردستان بایی 3 ترلیۆن و 974 ملیار و 405 ملیۆن دینار ئاڵوگۆڕی لەگەڵ ئێراندا هەبووە. لە ساڵی 2016دا یەک ترلیۆن و 818 ملیار و 405 ملیۆن دینار. لە ساڵی 2017دا ترلیۆنێک و 320 ملیار دینار، بەڵام لە شـەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، قەبارەی ئاڵوگۆڕەکە گەیشتووەتە 736 ملیار و 600 ملیۆن دینار، کە بەراورد بە شـەش مانگی یەکەمی سـاڵی ڕابردوو نزیکەی 10% زیادی کردووە.

نـەوزاد ئەدهـەم، بەڕێوەبەری گشـتیی بازرگانی لە وەزارەتی پیشەسـازی و بازرگانی بـە (ڕووداو)ی گوت :"بەهۆی دابەزینی نرخی تومـەن، بازرگانان ڕوویان لە هاوردەکردنی کاڵای ئێرانی کردووە. ڕۆژ بە ڕۆژ قەبارەی هاوردەکردنـی کاڵای ئێرانـی بـۆ هەرێمی کوردسـتان لەزیادبووندایە".

نەوزاد ئەدهەم پێیوایە ئەگەر عێراق گومرگ لەسـەر ئـەو کاڵایانـە دانەنێ کە لـە کوردسـتانەوە هەناردەی شارەکانی عێراق دەکرێن، ئەم ئاڵوگۆڕە بازرگانییە دوو هێندەی ئێستا دەبوو.

نێچیرڤـان بارزانـی، سـەرۆکی حکومەتـی هەرێمی کوردسـتان، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیـدا ڕایگەیاند: "هەرێمـی کوردستان بـۆ پابەندبوون بـە گەمارۆکانی ئەمەریکا لەسـەر ئێـران لـە چوارچێـوەی بڕیارەکانی عێراقـدا هەنگاو دەنێـت و پابەنـدی بڕیارەکانی عێراق دەبێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش داوامـان لەئەمەریـکا کردووە و لەگەڵ عێراقیش لەوبارەوە قسـەمان کردووە، دەمانەوێت شـاندێکی ئەمەریکا سـەردانی ئێمە بکات و بەرچاوڕوونیمان پێبدات لەسەر ئەوەی چ شتێک دەبێت بکرێت و چ شتێک نابێت بکرێت".

نـەوزاد ئەدهـەم، دەڵێت: "تا عێـراق پابەندبوونی خـۆی بە بڕیارەکانی ئەمەریکاوە ڕانەگەیەنێ، ئێمە هیچ کۆتوبەندێکمان لەسەر بازرگانان بۆ هاوردە و هەناردەی کاڵا بۆ ئێران، لە ئێرانەوە بۆ هەرێمی کوردستان نابێت".

هەرچەندە هێشـتا عێراق بڕیاری ڕاگرتنی ئاڵوگۆڕی هیـچ کاڵایەکی لەگـەڵ ئێران نەداوە، بەڵام لەئێسـتاوە بەشێک لە بازرگانان ترسیان لێ نیشتووە.

حاجـی فەقـێ هەڵشـۆیی، خاوەنـی کۆمپانیایەکی هاوردەکردنی کاڵای ئێرانی دەڵێت: "بەهۆی هەڵکشـان و داکشـانی نرخی تومـەن، کارگەکانی ئێران بەگوێرەی نرخی تومەن بەرامبەر بەدۆلار نرخ بەرز و نزم دەکەنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا بەهۆی هەرزانبوونی بەشی زۆری کاڵاکان بەراود بەسـاڵی ڕابردوو، قەبارەی هاوردەکردنی کاڵامان 150% زیادی کردووە".

حاجی فەقێ ساڵانە بایی 2 ملیۆن دۆلار کاڵای ئێرانی هاوردە دەکات، ئەو دەڵێت: "ساڵی ڕابردوو لەم وەرزەدا مانگانـە نزیکەی 5 ترێلە کاڵامان دەهێنا، بەڵام ئێسـتا مانگی وا هەیە 30 ترێلە کاڵا هاوردە دەکەین، بۆیە ئەگەر بازاڕ بەم شێوەیە خۆش بێت، لەوانەیە ئەمساڵ قەبارەی هاوردەکردنی کاڵامان بکاتە 4 ملیۆن دۆلار".

بە گوتەی حاجی فەقێ هەڵشۆیی، ئێستا کاڵای ئێرانی هەرزانترینە لە بازاڕ، بەو هۆیەوە خواست زۆر بووە، بەڵام ترسی هەیە کە عێراق پابەند بێ بە بڕیارەکانی ئەمریکا و ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ ئێران ڕابگرێ.

## نرخی گواستنەوەی کاڵا زیاد بووە

گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران، نرخی گواستنەوەی کاڵای لە چین و وڵاتانی دیکەی ئاسیاوە بۆ بەندەر عەباسی ئێران سێ بەرامبەر زیادکردووە.

بیلال سـدیق، بازرگانێکی شاری هەولێرە، کەلوپەلی ئەلیکترۆنـی و نێومـاڵ لـە چینـەوە بەڕێگـەی ئێراندا دەهێنێتـە هەرێمی کوردسـتان. ئەو دەڵێـت: "بەهۆی گەمارۆی ئابووریی ئەمریکا بۆ سـەر ئێران بەشـێک لە وڵاتان گەشـتی کەشـتییە بارهەڵگرەکانیـان بۆ بەندەر عەباس ڕاگرتووە، ئەمەش بووەتە هۆی زیادبوونی نرخی هاوردەکردنـی کاڵا لەچینـەوە بـۆ هەرێمی کوردسـتان بەڕێگـەی ئێرانـدا، بـۆ نموونـە مانگێک بەر لەئێسـتا کۆنتێنەرێـک کاڵا لەچینەوە بـۆ بەندەر عەباس بە 500 تاوەکـو 600 دۆلار بوو، بەڵام ئێسـتا بـۆ 2،250 دۆلار زیـاد بـووە، ئەمـەش لە داهاتـوودا کاریگەری لەسـەر بەرزبوونـەوەی نرخـی کاڵای ئەلیکترۆنـی و نێـو ماڵ دەبێت".



بەهۆی دابەزینی نرخی تومەن، ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران زۆر زیاد بووە

# ئاماژە گرنگەکانی ڕاپۆرتەکەی گەنەل ئێنێرجی لەبارەی نەوتی کوردستان



**عومەر ئەحمەد**

بەڕێوەبەری دیسکی ئابووریی ڕووداو




گەنەل ئێنێرجی پلانێکی نوێی بۆ پەرەپێدانی کێڵگەی تەقتەق رادەستی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان کردووە

ڕاپۆرتی نیوەی یەکەمی 2018ی کۆمپانیای گەنەل ئێنێرجیی تورکی کە یەکێکە لە کۆمپانیا چالاکەکانی بواری نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان، چەندین ئامـاژەی گرینگی تێدایە کـە کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لە چەند ساڵی داهاتوودا بەرەو چ ئاراستەیەک دەڕوات؟

وەک ڕاپۆرتەکـە دەڵێت، کۆمپانیاکە 11 بیری نەوتی لەبەردەسـتدایە کە کارەکانی پەیوەست بە هەڵکۆڵینـی ئەو بیرانە ئێسـتا بەڕێوەدەچن، یان بڕیارە لە نیـوەی دووەمی ئەمسـاڵدا بەڕێوەبچن. هەشت لەو بیرە نەوتانە بڕیارە تا کۆتایی ئەمساڵ ئامادە بکرێن بۆ قۆناغی بەرهەمهێنان.

گەنەل ئێنێرجی ڕایگەیاندووە کە سەرکەوتنیان لە پەرەپێدانی کێڵگەی نەوتی پێشخابوور بووەتە هـۆکاری ئـەوەی داهاتی کۆمپانیاکـە زیاد ببێت، لەبەر ئەوەش بەردەوام دەبن لە پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکانیان لە هەرێمی کوردستان.

ئاسـتی بەرهەمهێنانـی نـەوت لـە کێڵگـەی پێشـخابوور کە بە هاوبەشـی لەگـەڵ کۆمپانیای DNO ی نەرویجی بەڕێوەدەبرێت، مانگی ڕابردوو لە ئەنجامی هەڵکۆڵینی بیری نەوتی ژمارە 4 و ژمارە 5 بەرزبووەوە بۆ ڕۆژانە 35 هەزار بەرمیل نەوت.

کێڵگـەی پێشـخابوور کـە بەکێڵگەیەکی نوێ ئەژمـار دەکرێت، لە سـاڵی 2017 وە دەسـتی بە بەرهەمهێنانی نەوت کردووە و یەکێکە لە هیواکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی گەورە ببینێت لـە بەرزکردنەوەی ئاسـتی بەرهەمهێنانی نەوت لە چەند سـاڵی داهاتـوودا. بەتایبەتـی دوای ئەوەی بەهـۆی چەندیـن هۆکاری تەکنیکـی و جیۆلۆجی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەی تەقتەق بە ڕێژەیەکـی بەرچاو لە ڕۆژانە 120 هەزار بەرمیلەوە لە ساڵی 2013، دابەزی بۆ ڕۆژانە 13 هەزار بەرمیل لە ساڵی 2018.

کۆمپانیـای گەنەل ئێنێرجـی ڕایگەیاندووە کە مانگانە نزیکەی 10 ملیۆن دۆلار جووڵەی کاشیان هەیـە و چـاوەڕوان دەکـەن لە کۆتایی ئەمسـاڵدا دوای دابینکردنـی خەرجییەکانـی پەیوەسـت بـە بەرهەمهێنانـی نـەوت و پەرەپێدانـی کێڵگە نەوتییەکان، لەڕووی سـەرمایەی کاشـەوە بگەنە باڵانسێکی باش.

کۆمپانیاکە هەروەها ڕایگەیاندووە کە لە ئەمساڵدا بـڕی 95 تا 125 ملیـۆن دۆلار وەبەرهێنان دەکات بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانیان لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان.

یەکێـک لـەو هـۆکارە گرنگانـەی کـە وایکرد کۆمپانیاکانـی کەرتـی نـەوت و گاز لـە هەرێمی کوردستان لەڕووی داراییەوە بکەونە دۆخێکی باش بەراورد بە ساڵانی پێش 2017، ئەو ڕێککەوتنانە بوو کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە 2017 لەگەڵ هەریەکە لە کۆمپانیاکانی گەنەل ئێنێرجی و DNO کـردی بۆ پاککردنەوەی حەقدەسـتە کۆنەکانیان.

هەروەهـا یەکلاکردنەوەی کەیسـی دادگایی نێوان کۆمپانیای داناگاز و حکومەتی هەرێمی کوردستان، کاریگەری گەورەی لەسەر گەڕاندنەوەی دڵنیایی و متمانەی کۆمپانیا نەوتییەکان بە حکومەتی هەرێمی کوردسـتان هەبوو، بەچەشـنێک کە ئەو کۆمپانیا نەوتییانە پابەندبوون بە پەرەپێدانی کارەکانیان و خەرجکردنی سەرمایەکانیان بۆ پەرەپێدانی کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان.

کۆمپانیـای گەنەل ئێنێرجی لە ڕاپۆرتی نیوەی یەکەمی ئەمسـاڵی خۆیدا ئاماژە بە سـەرکەوتنی کۆمپانیاکـە دەکات لە دەرهێنانی نەوتی سـووک لە کێڵگـەی بنەبـاوی. کۆمپانیاکـە ڕایگەیاندووە کـە لە ئەنجامی هەڵکۆڵینی بیری ژمارە سـێ لەو کێڵگەیـەدا توانراوە ڕۆژانـە 3500 بەرمیل نەوتی سووک دەربهێنرێت. گەنەل ئێنێرجی ڕایگەیاندووە کـە چـاوەڕوان دەکات بتوانێت بە بـڕی ڕۆژانە 5 هـەزار بەرمیل نەوت لە قۆناغی یەکەمدا نەوت لەو کێڵگەیە بەرهەم بهێنێت. لە قۆناغی دووەمیشـدا ئامانجیـان ئەوەیە دوای لێدانی چـوار بیری نوێ، ئاسـتی بەرهەمهێنانی نەوت لـە کێڵگەی بنەباوی بەرز بکەنەوە بۆ ڕۆژانە 10 تا 15 هەزار بەرمیل.

کۆمپانیای گەنـەل ئێنێرجی لـە ڕاپۆرتەکەیدا یەدەگی نەوتی کێڵگەی بنەبـاوی خەمڵاندووە کە پێشبینی دەکەن 44 ملیۆن بەرمیل نەوتی یەدەگی هەبێت.

کێڵگەی بنەباوی هاوچەشنی کێڵگەی میران لە بنەڕەتدا کێڵگەی گەورەی گازی سرووشتییە و ئەو نەوتە سووکەی کە لە کێڵگەی بنەباوی دەرهاتووە لەڕووی جیۆلۆجییەوە ئەو نەوتەیە کە لە سەرووی چینی گازەکە شوێنی گرتووە.

گەنـەل ئێنێرجی لـە ڕاپۆرتەکەیدا ئاشـکرای کـردووە کـە لـە ئەنجامـی هەڵسـەنگاندن و لێکۆڵینەوە زانسـتییەکانی لایەنی سێیەم یەدەگی گازی سرووشـتی دوو کێڵگـەی بنەباوی و میران، بەرزکراوەتەوە بۆ 14.8 تریلیۆن پێ سێجا.

سـەبارەت بـە کێڵگـەی تەقتـەق کە ئاسـتی بەرهەمهێنانـی نەوتـی دابەزیوە، لـە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەو هەوڵە تەکنیکییانە دراوە کە دەدرێن بۆ جێگیرکردن و سەقامگیرکردنی بەرهەمهێنانی نەوت لەو کێڵگەیە.

کێشەی کێڵگەی نەوتی تەقتەق ئەوە بوو کە لە هەندێ لە بیرە نەوتەکان قەبارەی ئاوی تێکەڵ بە نەوتەکە بەخێرایی بەرز دەبووەوە.

گەنەل ئێنێرجی ڕایگەیاندووە کە پلانێکی نوێی بـۆ پەرەپێدانی ئەو کێڵگەیە ڕادەسـتی وەزارەتی سـامانە سرووشـتییەکان کـردووە بۆ ئـەوەی لە تواناکانی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەو کێڵگەیە کەڵک وەرگرن و ئامانجیانە نەتەنیا ئاسـتی بەرهەمهێنان جێگیـر بکـەن، تەنانەت هیواش هەیە، تا سـاڵی داهاتوو ئاسـتی بەرهەمهێنانی نەوت لەو کێڵگەیە بەرزبکەنەوە.

سەبارەت بە کێڵگەی تاوکێ کە پێکەوە لەگەڵ کێڵگەی پێشخابوور بە "مۆڵەتی تاوکێ" ناسراون، کۆمپانیای گەنەل ئێنێرجی ئاشکرای کردووە کە لە سـێ مانگی ڕابردوودا ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لەو کێڵگەیە دابەزیوە، بەڵام کۆمپانیاکە بۆ ئەوەی قەرەبـووی دابەزینی ئاسـتی بەرهەمهێنانی نەوت بکات، لە بەرنامەیدایە لە نیوەی دووەمی ئەمسـاڵ 4 بیری نەوتی نوێ لەو کێڵگەیە هەڵکۆڵێت.

ڕاپۆرتەکەی کۆمپانیای گەنەل ئێنێرجی هەروەها کۆمەڵێک داتای ورد لەسـەر ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەکانی تاوکێ و پێشخابوور و تەقتەق ئاشکرا دەکات.

بەپێی ڕاپۆرتەکە، کۆی بەرهەمهێنانی نەوت لەو سـێ کێڵگەیـە ڕۆژانە 118 هـەزار و 540 بەرمیل بـووە کە ڕۆژانە 117 هەزار و 689 بەرمیلی لەڕێی بۆڕی نەوتی کوردستان- جەیهان هەناردە کراوە.

لـەڕووی داراییـەوە، بەپێـی ڕاپۆرتەکـەی کۆمپانیـای گەنـەل ئێنێرجـی، داهاتی سـاڵانەی کۆمپانیاکـە بـە ڕێـژەی 85% زیادی کـردووە بۆ 161 ملیـۆن دۆلار. هۆکارەکەشـی وەکو ئاماژەی بـۆ کـراوە، ئـەو ڕێککەوتنـە بوو کـە حکومەتی هەرێمی کوردسـتان لە مانگی ئابی سـاڵی 2017 لەگەڵ کۆمپانیاکە واژۆی کرد لە پێناو پاکتاوکردنی حەقدەسـتە کەڵەکەبووەکانی بە پێدانی پشـکی زیاتر لە کێڵگـە نەوتییـەکان. هۆکارێکی دیکەی زیادبوونی داهاتەکانی کۆمپانیای گەنەل ئێنێجی لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵ بەرزبوونەوەی نرخی نەوتی برێنتە کە تێکڕای ئەو ماوەیە 71 دۆلار بووە.

هەموو ئەمانە لە کاتێکدایە کە خەرجییە گشتی و ئیدارییەکانـی کۆمپانیاکە بەڕێژەی 8% دابەزیوە بۆ 11.8 ملیۆن دۆلار.

ئەوەشـی جێگـەی سـەرنجە، خەرجـی بەرهەمهێنانی نەوتە کە لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵ 12.1 ملیۆن دۆلار بووە و ئەوەش بەو مانایە دێت کـە بۆ دەرهێنانی هەر بەرمیـل نەوت کۆمپانیاکە تەنیا 2 دۆلاری خەرج کردووە.

# نەبوونی لایەنی سێیەم، گومان دەخاتە سەر ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت



**بیلال سەعید**

کۆمپانیـای دیلۆیـت پێشکەشـکردنی خزمەتگوزاریـی وردبینـی، بە پاڵپشـتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان، لە مـاوەی دوو سـاڵی ڕابردوودا دوو ڕاپۆرتـی لەبارەی وردبینی بەرهەمهێنان و داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان لە سـاڵی 2017 ئامادە کردووە کە یەکەمیان لە 13ی کانوونـی دووەمـی 2018 و دووەمیـش لە 31ی تەممـوزی 2018 بڵاوکراوەتـەوە، واتـە لە مـاوەی نزیکـەی 22 مانگدا تەنیـا دوو ڕاپۆرتی بڵاوکردووەتـەوە. بەبـێ ئەوەی لایەنی سـێیەم کە ڕۆژنامەنووسـان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیـن، ئاگایان لە ئامادەکردنـی ڕاپۆرتەکان هەبێ.

هەوڵەکـەی حکومـەت بۆ گرێبەسـت لەگەڵ کۆمپانیایەکی گەورەی وەک دیلۆیت، دوای ڕەخنە و تێبینـی و تەنانەت تۆمـەت و تۆمەتبارکردنی حکومەت و بەرپرسانی یەکێتی و پارتی هات لە شەفافنەبوونی کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان. بەشـێکی زۆری هەوڵ و خواسـتی حکومەت بۆ کارکـردن لەگـەڵ دیلۆیت، بـۆ ڕەواندنەوەی ئەو گومـان و دوودڵییە بوو کە لەبارەی سیاسـەتی نەوتی کوردستان لەئارادابوو، بەڵام ئایا دیلۆیت دیـوە نارۆشـنەکەی کەرتی وزەی کوردسـتانی ڕووناک کردەوە؟

بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرت و زانیاری لەسەر کەرتی نەوتی کوردستان کە پێشـتر هەموو دەرگاکانی لەسـەر داخرابـوو، کارێکی زۆر باشـە و جێگای دەستخۆشـییە، بەڵام پرسیارێک دێتە ئاراوە کە ئایا حکومەت ڕاپۆرت بۆ خۆی بڵاودەکاتەوە یان بـۆ هاووڵاتییان؟ بۆیە لە پرسـی بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکانـی دیلۆیتـدا چەندیـن پرسـیار هەن پێویسـتیان بـە وەڵامدانەوەیـە و زۆر بە کەمی وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدرێنەوە.

بـۆ زانینـی ئاسـتی ڕوونـی و شـەفافیەت لـە کەرتی نـەوت و گاز لـە جیهانـدا، چەندین ناوەنـد و ڕێکخراو و کۆمەڵـەی جیهانی پێوەری جیاوازیـان دیاری کردووە، بۆیە بۆ ئەوەی بزانین پرۆسـەی نەوتی کوردسـتان تا چەنـدە ڕوونە، پێویسـتە پێوەرە جیهانییەکان بۆ پێوانەکردنی ئاسـتی شەفافیەت بزانین. یەکێک لەو دامەزراوە جیهانییانەی کە ئاسـتی شـەفافیەت لە نەوتی جیهاندا شی دەکاتەوە ڕێکخراوی دەستپێشخەریی شـەفافیەتە لـە پیشەسـازییە دەرهاتـووەکان (EITI) کە لەیاسـای نەوت و گازی کوردسـتاندا ئامـاژەی پێکراوە و عێراقیش پابەندبوونی خۆی بۆ ئەو دەستپێشخەرییە ڕاگەیاندووە.

بۆیە ئەگەر خوێندنەوەیەکی خێرا بۆ ناوەڕۆکی ڕاپۆرتـی دووەمی دیلۆیت بکەیـن، دەگەینە ئەم چەند خاڵە:

1- ڕاپۆرتـی دووەم جیاوازییەکـی زۆر کەمی لەگەڵ ڕاپۆرتی پێشتر هەیە کە لە 31ی کانوونی دووەمی 2018 بڵاوکراوەتەوە، لە هەندێک شوێن هەسـتت دەکـرد ڕاپۆرتـی یەکەمـە و کۆپـی و پەیست کراوە. تەنانەت ڕاپۆرتی یەکەم وردەکاری و گرافیکی زیاتری لەبارەی نرخی نەوت و ئاستی هەنـاردەی ڕۆژانـە و نرخـی تێکـڕای مانگانەی فرۆشتنی نەوتی تێدابوو.

2- ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت کەمترین پێوەرەکانی شەفافیەتی نێودەوڵەتییان تێدایە و پێوەرەکانی (EITI) تێدا جێبەجێ نەکراوە.

3- دواکەوتنێکـی زۆر لـە بڵاوکردنـەوەی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت هەسـتی پێدەکرێت و کاتی بڵاوکردنـەوەی ڕاپۆرتەکان دیار نییە، هەرچەندە حکومەتی هەرێمی کوردسـتان ڕایگەیاندووە کە لە ئایندەیەکی نزیکدا ڕاپۆرتی سـێیەمی دیلۆیت بڵاودەکرێتەوە.

لەبەرئـەوە دەکرێـت بڵێیـن بەردەوامیدان بە بڵاوکردنـەوەی ڕاپۆرتەکانـی دیلۆیت بەمشـێوە و ناوەڕۆکەی ئێسـتا ئامانجەکانـی حکومەت لە پرۆسەی زیادکردنی شەفافیەت جێبەجێ ناکات و پێویستی بە وردبوونەوەیەکی زیاتر لەم پرۆسەیە هەیە. دیلۆیت لە ڕاپۆرتی یەکەم و دووەمدا، تەنیا بۆچوونی فەرمی حکومەتی هەرێمی پشتڕاسـت کردووەتەوە و تەنیا داتاکانی ئەوی بەکارهێناوە، بەبـێ ئەوەی بەراوردی بکات بـە داتا و زانیاری لایەنەکانی دیکەی پەیوەندیدار، جگە لەوەی هیچ ئاماژەیەکی بە لەمپەر و کەموکورتییەکانی بەردەم کەرتی نەوتی کوردستان نەکردووە!

بۆیـە بەردەوامیـدان بـە بڵاوکردنـەوەی ڕاپۆرتـەکان بـەم شـێوەیە گومانەکان لەسـەر پرۆسـەی نەوتـی کوردسـتان زیاتـر دەکات و کاریگـەری لەسـەر ڕاسـتگۆیی و جدیەتـی ڕاپۆرتـەکان دەبێت، لەبەرئەوە ناکرێت چاوەڕێی ئەوە بکەیت کۆمپانیایەک لەژێر چاودێری دارایی و مرۆیی حکومەت کاربکات و داتاکان لە حکومەت وەربگرێت، ڕەخنە لە سیاسەتی نەوتی کوردستان بگرێ.

دەستپێشـخەریی شەفافیەت بۆ پیشەسازییە دەرهاتـووەکان کـە بـە EITI ناسـراوە، دەستپێشـخەرییەکی جیهانییـە و کۆمەڵێـک مـەرج و پێـوەر و بنەما بۆ شـەفافیەت لەبواری پیشەسـازیی دەرهێنان و ڕێگەگرتن لە گەندەڵی و بەفیڕۆنەچوونـی داهاتـە زەبەلاحەکانـی ئـەو بـوارە لەخۆدەگرێـت. بەکورتـی هـەر وڵاتێـک بیەوێـت پابەند بێت بـە دەستپێشـخەرییەکە، دەبێـت هەرچی داهاتی سـاڵانەی هەیە لە بواری پیشەسـازیی دەرهێنانـی (نـەوت، گاز، کانـزا و... هتد) ئاشـکرای بکات، هەروەها هەموو ئەو کۆمپانیـا نێوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتیانەی کـە ئەو نـەوت و گازەیان کڕیوە، بڕی ئەو پارانە ئاشـکرا بکەن کە داویانە بـەو وڵاتە لە بەرامبەر کڕینی ئەم بەرهەمانە.

ئەنجوومەنێکیش هەبێت ڕاپۆرتەکە پەسـەند بـکات کـە پێیدەگوترێت "ئەنجوومەنـی خاوەن بەرژەوەندییـەکان"، ئەنجوومەنەکـە لە نوێنەری حکومـەت، نوێنـەری کۆمپانیـاکان و نوێنەری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێکدێت. بەڵام ئایـا ڕاپۆرتەکانـی دیلۆیت بە فیلتـەری لایەنی سـێیەمدا تێپەڕیون؟ بەدڵنیاییەوە نەخێر، بۆیە وردبینی لە داهاتی نەوت لە ڕێگەی کۆمپانیایەکی بیانی تایبەتمەند، بەبێ پێکهێنانی "ئەنجوومەنی خاوەن بەرژەوەندییەکان"، یان لایەنی سـێیەمی پرۆسەی شەفافیەت، ئەستەمە بتوانێت ماهیەت و گرنگی ئەو وردبینییە بپێکێ.

لـە پێنـاو کەمکردنەوەی گومانەکان لەسـەر سێکتەری نەوتی کوردستان، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ خۆی دەستپێشخەریی بکات بۆ پێکهێنانـی ئەنجوومەنێک، کە پێیدەگوترێت "ئەنجوومەنـی خاوەن بەرژەوەندییـەکان" و ئەم ئەنجوومەنـە لە نوێنەرانی حکومەت و نوێنەرانی لایەنی چاودێری (پەرلەمـان، دیوانی چاودێریی دارایی و دەستەی دەستپاکی) پێکدێت. هەروەها دەبێ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، میدیا، کەسـانی شـارەزا و ئەکادیمی لە بواری نەوت و وردبینی لەخۆبگرێت. ئـەم ئەنجوومەنە (کە لە زۆربەی وڵاتـان لە 15-20 ئەندام پێکدێت) وەک هەنگاوی یەکەمە بۆ پرۆسەی EITI لەم وڵاتەدا.



بەپێی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت هیچ زانیارییەکی نادروست لە بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوتی کوردستاندا نییە

هونەری
ڕووداو
ژمارە (517) - دووشەممە 2018/8/13

## خەونەکانی پیاوە پرتەقاڵییەکە لە ئەمریکا نیشاندەدرێت




**ڕووداو- هەولێر**

نوێترین کورتە فیلمی خانمی سینەماکاری کورد شیرین جیهانی، بە ناوی" Orange Man Dreams" واتە خەونەکانی پیاوی پرتەقاڵییەکە، لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی سانفرانسیسکۆ لە ڕۆژانی 22 و23ی سێپتەمبەری ئەمساڵ نیشان بدرێت. عیسا مێرگەسۆری، پرۆدیسەری فیلمەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کورتە فیلمەکە، باس لە خەون و قۆناخەکانی ژیانی کەسێک کە کەوتووەتە زیندانەکانی داعش، هەمیشە ئەو ڕۆژە خۆشانەی دێنەوە بەرچاو کە لە دەرەوەی زیندان لەگەڵ هاوڕێکانی یان ماڵەوە بەسەری بردوون. هەروەها باس لە ڕەفتار و ڕووداوە مەرگبارەکانی داعش دەکات کە چۆن هەنگاو بە هەنگاو بە پیر مەرگەوە دەیبەن ."

## هونەرمەند حەسەن شەریف بۆ (ڕووداو):

# بۆ تۆمارکردنی کلیپێکی نوێ لە کوردستانم



لەگەڵ خانمە هونەرمەندی باکووری کوردستان ڕۆژدا ئێستا لە باشووری کوردستانە و کار بۆ بڵاوکردنەوەی کلیپێکی گۆرانی دەکەن کە باس لە جینۆسایدی گەلی کورد دەکات. هونەرمەندی گۆرانیبێژ حەسەن شەریف کە ساڵانێک پێشمەرگە بووە، بەرهەمەکانی زۆربەی جاران لەبارەی نیشتیمان و نەتەوەن، شەڕ هەبێت یان نەبێت، ئەو گۆرانی بۆ خاک و پێشمەرگە و وڵات دەڵێت. حەسەن شەریف کە لە تاراوگە نیشتەجێیە، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی کارە هونەرییەکانی و ڕەوشی ئەمڕۆی هونەری کوردی دەکات.

**دەرباز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

**ڕووداو: بەر لە هەموو شتێک، پرسیاری ئەوە دەکەم کە بۆچی گەڕاویتەوە؟**

**حەسەن شەریف:** ئێمە بۆ کلیپکردنی گۆرانییەکی نوێ لە کوردستانین، لەگەڵ هونەرمەندی بەناوبانگی باکووری کوردستان ڕۆژدا لێرەم. ئەم کلیپ و گۆرانییە لە تێکستی مامۆستا ئەمین بۆتانییە، باس لە جینۆسایدی گەلی کورد دەکات، بەرهەمی تۆڕی میدیایی ڕووداوە و سوپاسیان دەکەم کە هاوکارمن بۆ بەرهەمهێنانی ئەم کارە.

**ڕووداو: بۆ کلیپکردنی ئەم گۆرانییە ناوچە شوێنەوارییەکانی کوردستانت هەڵبژاردووە، وەکو قەڵای شێروانە لە کەلار و قشڵەی کۆیە، بۆچی ئەو شوێنانە؟**

**حەسەن شەریف:** ئەم گۆرانییە لەبارەی کوردە، باس لە جینۆساید دەکات، بۆیە دەرهێنەری کلیپەکە کاک سامان عەدنان بڕیاری دا لەم لۆکەیشنانە وێنەی بگرین.

### هونەرمەندی کورد پارەی لە گۆرانی دەستناکەوێ

**ڕووداو: پێشتر گۆرانییەکت بەناوی ڕەش و شین بڵاوکردەوە کە باس لە ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر دەکەیت، دەمەوێت زیاتر لە مەبەستی ئەم گۆرانییە تێبگەم؟**

**حەسەن شەریف:** مەبەستی ئەم گۆرانییە ڕوونە، باس لە خیانەتی گەورەی 16ی ئۆکتۆبەر دەکات، منیش وەکو هونەرمەندێک حەزم کرد لەم ڕووداوەدا گۆرانییەک بڵاوبکەمەوە کە دەڵێت: شوانی ئێمە گورگی هێنا و بەریدایە پەز و مەڕ. تێکست و ئاوازی ئەم گۆرانییە هەر هی مامۆستا ئەمین بۆتانی بوو، زۆر سوپاسی دەکەم.

**ڕووداو: هیچ پلانت هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەلبوومی گۆرانی؟**

**حەسەن شەریف:** کارکردن بۆ ئەلبوومی گۆرانی زەحمەتە، بەتایبەتی ئێستا، بۆیە هیچ پلانێکی نزیکم نییە، بەڵکو کارەکانم بە سینگڵ بڵاودەکەمەوە، هونەرمەندی کورد داهاتی لە کارە هونەرییەکانی دەستناکەوێت، بۆیە بەرهەمهێنانی ئەلبووم زۆر قورسە.

**ڕووداو: ئەی لەبارەی کۆنسێرت؟ تۆ لە سوێد دەژی، لەوێ بارودۆخی کۆنسێرت چۆنە؟**

**حەسەن شەریف:** بەگشتی کولتووری کۆنسێرت و ئاهەنگ کەمە لە کوردستان، بۆیە بارودۆخی کۆنسێرتی گۆرانی بەگشتی لە کوردستان و لە ئەورووپاش باش نییە.

**ڕووداو: تۆ هونەرمەندێکی کە گۆرانیت بۆ هەموو بابەتەکان هەیە، هەمیشە دەڵێن منداڵ و گەنج و پیر دەتوانن گوێ لە حەسەن شەریف بگرن..**

**حەسەن شەریف:** جا ئەمە مەبەست و پلانی منە، هونەرمەند دەبێت لە هەموو بارودۆخێک، بۆ هەموو بابەتێک گۆرانی هەبێت.

**ڕووداو: دەتوانم پرسیاری قۆناغەکانی ژیانی تۆ بکەم؟**

**حەسەن شەریف:** من ماوەی زیاتر لە 20 ساڵە لە ئەورووپا دەژیم، بەر لەوەش پێشمەرگە بوومە، ژیانێکی قورسم هەبووە، بەڵام پێشمەرگایەتی بە قۆناغی زێڕین و شەرەفمەندانەی ژیانی خۆم دەزانم.

### بەرهەمی پێشمەرگە و شنگال شاکارێکی پڕ شانازی ژیانی منن

**ڕووداو: گرنگی بە نوێکردنەوەی گۆرانی فۆلکلۆر دەدەیت، ئەم ئەزموونە بۆ تۆ چۆنە؟**

**حەسەن شەریف:** من پێموایە هونەرمەندانی کۆن و هونەری کوردی گەنجینەیەکی گەورەن، ئێمەی هونەرمەندانی ئێستا ئەرشیفێکی گەورە و دەوڵەمەندمان هەیە بۆ کارکردن لەسەری، نوێکردنەوەی گۆرانی فۆلکلۆریش کارێکە دەبێ بکرێت، ئێمە پێویستمان بەوەیە هونەری خۆمان پێشانی گەنجان و نەوەی نوێ بدەین، ئەمە ئەرکی هەموو هونەرمەندێکە.

### پێشمەرگایەتی مێژوویەکی زێڕینی ژیانی منە

**ڕووداو: بەشداریکردنت لە شاکاری پێشمەرگە و شنگال لەگەڵ هونەرمەندی کورد د.دڵشاد محەممەد سەعید چۆن ئەزموونێک بوو؟**

**حەسەن شەریف:** پێموایە ئەو شاکارە یەکێکە لەو کارە گەورانەی کە دەبێت هەموو کورد شانازی پێوە بکات، بەڕاستی ئەزموونێکی باوەڕپێنەکراو بوو، ئەزموونێک بوو کە هەرگیز لەبیری ناکەم.

# ڕەستاک.. گرووپێک لەپێناوی زیندووکردنەوەی فۆلکلۆر

**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

زیاتر لە 20 ساڵە میوزیک و گۆرانیی نەتەوە جیاوازەکانی ئەم ناوچە ئاڵۆزەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەژەنن و دەڵێنەوە. گرووپی میوزیکی ڕەستاک، گرووپێکی نێوداری ئێرانە کە ژەنیارانی لە هەموو نەتەوە جیاوازەکانی ئێران پێکهاتوون و گۆرانیی فۆلکلۆر و ڕەسەنی نەتەوەکان بەشێوازێکی نوێ دەڵێنەوە.

فەرزاد مورادی، ژەنیاری گرووپی ڕەستاکە و خەڵکی کرماشانە، خۆی و براکەی تەنیا کوردی نێو گرووپەکەن. مورادی باسی دامەزراندنی ئەم گرووپە بۆ (ڕووداو) دەکات و دەڵێت: "گرووپی ڕەستاک بە سەرپەرشتیی سیامەک سیپهێرییە، کە هاوکات ئاوازدانەری گرووپەکە و ژەنیاری تاریشە، ئەو دەرچووی بواری میوزیکە لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی تاران، نزیکی 20 ساڵ پێش ئێستا دەستی بە چالاکی کردووە".

ئەم گرووپە بە پلەی یەکەم کار لەسەر زیندووکردنەوەی میوزیکی فۆلکلۆری نەتەوەکان دەکات. مورادی دەڵێت: "تەوەری سەرەکیی چالاکییەکانی گرووپی ڕەستاک لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی میوزیکی گەلانی ئێران و میوزیکی فۆلکلۆری ئێرانە، هەروەها دووبارە زیندووکردنەوەی بەرهەمە فۆلکلۆرییەکانە، بەشێوەیەک بتوانێ پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی دەرەوەی ئێرانیش دروست بکات".

گرووپی ڕەستاک کە 20 ساڵە دامەزراوە، تاوەکو ئێستا پێنج ئەلبوومی گۆرانی بڵاوکردووەتەوە کە یەکەم ئەلبوومیان نزیکەی 10 ساڵ پێش ئێستا بوو بە ناوی "نیگارە کۆنەکان". دواتر ئەلبوومی "هەموو گەلانی من" یان بڵاوکردەوە. پاشان ئەلبوومی "زوڕنای نەورۆز" و "لەنێوان خۆرەکانی هەمیشە". دوایین ئەلبوومیش کە ڕاستاک بڵاوی کردووەتەوە، ئەلبوومێک بوو بە ناوی (بەهار) کە کۆمەڵێکە لە میوزیکی تایبەت بە بەهار لە نەتەوەکانی ئێران.

مورادی دەڵێت: "ئەوانەی کارمان لەسەر کردوون، زیاتر میوزیکی فۆلکلۆری ئێرانن، بۆ نموونە فۆلکلۆری باکووری ئێران، ناوچەی خۆراسان، گەیلان، مازندەران و ئازەربایجان کە لەڕاستیدا کولتووری جیاوازیان هەیە".

گرووپی میوزیکی ڕەستاک بۆ یەکەمجار لە شاری هەولێر کۆنسێرتێکی میوزیکیان لە تێدێکس نیشتمان پێشکەش کرد، لەبارەی ئەم کۆنسێرتەوە، فەرزاد مورادی دەڵێت: "زۆر خۆشحاڵین کە دەرفەتی ئەوە ڕەخسا لە شارە جوانەکەی هەولێر لەگەڵ خەڵک بووین و زۆر خۆشحاڵترم بەوەی کە خەڵکی هەولێر ئەوەندە باش لەگەڵ میوزیکی ئێمە تێکەڵ بوون، ئەوان لە زمانی گۆرانییەکانی ئێمە تێنەدەگەیشتن، بەڵام توانییان پەیوەندییەکی باش دروست بکەن لەگەڵ میوزیکەکە".

ئافرەت پێگەیەکی گرنگی لەنێو گرووپی میوزیکی ڕەستاک هەیە، لینا دۆستی ژەنیاری ئامێری کەمانچەیە، هەمیشە هەست و هۆشی خۆی ئاوێزانی نۆتە و میلۆدییەکان دەکات و لە ڕێگەی میوزیکەوە ڕۆدەچێتە نێو ناخی هەموو ئامادەبووان.

لینا دۆستی تەمەنی 11 ساڵان بووە کە چووەتە پەیمانگای میوزیکی کچان لە تاران و دەستی بە ژەنینی کەمانچە کردووە، دواتر لە زانکۆی باڵای میوزیک درێژەی بە خوێندنی ئەکادیمی لەبارەی ژەنینی ئامێری کەمانچە داوە، هاوکات لەگەڵ خوێندنەکەی پەیوەندی لەگەڵ گرووپی ڕەستاک دروستکردووە و ماوەی شەش ساڵە لەگەڵ ئەو گرووپە کار دەکات.

### لینا دۆستی: زمانێکی هاوبەشمان لە میوزیکدا دۆزیوەتەوە

لینا باسی ڕۆڵی ژنانی میوزیکژەن لە گرووپی ڕەستاک دەکات و دەڵێت: "لەم گرووپەدا ژەنیاری ژن ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە، واتە وا نییە کە ئێمە تەنیا بمانەوێ لەگەڵ پیاوەکان پێکەوە میوزیک بژەنین، یان تەنیا لەبەر ژنبوونمان سەرنجڕاکێش بین، سەبارەت بە ژەنیاری ژن لە ڕەستاکدا، دەڵێم لە هەموو گرووپەکاندا زۆر سوود لە ژەنیاری ژن وەرنەدەگیرا، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئێمە ڕۆڵێکی گرنگمان دەبێ لە کۆی گرووپەکەدا. بۆیە ڕەستاک سوودێکی گرنگ و کارەکتەرسازیی باشی هەبووە بۆ خانمانی ژەنیار".

لینا دۆستی ژەنیاری ئامێری کەمانچەیە و دەڵێت لە ئێران ژنە ژەنیاری کەمانچە لە پەنجەی دەست تێپەڕ ناکەن "کاتێک من دەستم کرد بە ژەنینی کەمانچە، ژەنیاری ژن لە ئێران زۆر کەم بوون. یەکێک لە هۆکارەکان کە مامۆستاکانی کەمانچە زۆر منیان هاندا ئەو ئامێرە بژەنم، ئەوەیە کە ژەنیاری ژن لە کەمانچە زۆر کەمە و لە پەنجەی دەست تێپەڕ ناکەن".

دۆستی ئاماژە بە هۆکاری بەردەوامبوونی خۆی لەگەڵ گرووپی ڕەستاک دەدات و دەڵێت: "گرووپەکان زۆرتر پشت بە ژەنیاری پیاو دەبەستن، بەڵام ڕەستاک بەوە ناسرا کە سوود لە ژەنیاری ژن دەبینێ و لێهاتوویی ئەوان نیشان دەدا. هەر ئەمەش بووە هۆکار کە من لەم گرووپەدا بمێنمەوە و بە تامەزرۆییەوە درێژە بە کار بدەم".

دەمێکە گوتوویانە میوزیک سنوورەکان کاڵ دەکاتەوە، گرووپی میوزیکی ڕەستاک زمانێکی هاوبەشیان لە میوزیک و گۆرانیدا دۆزیوەتەوە، لەڕێگەی زمانی میوزیکەوە هۆڵەکانی نمایشی کۆنسێرت پڕ دەکەن لە خەڵک.

ئەم خانمە دەڵێت: "ئێمە هەر کاتێک دەچینە سەفەر و بەرنامەمان هەیە و خەڵک میوزیکەکەمان دەبیستن، چ لە وڵاتی خۆمان و چ لە دەرەوەی وڵات، دەڵێی زمانێکی هاوبەشمان لە میوزیکدا دۆزیوەتەوە. دەبینی خەڵک چەندە بە ئاسانی لە بەرنامەکاندا لەگەڵمان هاودەنگ دەبن لە حاڵێکدا کە هەر تێناگەن لەو شیعرانەی دەیانخوێنینەوە یان تەنانەت لەوانەیە یەکەمجار بێ گوێیان لەو میوزیکە بێ کە ئێمە پێشکەشی دەکەین، بەڵام ئەوەندە بە ئاسانی پەیوەندیی لەگەڵ دەگرن کە ئێمە خۆشمان پێمان سەیر دەبێ. پێموایە ڕەستاک توانیویەتی بگات بە زمانێکی هاوبەش".



تاراوگە
ڕووداو
ژمارە (517) - دووشەممە 2018/8/13



## بەریتانیاساڵێک منداڵێکی کورد لە خێزانەکەی دادەبڕێنێ

**ڕووداو- هەولێر**

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی ئیندیپێندنتی حکومەتی بەریتانیا ماوەی یەک ساڵ ڕێگەی لە کۆرپەیەکی کورد بە ناوی لیا جاسم گرتووە لەگەڵ باوکی بچێتەوە بەریتانیا، لە کاتێکدا باوکی هاووڵاتیی بەریتانیا بوو.

وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە مادام لیا لە نەخۆشخانەیەکی منداڵبوونی هەولێر لەدایکبووە، کەواتە ناکرێ ڕەگەزنامەی بەریتانی پێبدرێ. کریستین جاردین، ئەندام پەرلەمانی پارتی لیبراڵ دیموکرات بۆ ڕۆژئاوای ئێدینبرە لە سکۆتلاند، یارمەتی جاسم و کچەکەی داوە بۆ ئەوەی دوای ساڵێک لە بەریتانیا بە یەکدی شاد ببنەوە.

13 ساڵ پەرلەمانتار بووە

BIG STORY

# کوردێک سەرۆکی کۆنترین یانەی وەرزشیی ئەڵمانیایە

**پیاوێکە ماندووبوون نازانێ. لەو ماوەیەدا کە لەگەڵی بووین، هەمیشە دەجووڵا و هەموو شتێکیشی بە پلان بوو. یان خەریکی وەرزش بوو یان لەسەر کار بوو یان خەریکی چالاکییەکی سیاسی و جڤاکی و کولتووری بوو. هاوڕێ ئەڵمانەکانی پێیانگوتم: "محەممەد تانریڤەردی ئەڵمانێکی تەواوە. بەڵام بە تامی کوردی". ئەو لە ماڵەکەی خۆیدا کە پێشتر هی ماڵباتێکی جوو بووە و لەسەردەمی نازییەکاندا دەرکراون و هەڵاتوون بۆ ئەمریکا. لەگەڵ هاوژینە یۆنانییەکەی خزمەتمان دەکات و ئەوەمان بۆ باس دەکات کە چۆن گەنجێک لە ناوچەی سیڤەرەکی باکووری کوردستانەوە هاتووەتە دەرەوە و بووەتە ئەو کەسەی 13 ساڵ یەکێک لە پەرلەمانتارە کاریگەرەکانی هەرێمی ئێسنی ئەڵمانیا بێت و دوای ئەوەش ببێتە سەرۆکی کۆنترین یانەی وەرزشیی ئەو وڵاتە.**

**هێمن عەبدوڵڵا**
**ڕووداو - گیسن**

تانریڤەردی لە ئۆفیسی خۆی لە کۆمپانیاکەی کۆمەڵێک تابلۆی هەڵواسیوە. یەکێکیان وێنەی خۆیەتی لەکاتی وەرگرتنی مەدالیای بەرزی شایستەیی کۆماری فیدراڵیی ئەڵمانیا. ئەو دەزانێ ئەو مەدالیایە بەرزترین مەدالیایە و تەنیا دەدرێتە ئەو کەسانەی کارێکی زۆر گەورەیان بۆ ئەڵمانیا کردبێت کە ناسراوترینیان لەنێو کورددا نووسەری بەنێوبانگی ئەڵمان گونتەر گراسە، بەڵام کاتێک تانریڤەردی قسەی لەسەر دەکات، زۆر بەخاکەڕاییەوە دەڵێت: "سوپاسی سەرۆککۆمار دەکەم کە ئەو مەدالیایەی پێدام". تابلۆیەکی دیکە، نەخشەیەکی گەورەی جیهانە کە ناوی هیچ وڵاتێکی لەسەر نییە. ئەو دەڵێ "ئەو نەخشەیە هی سەردەمی بەر لە دروستبوونی دەوڵەتە مۆدێرنەکانە. ئەوکات کوردیش وەک گەلانی دیکە بووە و هەمووان یەکسان بوون. هەمیشە بەو نەخشەیە بیرمدێتەوە ئێمەش وەک گەلانی دیکەین و مافێکمان هەیە کە لێمان زەوتکراوە".

لە کۆگەی کۆمپانیاکەی تانریڤەردیدا کەسێکی ئەڵمانی کاردەکات و جێگەی متمانەی ئەوە. لە گفتوگۆکانماندا دەردەکەوێ لە قۆناخی زانکۆدا هاوپۆلی بازرگانە کوردەکە بووە و دوای تەواوکردنی خوێندن، نزیکەی سی ساڵە لە کۆمپانیاکەی ئەودا کار دەکات.

### کۆنترین یانە

لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا یەکەمین یانەی وەرزشی لە ئەڵمانیا بەناوی (MTV 1846) دامەزرا. ئەو یانەیە ئێستاش ماوە و یانەی فووتباڵی ئەمریکییەکەی چەندینجار بووەتە پاڵەوانی ئەڵمانیا. تانریڤەردی هەندێکجار بە تیشێرتێکی یانەکەی و هەندێکجاریش بە تیشێرتێک کە ئاڵای کوردستانی لەسەرە و ژمارە 10ی لەسەرە، دەچێتە یاریگەی یانەکە. ئەو دەڵێت هەردوو تیشێرت بۆ ئەو وەکو یەک خۆشەویستن. لە ئۆفیسی خۆی لە یانەکە تانریڤەردی بەشانازییەوە مەدالیا و جامە جۆراوجۆرەکانمان پیشاندەدات کە یانەکەی بەدەستیهێناون. ئەو دەستی بە پرۆژەیەکی وەرزشی کردووە بۆ ئەو کۆچبەرانەی لە ویلایەتی هێسن نیشتەجێن. یانەیەکی وەرزشیی بۆ دروستکردوون و ڕۆژانە هەوڵ دەدات لەڕێگەی وەرزشەوە لەگەڵ ئەڵمانەکان تێکەڵیان بکات.

> ئێستا لە کوردستان بوومایە، شوان دەبووم
>
> تانریڤەردی

ئەو خۆیشی بەبەردەوامی خەریکی مەشقە. چونکە ساڵانە بەشداری لە ماراسۆندا دەکات لە وڵاتانی جیهان. لە نیویۆرک و یۆنان و زۆر وڵاتی دیکە بۆ ماوەی زۆرتر لە دوو کاژێر و نیو ڕادەکات و بڕوانامەی بەشداری و ریکۆرد وەردەگرێ.

### شانازیی ماڵبات

لە ماڵێکی پڕ لە گوڵدا هاوژینە یۆنانییەکەی تانریڤەردی بەشانازییەوە باسی هاوڕێی ژیانی دەکات. ئەوان دوو کوڕیان هەن، کە بەجیا دەژین، بەڵام ئەڤینێکی قووڵ پێکەوە دەیانبەستێتەوە. لەکاتی هەڤپەیڤین لەگەڵ هاوژینەکەی، تانریڤەردی وێنەی دەگرێ و بۆ کوڕەکانی دەنێرێ: "سەیرکەن دایکتان بووەتە ئەستێرەی تەلەڤزیۆنی". کوڕەکان پێدەکەنن و دڵخۆشن. ئەوان لە ساڵانی هەشتاکاندا وەک دوو قوتابیی زانکۆ یەکدییان ناسیوە و ئێستا وەک بیرەوەرییەکی شیرین دەیگێڕنەوە کە چۆن پێکەوە بەبەردەوامی لە خۆپیشاندانەکانی پشتیوانی لە کوردستان پێکەوە بە سەرتاسەری ئەڵمانیادا گەڕاون.



محەممەد تانریڤەردی ئەڵمانێکی تەواوە، بەڵام بە تامی کوردی

> سەرۆککۆماری ئەڵمانیا گرنگترین خەڵاتی ئەم وڵاتەی دامێ

ئەو دڵخۆشە بەوەی تاوەکو ئێستا کردوویەتی و بەدەستیهێناوە، بەڵام دەڵێت بەشێکی سەرکەوتنەکەی پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە کورد باشتر لە گەلانی دیکە توانای خۆگونجاندن و تێکەڵبوونیان هەیە لەگەڵ جڤاکی ئەڵمانی: "ئێمە وەک گەلانی دیکە نین، دەوڵەتمان نییە و کاتێک ئەڵمانیا لەباوەشماندەگرێت ئاسانتر ئامادەین تێکەڵی وڵاتی دووەممان بین".

### دووانەکەی پەرلەمان

خانمێکی ئەڵمانی کە بە ئینگلیزییەکی جوان قسەدەکات لە باخچەی ڕێستورانتێکی شاری گیسن نانی نیوەڕۆمان لەگەڵ دەخوات. ئەو لەماوەی 13 ساڵیی پەرلەمانتاریی تانریڤەردیدا هاوفراکسیۆنی بووە و بەردەوام لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا وەک دووانەیەک دەرکەوتوون و گەنگەشەیانکردووە. ئەو دەڵێت: "ماوەیەک لەمەوبەر ڕەوشی تەندروستیم زۆر تێکچووبوو و لەخۆمەوە دەترسام کە بمرم. بە محەممەدم گوت بەڵێنم دەدەیتێ کە دوای من باوکایەتیی کوڕەکەم بکەیت؟ محەممەد بەبێ دوودڵی گوتی بەڵێ. ئەمە هێمنییەکی قووڵی پێبەخشیم". ئێستا ئەو خانمە یەکێکە لە بەڕێوەبەرانی ڕێکخراوی (جڤاکی کوردی) کە دامەزراوەیەکی سەر بە دەوڵەتی ئەڵمانیایە و ساڵانە لە کۆبوونەوەی نێوان ئەنگێلا مێرکلی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا و نوێنەری نەتەوەکانی دانیشتووی ئەڵمانیا نوێنەرایەتیی کورد دەکات. هەموو ساڵێک محەممەد تانریڤەردی ئەو کەسەیە کە دەبێتە نوێنەری کوردستان و لەگەڵ مێرکل کۆدەبێتەوە.

> کورد باشتر لە گەلانی دیکە تێکەڵی جڤاکی ئەڵمانی دەبن

ئەو بەشانازییەوە بیرەوەرییەکانی ئەو کوردستانەی ئێستا نوێنەرایەتیی دەکات زیندوودەکاتەوە: "هەمیشە دڵم لە کوردستانە، دەشزانم ئێستا لە کوردستان مابوومایە، دەبوومە شوان".

*** وردەکاریی زۆرتر لەسەر ژیانی تانریڤەردی لە بەرنامەی بیگ ستۆری لە تەلەڤزیۆن و پۆرتاڵی ڕووداودا ببینە.**
**کات: چوارشەممە، 10ی شەو.**




ئۆفیسی سەرەکی: سەدەف پلازا، 100 مەتری، تەنیشت پاسەپۆرتی هەولێر
لقی دووەم: هەولێر، 60 مەتری، نزیک بەرزە پردی عەنکاوە

ژنان
رووداو
ژمارە (517) - دووشەممە 2018/8/13



## ژنانی پۆلیس بۆ جەژن ئامادەن

**رووداو – سلێمانی**

لەگەڵ نزیکبوونەوەی جەژنی قوربان، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی، پلان و ڕێوشوێنی تایبەتی گرتووەتەبەر لە ناو بازاڕ و شوێنە گشتیەکان بەمەبەستی پاراستنی سەر و ماڵی هاووڵاتیان. بەپێی هەواڵێکی پۆلیسی سلێمانی، بەفەرمانی بەڕێز عەمیدی مافپەروەر ئاسۆ تەها عەبدولەکریم، بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای سلێمانی سەرجەم بەش و بنکەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی لەحاڵەتی ئامادەباشی زیاتردان. ڕۆژی 12ی ئاب، سەرجەم ژنانی پۆلیس خرانە حاڵەتی ئامادەباشیەوە لە ناوبازاڕ و شوێنە گشتییەکان. بەمەبەستی ڕێگەگرتن لەهەر حاڵەتێکی بڕین و دزینی جانتای ئافرەتان.

# کوڕە 11 ساڵانەکەی هاندا بۆئەوەی دایکی و مێردە تازەکەی بکوژێ


عەبدولستار بەهۆی رووداوێکی هاتوچۆوە کەوتە دەست پۆلیس

**دیمەن بورهان**
**رووداو– هەولێر**

دوای شەش مانگ خۆحەشاردان، دواجار عەبدولستار کەوتە دەستی پۆلیس. ئەو پیاوە کوڕە 11 ساڵانەکەی خۆی هاندابوو بۆ کوشتنی دایکی و ئەو پیاوەی لە دوای جیابوونەوەی لە عەبدولستار، شووی پێکردبوو.

عەبدولستار عەلی، تەمەن 68 ساڵ، بەدەم ئازاری قاچیەوە بەرەو زیندان ڕێی دەکرد، چونکە مانگێک لەمەوبەر لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا قاچی شکاوە، بەڵام ئەو ئازاری ویژدانی زیاتر بوو لە ئازاری قاچی، کە بەناحەق، ژنی سێیەمی بەرەو مەرگ برد.

ڕۆژی یەکی شوباتی ئەمساڵ، سەناریا محەممەد، تەمەن 37 ساڵ، هاوژینی پێشووی عەبدولستار، لەلایەن یونس عەبدولستاری تەمەن 11 ساڵانەوە کوژرا، یونس دەستگیرکرا، عەبدولستاریش کە هاندەری کوڕەکەی بووە، خۆی شاردەوە، تاوەکو ڕۆژی 2018/8/7 دەستگیر کرا.

عەبدولستار، تەمەنی 19 ساڵان بووە کە هاوسەرگیری لەگەڵ سەعدیەی کچی پووری کردووە. ئەوان خاوەنی نۆ منداڵ بوون. دواتر بەبێ پرسی سەعدییە ژنێکی دیکەی هێنا بەناوی نازەنین. عەبدولستار دەڵێت "نازەنین 17 ساڵ لە خۆم بچووکتر بوو، بەبێ ڕەزامەندی سەعدیە هێنام. بۆیە سەعدیە بەبێ جیابوونەوە گوتی چیتر نەیەی بۆ لامان و وازمان لێبێنە".

عەبدولستار سێ منداڵی لە نازەنین هەبوو کاتێک بڕیاری دا ژنی سێیەم بهێنێ کە 30 ساڵ لە خۆی بچووکتر بوو، سەناریا محەممەد، پێشتر شووی کردبوو، بەڵام جیابببووەوە. عەبدولستار گوتی: "سەناریا خەڵکی کەرکووک بوو، لە ماڵی هاوڕێیەکم بینیم، من بە قاتی شاڵ و بۆیاخی سەروسمێڵەوە کەسێکی شیک بووم.

> باوکم سێ مانگ لێیدام تا فێربووم چۆن تفەنگ بەکاربێنم
>
> مێرمنداڵەکە

پارەشم هەبوو. سەناریا پێیگوتم من بێکەسم، بەس تۆ ڕازی بیت شووت پێدەکەم".

عەبدولستار چاوی پڕ دەبێت لە فرمێسک و دەڵێت: "ئەگەر سەناریا خیانەتی لێنەکردبام، قیمەتی تەواو نەدەبوو لە جوانی و چاکی، زۆر گوێڕایەڵ و بێ کێشە بوو، بەڵام بەهۆی هامشۆکردنی ئارایشگایەک ژنەکەم دڵی گۆڕا، خاوەنی ئارایشگاکە سەناریای هاندابوو لە من جیابێتەوە و شوو بە براکەی بکات کە ناوی تەیب بوو".

گوتیشی: "تەیب بەئاشکرا یەخەی گرتم و گوتی دەبێت لە ژنەکەت جیابیتەوە، چونکە خۆشمدەوێت".

سەناریا لە دادگا سکاڵا لەسەر عەبدولستار تۆمار دەکات و لێی جیادەبێتەوە، پاشان شوو بە تەیب دەکات. دوای نۆ مانگ یونس و براکەی داوا دەکەن دایکیان ببینن.

یونس لە وتەکانیدا بۆ پۆلیس گوتوویەتی: "باوکم سێ مانگ لێیدام تا فێربووم چۆن تفەنگ بەکاربێنم، پلانی کوشتنی دایکم و مێردە تازەکەی خستە مێشکمەوە، دوای ئەوەی دایکم ڕازی بوو من و براکەم بباتە لای خۆی، ڕۆژی 2018/2/1 لەکاتی خەودا هەر بە کلاشینکۆفەکەی تەیب هەردووکیانم کوشت".

دوای ئەوەی یونس لەلای پۆلیس دان بەوەدا دەنێت کە باوکی هانی داوە بۆ ئەو تاوانە، فەرمانی گرتن بۆ عەبدولستار دەردەچێت، بەڵام ئەو بەرەو کەرکووک هەڵدێت و لەوێش نزیکەی مانگێک پێش ئێستا چوارەم ژن دەهێنێ. دوای شەش مانگ لێکۆڵینەوە و گەڕان بەدوای عەبدوستاردا، پۆلیسی کەسنەزان لە ڕۆژی 2018/8/7 دۆزییانەوە و دەستگیریان کرد.

ژنی چوارەمی عەبدوستار کە زانیویەتی هاوژینەکەی تۆمەتبارە و دەستگیرکراوە، بەجێیدەهێڵێ، ئێستا یونس و باوکی لە زیندانن و بەپێی ماددەی 406 سزادراون، دادگا سزای 10 ساڵ بەندکردنی بۆ یونس و بەندکردنی هەتاهەتایی بۆ عەبدولستار دەرکردووە. یوسفی برا بچووکی یونسیش بەهۆی تاوانی باوک و براکەی، لەسەر جادە ڕۆژ دەکاتەوە.

دایک و خوشکەکانی سەناریا لە پیاوە قۆزە شاڵ لەبەرەکە رامابوون کە بە شەش مانگ بووە بە پیاوێکی لاواز و پیر، ئەوان داوایان دەکرد یاسا مافی کچەکەیان وەربگرێتەوە. دایکی سەناریا لەکاتی بینینی عەبدولستاردا گوتی "چۆن دڵت هات ئەو ژنە وا لێبکەی، چۆن دوو گەنجت خستە ژێر خۆڵ؟". عەبدولستار دەگریا و سوێندی دەخوارد کە ئاگاداری ئەو ڕووداوە نییە و کوڕەکەی ماڵی هەردووکیانی وێران کردووە.

# ساڵانە نزیکەی 10 پیاو بەدەستی ژن دەکوژرێن


لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا پیاوان 411 سکاڵایان لەدژی هاوژینەکانیان تۆمار کردووە

**دیمەن بورهان**
**رووداو – سلێمانی**

ڕێکخراوەکەی بورهان عەلی، یەکێتی پیاوانی کوردستان وەک ڕۆژە بەراییەکان نییە کە بەشێکی زۆری خەڵک بە نامۆیی سەیریان دەکرد. ئێستا ژمارەی ئەندامەکانی 7500 کەسی تێپەڕاندووە و لە زۆربەی شار و شارۆچکەکان نووسینگەیان هەیە بە وڵاتانی ئەورووپیشەوە. زۆربەی ئەو پیاوانەی ڕوو لە ڕێکخراوەکە دەکەن گرفتاری دەستی ژنەکانیانن.

بورهان عەلی باسی جۆری ئەو سکاڵایانە دەکات کە دێنە لایان و دەڵێ: "زۆرترین سکاڵا لەبارەی بێبەشکردنی پیاوانە لە مافی باوکایەتی. دوای ئەویش دەستوەردانی کەسی سێیەمە لە ژیانی ژن و مێرد".

ئەو هەروەها دەڵێت: "سکاڵاکان جۆراوجۆرن. لەنێو گەنجەکاندا بەتایبەت ئەوانەی تەمەنیان کەمە پەشیمانییە لە ژنهێنان".

ئەو لە نموونەی بێبەشکردنی پیاواندا لە مافی باوکایەتی دەڵێت: "حاڵەت هەیە باوکەکە دراوسێی ماڵی ژنەکەیەتی کە جیابوونەتەوە، بەڵام ژنەکە بە ساڵ ڕێگەی نەداوە منداڵەکەی ببینێ".

هەندێک لەو پیاوانەی پەنا بۆ ڕێکخراوەکەی بورهان دەبەن، بەساڵاچووەکانن کاتێک هێز و بازووی کارکردنیان نامێنێ و لە هەندێک خێزاندا دەکرێنە دەرەوە "ئەم پیاوانە هەندێکیان بەهۆی مردنی ژنی یەکەمیان، ژنێکی گەنجتر لە خۆیان دەهێنن، ژنەکە بە پلان هەموو سامانەکەی لەژێردەستی دەردەهێنێ و بە یاسا لەسەر خۆی تاپۆ دەکات، دواتریش پیاوەکە دەردەکات".

### ساڵانە 10 پیاو لەلایەن ژنانەوە دەکوژرێن

بەپێی ئامارەکانی یەکێتی پیاوان، توندوتیژی بەرامبەر پیاوان زیادی کردووە. ساڵانەش نزیکەی 10 پیاو بەدەستی ژن دەکوژرێن. ساڵی 2017 پیاوان 614 سکاڵایان لەدژی ژن و منداڵەکانیان تۆمار کردبوو. تەنیا لە 6 مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا 411 سکاڵا لەلایەن پیاوانەوە لەدژی ژن و منداڵەکانیان تۆمارکراون.

هەر بەپێی ئامارەکانی ئەو ڕێکخراوە، ساڵانە نزیکەی 10 پیاو بە دەستی ژنەکانیان دەکوژرێن کە ژنەکە بە هاوکاریی پیاوانی دیکە تاوانەکە دەکات.

بورهان عەلی جیاوازییەک لە نێوان ژنکوشتن و پیاوکوشتندا دەبینێتەوە و دەڵێ "ژنان کاتێک پیاوێک دەکوژن، بە پلان و بەرنامە دەیکوژن، بەڵام پیاو لەحاڵەتی هەڵچووندا تاوان دەکات، ئامانجی کوشتنی ژنەکە نییە، بۆیە دواتر پەشیمان دەبێتەوە یان خۆیشی دەکوژێت، یان تا کۆتایی تەمەنی باری دەروونی تێکدەچێت".

سکرتێری یەکێتی پیاوانی کوردستان دەڵێت هاوئاهەنگیی باشیان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ژناندا هەیە "ڕێکخراوەکانی ژنان زۆر هاوکاری ئێمە بوون. کاتێک ژن و پیاوێک دەچنە لایان، ئەگەر پیاوەکە ستەمی لێکرابێت، دەینێرن بۆ لای ئێمە تاوەکو کێشەکەی چارەسەر بکەین".

نووسینگەی سلێمانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان بەشێکی تایبەت بە خێزانیان هەیە. بەڵام وەک بورهان عەلی باسی دەکات، بۆ هەڵنەوەشاندنەوەی خێزان لەکاتی کێشەدا وەک پێویست کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پیاوان نەکراوە "ڕاستە ژنان لەڕووی جەستەییەوە زیاتر ئەشکەنجە دەدرێن، بەڵام پیاوانیش لەڕووی دەروونییەوە زۆر تووشی ئازار دەبن، لەم ساڵانەی دواییدا چەندین سەرمایەدار و بازرگان دوای مایەپووچبوون، بەرگەی لۆمە و سەرزەنشتی بەردەوامی خەڵک و خێزانەکانیان نەگرتووە و خۆیان کوشتووە".

### ڕۆشنبیرەکان گیرۆدەن

بەپێی ئەو سکاڵا و دۆسیانەی ڕوو لە یەکێتی پیاوان دەکەن، زۆرترینی ئەو پیاوانەی لەگەڵ ژنەکانیان کێشەیان هەیە پیاوە خوێندەوار و ڕۆشنبیرەکانن "چونکە ئەو توێژە بیر لە ئازاردانی ژنان ناکەنەوە و دەیانەوێت لەڕێگەی گفتوگۆوە کێشەکانیان چارەسەر بکەن، پیاو هاتووە بۆ لامان قۆپچەی کراسەکەی کردووەتەوە، هەموو سینگی شوێنی نینۆکی ژنەکەی بووە".

هەندێک لە پیاوان وەکو ئەو دەڵێت ماڵی خۆیان لێ بووە بە دۆزەخ، بۆیە ناچار بوونە لە تەمەنێکی کەمدا خانەی بەساڵاچووان هەڵبژێرن.

عومەر گوڵپی، بەڕێوەبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت: "هەرچەندە بەپێی یاسا ئەو کەسانەی لە خانەی بەساڵاچووان وەردەگیرێن دەبێت تەمەنیان لەسەرووی شەست ساڵییەوە بێت، بەڵام لە هەندێک حاڵەتدا چاوپۆشی لە تەمەنی کەسەکە دەکەین، بە تایبەتی ئەگەر بزانین لەلایەن ژن و منداڵەکانی دەچەوسێندرێتەوە".

# لە سووریا هەڵات و لە ئەڵمانیا خۆی دەکاتە ژن

**رووداو – هەولێر**

کاتیا ئەلشەهابی، بەرلین بە پەناگەی خۆی دەزانێ، لەبەرئەوە نا کە وەکو ملیۆنان ئاوارەی دیکەی سووری لە جەنگ و کاولکاری هەڵاتووە، بەڵکو لەبەرئەوەش کە ساڵانێکە ناتوانێ لە وڵاتەکەی خۆی باسی گرێکوێرەی جەستەیی و دەروونیی خۆی بکات. کاتیا لە ڕێپێوانی هاوڕەگەزخوازاندا لە بەرلین بەشداریی کرد و شەش مانگی دیکە بە یەکجاری دەبێتە ئافرەتێکی تەواو.

خێزانی کاتیا لە ساڵی 2015 بڕیاریان دا سووریا جێبهێڵن و ڕوو لە ئەورووپا بکەن، ئەوکات باوکیان نەیدەزانی کاتیا ڕەگەزگۆڕە و نووری براشی هاوڕەگەزخوازە، بەڵام لە ئەڵمانیا بڕیاریان دا هەموو شتێک ئاشکرا بکەن. تاوەکو ئەو کات تەنیا هاوڕێ زۆر نزیکەکانی کاتیا و براکەی بە "نهێنی"یەکەیان دەزانی.

سەبارەت بە دۆخی ئێستا و داهاتووی خۆی، کاتیا بە ئاژانسی (فرانس پرێس)ی گوت "لە شەش مانگی داهاتوودا و دوای چارەسەری هۆرمۆنەکانم نەشتەرگەریم بۆ دەکرێ. دوای نەشتەرگەرییەکە دەبم بە کەسێکی تەواو سروشتی، مەبەستم ئەوەیە دەبم بە ئافرەتێکی ڕاستەقینە و تەواو".

ڕەگەزگۆڕ یان ترانسجێندەر بەو کەسانە دەگوترێ کە شوناس و گوزارشتە جێندەرییەکەیان جیاوازە لەو ڕەگەزەی دەوروبەر ئەوانی پێ دەناسێتەوە. ترانسجێندەر، کە هەندێکجار ترانسیان پێدەگوترێ، بۆ ژمارەیەک گرووپی دیکەش بەکاردێت کە کێشەی ناسنامەی جێندەر یان ڕەگەزیان هەیە، لەوانەش نێرەمووک (کە هەم پیاون و هەم ژن) و هەروەها ئەوانەی نە ئافرەتن و نە پیاون. ئەم گرووپە لە خەڵک تاوەکو ئێستاش لە زۆرینەی وڵاتانی جیهاندا کێشەی یاساییان هەیە بۆ پێناسەکردنی ڕەگەزی خۆیان.

لە تشرینی دووەمی 2017 دا، دادگای دەستووریی فیدراڵی لە ئەڵمانیا بڕیاری دا کە ترانسجێندەرەکان پێگەیەکی یاساییان هەیە و بە ڕەگەزی سێیەم ناویان دەهێنرێت. بەپێی ئەو بڕیارە لەمەودوا کەسە ترانسجێندەرەکان ناچار نین بۆشایی ڕەگەز لە فۆرمە حکومییەکاندا بە بەتاڵی جێبهێڵن و بژارەی "ڕەگەزی سێیەم"یان بۆ دانراوە. ئەو یاسایە لە کۆتایی 2018 و دوای دەرچوونی ڕێنماییە پێویستەکان جێبەجێ دەکرێ.

بۆ کەسانی وەکو کاتیا، ئەڵمانیا ژینگەیەکی تەواو نوێیە کە تێیدا هەڵوێستی خەڵکەکە بەرامبەر بارە جەستەیی و دەروونییەکەی ئەو جیاوازە، بۆیەش بە ئاژانسە فەرەنسییەکە دەڵێ: "لە کۆمەڵگای ئێمەدا، مەبەستم هەموو کۆمەڵگا عەرەبییەکانە، خەڵک ناتوانن لەگەڵ ڕەگەزگۆڕەکان و هاوڕەگەزخوازەکان میهرەبان بن، بەڵام لێرە پشتیوانیمان لێدەکەن، کۆمەڵێک ڕێکخراو هەن کە یارمەتیمان دەدەن، بەڵام ئەگەر لە سووریا یەک شتمان لەسەر ئەو پرسە کردبا، کەسمان نەماندەزانی چارەنووسمان چی دەبێت".

حکومەتی ئەڵمانیا مافی سێ ساڵ مانەوە لە ئەڵمانیای بە کاتیا و باوک و براکەی داوە، دایکیشیان ئەمساڵ گەیشتووەتە ئەڵمانیا و تاوەکو ئێستا دیارنییە فەرمانگەی کۆچبەرانی ئەڵمانیا چ بڕیارێک لەسەر کەیسەکەی دەدات. دایکی کاتیا یەکێک لەو کەسانەیە کە بەمدواییە بە بڕیارەکەی کاتیا و نووری زانیوە.

کاتیا لەبارەی کاردانەوەی خۆی و دایکی دەڵێ: "دەترسام، هەستم دەکرد دایکم لە خۆیم بێبەری دەکات، هەموو گیانم دەلەرزی و گوێم لە ترپەی دڵی خۆم بوو، بەڵام پاش ماوەیەک دایکم ئارام بووەوە و بڕیارەکەی قەبووڵ کرد و گوتی ئێستا کوڕ و کچێکم هەیە و دڵخۆشم بەوە".

باوکی خێزانەکە هەڵوێستێکی جیاوازی هەبووە. وەکو کاتیا بۆ (فرانس پرێس)ی باس دەکات، لەوەتای بڕیارەکەی داوە و دەستی بە پرۆسەی چارەسەری کردووە، چاوی بە باوکی نەکەوتووەتەوە. کاتیا دەڵێ "لەوەتای ئەو بڕیارەم داوە باوکمم نەبینیوە، چونکە دەزانم ئەو بەهیچ شێوەیەک ئەو بڕیارەم قەبووڵ ناکات".

سووریا ماوەی حەوت ساڵە بەدەست یەکێک لە خوێناویترین و ئاڵۆزترین شەڕەکانی چەند دەیەی ڕابردووەوە دەناڵێنێ. هەر ئەو شەڕە سەدان کێشەی گەورەی لەناو کۆمەڵگەی سووریدا دروستکردووە کە لەوانەیە بۆ دەیان ساڵی دیکە کۆمەڵگای سووریا بەدەست چارەسەرکردنیانەوە بناڵێنێ. ڕەنگە کاتیا هیچکات نەتوانێ بگەڕێتەوە سووریا، تەنانەت ئەگەر شەڕیش تەواو بێ، بەڵام ئازادیی ترانسجێندەرەکان و ئارامیی سووریا دوو گەورەترین هیوای ئەون و دەڵێ: "هیوادارم هەموو کەسانی وەکو من بتوانن بە دڵی خۆیان بژین و ئاشتی و ئارامیش بۆ وڵاتەکەم بگەڕێتەوە".


کاتیا کە ترانسجێندەرە، بڕیاری داوە ڕەگەزی خۆی بەلای مێینەدا بخات

(فۆتۆ: AFP)

ڕووداو
ژمارە (517) - دووشەممە 2018/8/13



## تەقە لە دوو برا دەکرێ و یەکێکیان دەکوژرێ

**ڕووداو- بازیان**

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی 10ی ئابی 2018، لەناوچەی تەیناڵی سەر بەناحیەی بازیان دەستڕێژی گوللە لە دوو برا کرا، بەو هۆیەوە یەکێکیان کوژرا و ئەوەی دیکەشیان بریندار بوو. بەپێی ڕاگەیەنراوێکی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی، برا کوژراوەکە ناوی (س.ت.ح)ە و تەمەنی 35 ساڵ بووە، براکەی دیکەش کە بریندار بووە، ناوی (س.ت.ح) ە و تەمەنی 25 ساڵە. پۆلیس دەڵێ "پاش گەیشتنی هێزەکانی پۆلیس و تیمەکانی بەڵگەی تاوان، لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە دەستپێکردو تەرمی کوژراوەکە ڕەوانەی پزیشکی دادوەری سلێمانی کراو بریندارەکەش گەیەنرایە نەخۆشخانە". بنکەی پۆلیسی بازیان پەڕاوی لێکۆڵینەوەی بۆ ڕووداوەکە کردووەتەوە و بڕیاری دەستگیرکردنی تۆمەتبارەکەی داوە.

# بریندارێکی شەڕی داعش لەلایەن خێزانەکەیەوە ئەشکەنجە دەدرێ

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو – هەولێر**

(م)، تەمەن 49 ساڵ، هاتبووە نووسینگەی ڕێکخراوی یەکێتی پیاوان، سکاڵا لە دژی منداڵەکانی و ژنەکەی تۆمار بکات لەسەر ئەوەی ڕۆژانە ئازاری دەدەن.

ئەم پیاوە پێشمەرگە بووە و لە شەڕی دژی داعشدا بریندار بووە. جەستەی ئەو ئێستا چەندین ئاسەواری برینی کۆن و نوێی پێوەیە. برینە نوێیەکان هی لێدانن لەلایەن خێزانەکەی خۆیەوە لەسەر ئەوەی کە ناتوانێ وەکو پێویست خۆی خاوێن ڕابگرێ.

بەئازارترین دۆسیەی 2018 بەلای بورهان عەلی فەرەج، سکرتێری ڕێکخراوی یەکێتی پیاوانی کوردستانەوە، دۆسیەی ئەو پێشمەرگەیەیە کە ئێستا بەجۆرێک بێدەسەڵات بووە، لەبەردەم هاوژینەکەیدا ناتوانێ بەرگری لەخۆی بکات.

سکرتێری یەکێتی پیاوان دەڵێت: "یەکێک لە دراوسێکانی ئاگاداریناڵە و هاواری ڕۆژانەی ئەم پیاوە بووە، داوای لە ئێمە کرد هاوکاری بکەین، ئێمەش بەنهێنی بەدواداچوونمان کرد و توانیمان ببینین، کاتێک جەستەیمان بینی شوێنەواری ئەشکەنجە و شینبوونەوەی پێوە دیار بوو".

فرمێسک ڕژاونەتە چاوەکانی (م.ح) کە خۆی بە بێدەسەڵاتترین مرۆڤی سەرزەوی دەزانێ و هیوا دەخوازێ جارێکی تر نەگەڕێتەوە ناو خێزانەکەی.

ئیسماعیل کە دراوسێی (م)ە بووەتە فریادڕەسی و لەو ژیانە ناخۆشەی تێیدا بووە ڕزگاری کردووە، ئەو باسی حاڵی ناخۆشی دراوسێکەی دەکات و دەڵێت: "ئەو ماڵە ماوەی مانگێک بوو هاتبوونە گەڕەکەکەمان، دوو کوڕی هەن، گەورەکەیان 16 ساڵ دەبێت، ڕۆژانە گوێمان لە هاوار و ناڵەی دەبوو، ژنەکەشی ڕایدەکردە دەرەوە، کە لێمان دەپرسی ئەو دەنگەدەنگە چییە، دەیگوت مێردەکەم لە شەڕی داعشدا بەر تەقینەوە کەوتووە و مێشکی تێکچووە".

ڕۆژانە هاوار و ناڵەی (م) دەگەیشتنە ماڵی ئیسماعیل، بۆیە چیدی بەرگەی ئەو حاڵە ناگرێ و لە دەرگایان دەدات. ئیسماعیل دەڵێت: "ڕۆژێک لە دەرگام دا، ژنەکە گوتی هیچ نییە، بەڵام بینیم کوڕەکەی دەستی باوکی بادەدات، پیاوەکە کە منی بینی بە دەنگێکی نزم بانگی کردم و گوتی توخوا وەرە، توخوا وەرە، منیش لەژێر دەستیم دەرکرد و بردم بۆ ماڵی خۆمان".

ئیسماعیل باسی حاڵی دراوسێکەیان دەکات و دەڵێت: "سەر و ڕیش و نینۆکەکانی وەکو هی ئەو کەسانە بوو کە لەسەر جادەکان دەکەون و کەس نییە خزمەتیان بکات. جەستەی ڕەش و شین هەڵگەڕابوو، بۆنێکی لێدەهات خێزانەکەم لووتی خۆی گرتبوو لەتاوان، هەرچۆن بوو جلوبەرگی تازەمان بۆ ئامادە کرد، شووشتم و بە پاکی بردمەوە ماڵی خۆی، چەند جارێکیش ئامۆژگاریم کردن کە نابێت وا مامەڵەی لەگەڵدا بکەن".

هەوڵەکانی ئیسماعیل سوودیان نەبوو، ئەوان بەردەوام بوون لە ئازار و ئەشکەنجەدانی (م)، بۆیە ئیسماعیل پەنا بۆ یەکێتی پیاوانی کوردستان دەبات. لەوێ هەوڵ دەدەن (م) ببەنە خەڵوەتگەی پیری.

ئیسماعیل دەڵێت: "بردم بۆ خەڵوەتگەی پیری، بەڵام جێگاکە گونجاو نەبوو بۆ ئەم پیاوە نەخۆشە. ئەو جێگایە بەکەڵکی ئەو نەدەهات، بۆیە بردم بۆ نەخۆشخانە و پەیوندیم بە برایەکییەوە کرد کە پلەدارێکی سەربازییە، کاتێک باسی ژیانی براکەیم بۆ کرد زۆر تووڕە بوو، ئاگاداری حاڵی ئەو نەبوو".

(س) کە برای (م)ـە، بە (ڕووداو)ی گوت: "هەمووی خەتای براکەمە، ئەو هیچ کێشەیەکی ماددی نییە، مانگانە مووچەیەکی باش وەردەگرێ بەبێ ئەوەی دەوام بکات. ئەوە کێشەیەکی خێزانییە و بەبێ ئاگاداری ئێمە براوە بۆ خەڵوەتگە، براکەم لەڕووی ئەقڵ و جەستەییەوە نەخۆش نییە، پیاوێک فەرماندەی عەسکەری بووبێت چۆن دەبێت نەتوانێت بەرگری لەخۆی بکات و دەستی منداڵە 15 ساڵەکەی نەگرێت کە لێی دەدات؟".

(س) نیگەرانە لەوەی کە براکەی، سەرەڕای ئەو ژیانە ناخۆشەی، کەچی بڕیاری دا بگەڕێتەوە ماڵەکەی خۆی.



# چوو بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکەی و کوشتیان



(ڕ.م) 140 هەزار دۆلار قەرزداری مەریوان بووە

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو – هەولێر**

(ڕ) پەیوەندی بە مەریوانەوە کرد و داوای لێکرد سەردانی بکات لە ماڵەوە بۆ ئەوەی قەرزەکەی بداتەوە، بەڵام مەریوان نەک هەر قەرزەکەی وەرنەگرتەوە، بەڵکو گیانیشی لەسەر دانا.

(ڕ) دوای کوشتنی هاوڕێکەی، تەرمەکەی لە چۆڵەوانییەک فڕێدا و دواتر لەگەڵ هاوژینەکەی هەڵاتن بۆ ئێران.

شەوی 2018/8/5 پیاوێکی تەمەن 30 ساڵ بەناوی مەریوان فەرحان، باوکی سێ منداڵ و دانیشتووی گەڕەکی سێتاقانی شاری هەولێر، بە مەبەستی وەرگرتنەوەی قەرزەکانی، سەردانی هاوڕێیەکی خۆی بە ناوی (ڕ.م) کرد، بەڵام ڕۆژی دواتر، تەرمەکەی لە دەرەوەی شاری هەولێر لە چۆڵەوانییەک دۆزرایەوە.

هێمن فەرحان کە برای مەریوانە، باسی براکەی خۆی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی: "براکەم تەنیا سێ مانگ بوو ماڵی خۆی جیاکردبووەوە، دڵخۆش بوو کە دوای ئەوەی بووەتە خاوەنی سێ منداڵ توانیبووی ماڵێک بۆ خۆی دابنێ، بەڵام بەداخەوە ماڵە نوێیەکەی لێ نەکەوت و لەلایەن هاوڕێکەی خۆیەوە کوژرا".

مەریوان ژیانێکی ئاسایی هەبووە، خاوەنی دووکانی کڕین و فرۆشتنی مۆبایل بووە. دەستی بە ڕووی ئەو کەسانەوە نەناوە کە داوای قەرزیان لێکردووە، بە تایبەتی هاوڕێکانی.

هێمن دەڵێت: "براکەم جگە لە چاکە خراپەی بۆ کەس نەبوو، ئەو کوڕەش کە براکەمی کوشتووە هاوڕێی بوو، چەندینجار داوای قەرزی لە براکەم کردوە، براکەشم دڵی ساف بوو، هەر یەکێک پێویستی پێبا یارمەتی دەدا، ئەو پیاوە بێجگە لەوەی پارەی لە مەریوان بە قەرز وەرگرتووە، چەندینجار لە دووکانەکەی مەریوان سیمکارت و مۆبایلی بە قەرز بردووە".

کاتێک تەرمی مەریوان دۆزرایەوە، هێمنی برای بەهیچ شێوەیەک گومانی لە (ڕ) نەکردووە کە دەستی بە خوێنی براکەی سووربێ، هێمن دەڵێت "قەت باوەڕم نەدەکرد (ڕ) براکەم بکوژێ، چونکە هاوڕێیەکی زۆر نزیکی بوو، زۆربەی کات لە دووکانی براکەم بوو".

هێمن دەڵێت مەریوان لە شەوی ڕووداوەکەدا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی لە دەرەوە بوون، لەو کاتەدا کەسێک پەیوەندی پێوە کردووە، ئەویش ئیزنی لە هاوڕێکانی وەرگرتووە و پێیگوتوون قەرزم لەلای هاوڕێیەکمە، بە پەلە دەچم وەریدەگرمەوە و دەگەڕێمەوە، بەڵام ئیدی نەگەڕاوەتەوە.

هێمن گوتی: "ئێمە تا درەنگ چاوەڕێی گەڕانەوەی مەریوانمان کرد، نەگەڕایەوە، بۆیە هەر ئەو شەوە پۆلیسمان ئاگادار کردەوە. بەداخەوە ڕۆژی دواتر پۆلیس ئێمەی لە دۆزینەوەی تەرمێک ئاگادار کردەوە، کاتێک چووین سەیرمان کرد، تەرمی مەریوان بوو".

بە گوتەی هێمن، (ڕ) نزیکەی 14 هەزار دۆلاری مەریوان قەرزدار بووە، جگە لەو قەرزە شەوی ڕووداوەکەش پارەی مەریوانی بردووە. هێمن دەڵێت: "براکەم لە کاتی چوونی بۆ لای هاوڕێکەی 12 هەزار دۆلار یان 18 هەزار دۆلار و کۆمەڵێک سیمکارت و مۆبایل لە نێو ئۆتۆمبێلەکەی بووە، (ڕ) دوای کوشتنی مەریوان پارەکە و سیمکارتەکان و مۆبایلەکانیشی بردووە".

(خ،م) کە خزمێکی نزیکی مەریوانە و دراوسێی تۆمەتبارەکەیە، بە (ڕووداو)ی گوت: "سەعات 11ی شەو گوێمان لە دەنگی تەقە بوو، لەگەڵ دراوسێکانمان هاتینە دەرەوە، بۆ ئەوەی بزانین چی بووە، بەڵام هیچ شتێک نەبوو، گوتمان دیارە یەکێک بە هەڵە تەقەی کردووە".

هەر دوای دیارنەمانی مەریوان و ئاگادارکردنەوەی دەزگا ئەمنییەکان، پۆلیس دەستی بە لێکۆڵینەوە کرد. ڕائید هۆگر عەزیز گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆژی دوای ڕووداوەکە لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە ئاگادار کراینەوە لە دۆزینەوەی تەرمی هاووڵاتییەک لە دەوروبەری گەڕەکی هەولێری نوێ، دوای پشکنین بۆمان دەرکەوت تەرمی ئەو کوڕەیە کە ون بووبوو، پەڕاوی لێکۆڵینەوەمان بۆ کردەوە و ئاگاداری کەسوکاریمان کردەوە".

سەبارەت بە چارەنووسی تۆمەتبارەکەش، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر گوتی: "بە گوێرەی زانیارییەکانمان، تاوانبارەکە دوای تاوانەکە لەگەڵ ژنەکەی هەڵاتوون بۆ ئێران".

# لەسەر دەمەقاڵەیەک دوو کەس دەکوژرێن

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

(ب.ف) تەمەن 20 ساڵان، ڕۆژانە لەگەڵ چاپووک محەممەدی هاوڕێی دەچوون بۆ هۆڵێکی لەشجوانی لە گەڕەکی ئەندازیارانی شاری هەولێر، بەڵام ئێوارەی ڕۆژی هەشتی ئەم مانگە لەگەڵ ڕاهێنەری هۆڵی لەشجوانییەکە کە گەنجێکی عەرەبە بەناوی عەلی دەبێتە دەمەقاڵەیان، ئەگەرچی لەوێ کۆتایی بە کێشەکە دەهێنرێ، بەڵام دواتر بەشەڕدێنەوە و چاپووک محەممەد و گەنجێکی تری بەناوی محەممەد سابیر، تێدا دەکوژرێ.

نەجات ڕەحمان، کارمەندی کۆمپانیایەکی ئەندازیارییە و هەروەها مامی محەممەد سابیرە، ئەو بە (ڕووداو)ی گوت: "من لە نووسینگەکەم دانیشتبووم، عەلی بە سەری شکاوەوە هات بۆ لام و گوتی چاپووک هاتووەتە سەرمان و هەڕەشەی کردووە و سەری شکاندووم، بۆیە پەیوەندیم بە پۆلیسەوە کردووە".

لەو کاتەی ئەوان خەریکی تۆمارکردنی سکاڵا دەبن، یەکێک لە ڕاهێنەرەکانی هۆڵەکە پەیوەندی بە نەجاتەوە دەکات و پێیدەڵێت چاپووک میلی تفەنگی هێناوەتەوە و دەڵێت ئەگەر هۆڵەکە دانەخەن دەتانکوژم. بۆیە دادوەر فەرمانی دەستگیرکردنی چاپووکی دەرکرد کە بە گوتەی نەجات ڕەحمان پێشتریش 15 فەرمانی دەستگیرکردنی هەبووە.

محەممەد سابیر کە لەو شەڕەدا کوژراوە، تەمەنی 20 ساڵ بووە، پاسەوانی شوقەکانی ڕۆز تاوەر بووە. نەجات دەڵێت: "ئەو شەوەی ڕووداوەکە من لە ماڵەوە نەبووم، چاپووک لە نیوەشەودا بەسەر ماڵی ئێمەدا دەدات و تەقە دەکات، محەممەدی برازاشم دەچێتە لای ماڵی ئێمە، بەڵام چاپووک دەیکوژێت". هەر لەو شەڕەدا چاپووکیش دەکوژرێ.

نەجات گوتی: "من زوو هانام بۆ پۆلیس برد و هاوارم کرد تا کێشەکە گەورە نەبێت، ئێستا خۆم و برایەکم و برازاکەم سکاڵامان لەسەر تۆمارکراوە، لەکاتێکدا جەرگمان سووتاوە، تەنانەت دوای ڕووداوەکەش کەسوکاری چاپووک دێنە سەرمان و هەڕەشەمان لێدەکەن، ئێمە نامانەوێت لەگەڵیان بیکەینە دوژمنداری، هەرچەندە ئێمە بێتاوانین و دەڵێین تازە کێشەکە ڕوویداوە و دوو کەس لە هەردوولا کوژراون، پێویستە نەهێڵین خوێنی دیکە بڕژێ".

سابیر ڕەحمان، تەمەن 40 ساڵ کە باوکی محەممەدە، دەڵێت بە "قەدەری خودا" ڕازییە و داوادەکات شەڕی دوو بنەماڵەکە ڕابگیرێت و یاسا کۆتایی بە کێشەکە بهێنێت "ئەوان هاتنە سەرمان و سەرەتا کوڕەکەی من کوژرا، بەڵام نامەوێت هیچ خوێنێکی دیکە بڕژێت، داوادەکەم بە یاسا کۆتایی بەم کێشەیە بێت".

بەڵام باوکی چاپووک ڕەتیکردەوە کە محەممەد بەدەستی کوڕەکەی ئەو کوژرابێ و گوتی: "بنەماڵەی نەجات لەسەر ئەو کوڕە عەرەبە بە جواب هاتبوون، شەوی پاشتر بەسەر ماڵی چاپووکیاندا دابوو. چاپووک هاتە ماڵی ئێمە و گوتی تەقەیان کردووە بۆیە بەیانی سکاڵایان لەسەر تۆمار دەکەم، کاژێر دووی شەو گەڕایەوە ماڵی خۆی، بەڵام ئەوان بە پێنج ئۆتۆمبێل و ماتۆڕێک هەڵیانکوتابووە سەری، دەبێت بە شەڕە تەقە لەنێوانیان، ئەوان بە 20 کەس هەموو گیانی کوڕەکەمیان بەر گوللە دا و کوشتیان".

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر لەبارەی ئەو کەیسە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بەهۆی دەمەقاڵێی نێوان دوو کەس لە گەڕەکی ئەندازیارانی شاری هەولێر، دوو گەنج لە هەردوو بنەماڵەکە کوژران".

گوتیشی :"پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ ڕووداوەکە کراوەتەوە، سێ کەس دەستگیرکراون و فەرمانی دەستگیرکردن بۆ سێ کەسی دیکەش دەرچووە".



تەرمی چاپووک لە شوێنی ڕووداوەکە



محەممەد سابیر کە لەلایەن چاپووکەوە کوژرا

# سیستەمی تەندروستی: کێشە بنەڕەتییەکان و چارەسەرکردنیان



دلاوەر عەلائەددین
سەرۆکی ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (میری)

ئێستا باسێکی گرنگی ڕۆژ لەسەر چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی دەرمانی خراپ و ساختەیە لە هەرێمی کوردستان، کە دەمێکە لە ئاستی قەیراندایە. بەڵام چاکسازی لە بواری دەرمان پەیوەستە بە ریفۆرمی سێکتەری تەندروستی بە گشتی و پێویستی بە دەستخستنەسەر برین و کێشە پەیکەرییەکانی سیستەمەکەیە، کە ئەوەش ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیەیە*.

بە پێی یاسای هەرێمی کوردستان (ژمارە 15ی ساڵی 2007)، وەزارەتی تەندروستی ڕۆڵی ڕێکخەر و بەڕێوەبەری سیستەمی تەندروستی پێ سپێردراوە، واتە لە یەک کاتدا بەرپرسیارە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و دڵنیابوون لە کواڵیتی. بەڵام شاراوە نییە کە وەزارەت بە درێژایی مێژووی لە هیچکام لەو دوو ڕۆڵەدا نەیتوانیوە سەرکەوتوو بێ. ئەوەش سەرباری ئەو خەرجیە زۆرەی حکومەت و هاووڵاتیان بۆ هەر نەخۆشێک لە کەرتی گشتی و تایبەت دەیکەن، کە ئەگەر لە هی وڵاتانی دراوسێ و بگرە ڕۆژئاوایی زیاتر نەبێ کەمتر نییە. تەنیا بە ڕەچاوکردنی خەرجییەکانی دامەزراوە تەندروستیە زەبەلاح و هەڵاوساوەکان و خەرجیی هاووڵاتیان کە لە نەخۆشخانە ئەهلیەکانی ناوەوە و دەرەوەی هەرێم دەیکەن، ژمارەکان خۆیان دەدوێن.

بێگومان تەنیا وەزارەت بەرپرسیار نییە لەو حاڵە شپرزەیەی سیستەم، بەڵکو هۆکاری دیکەش هەن، لەوانە:

- کەلێن و کێشە لە یاسا کارپێکراوەکان.
- لاوازی لە سەروەریتی یاسا و دەسەڵاتی دادوەری و دەزگاکانی چاودێری، لەگەڵ لاوازی لە نیشاندانی نیەت و ئیرادە و پێداگیری بۆ چاکسازی لە لوتکەوە بەرەوخوار.
- لاوازی لە رابەرایەتی وەزارەت و پرۆسەی بڕیاردان لە دامودەزگاکانی تەندروستی.
- لاوازیی میکانیزمەکانی چاودێریی کاربەجێگەیاندن و دڵنیایی جۆری، هەروەها غیابی هەندێ دامەزراوەی گرنگی وەک تۆمارکردن و مۆڵەتدان و متمانە بەخشین.
- لاوازی و تێکەڵاوی لە کار و ڕۆڵی لە ڕێکخراوە پیشەییەکانی وەک سەندیکاکاندا.
- دابەزینی ئاستی توانا و کواڵیتی خوێندن و ڕاهێنانی پزیشکان پێش و پاش دەرچوونیان لە زانکۆ.

## ڕابەرایەتی کارگێڕی

لە دامەزراوەکانی وەزارەتی تەندروستیدا پرۆسەی بیرکردنەوە و توێژینەوە بۆ داڕشتنی ڕوانگە و ستراتیژ و پۆڵەسی و پلانی درێژخایەن زۆر لاوازە. لە هیچکام لەو بوارانەدا وردەکارییەکانی ئامانج و قۆناغەکانی جێبەجێکردن و گەشەپێدانی بەردەوام دیاری نەکراون، چجای ئەوەی نەخۆشخانە و کارمەندانیان بەرچاویان بۆ ئەرکەکانیان ڕوون بێ. لە وەزارەتەوە سیستەمێکی کارا بۆ پەرەپێدانی توانا کارگێڕی و ڕابەرایەتی و پسپۆڕییەکان لە ئارادا نییە و مەرجی دامەزراندنیش لە پۆستە کارگێڕیەکاندا پەیوەست بە توانا و لێهاتوویی نییە. بۆیەش، سیستەمی کارگێڕی تەندروستی لە هی کاربەڕێکردن و کاردانەوە و پینەکردن دەچێ نەک ڕابەرایەتیکردن بەرەو تۆکمەکردن و بەرزکردنەوەی کواڵیتی.

ئیمڕۆ بەهۆی لاوازی لە سیستەمی حوکمڕانی و لاوازیی ڕۆڵی وەزارەت و باری قەیراناویی دارایی، سیستەمی تەندروستی دووچاری بێسەروبەری و ئەنارکی بووە و چاککردنیشی پێویستی بە کاری فریاکەوتنە، ئەگینا کارەساتی گەورەتریش وا بەڕێوەیە. ئێستا نەوەیەک لە پزیشکانی لاو دەستبەکارن کە بەهۆی قەیرانەکانەوە لە ڕاهێنانی کواڵیتی بێبەش بوونە. پزیشکی نیشتەجێی خولاو و دێرین (موقیمەکان) لە زۆر شوێندا دەوامی تەواو ناکەن و لە کاتی دەوامیشدا کات لە ژێر سەرپەرشتی پزیشکی خاوەن ئەزموون بەڕێ ناکەن. لە وەزارەتیشەوە فشاری کاربەجێگەیاندن لە بنەڕەتەوە بەپێی میکانیزمی تۆکمە دروست نەبووە تاوەکو کارمەندانی تەندروستی خەریکی زانستخوازی و ڕاهێنانی بەردەوام و بەرزکردنەوەی کواڵیتی بن. ئەگەر وەزارەت بەرنامەی بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە مەزنە نەبێت، ئەوا لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا نەوەیەک لە پزیشکانی پێشکەوتووی کەمزان و کەمئەزموون دێنە بەرهەم کە باری لەرزۆکی ئێستا خراپتریش دەکەن و باجە گەورەکەش نەخۆشەکان دەیدەن.

## مافی نەخۆش

لە هەرێمی کوردستاندا مافە بنەڕەتییەکانی نەخۆش بە ڕوونی دیار نەکراون و ئەوەی نووسراویشە بە ئاستێک پشتگوێ خراوە کە نەخۆشەکان بە ئاگاداریی وەزارەت دەیان جۆر مافیان پێشێل دەکرێ. بۆ نموونە:

■ مافی دەستکەوتنی کواڵیتی خزمەتگوزاریی پزیشکی، کە لە هیچ کەرتێکی گشتی و تایبەتدا بەرانبەر تێچووەکان نین.



"لە هەرێمی کوردستاندا مافە بنەڕەتییەکانی نەخۆش بە ئاستێک پشتگوێ خراوە کە نەخۆشەکان بە ئاگاداریی وەزارەت دەیان جۆر مافیان پێشێل دەکرێ" (فۆتۆ: ڕووداو)

■ پاراستنی کەرامەتی نەخۆش، کە پەیوەستە بە پاراستنی نهێنی و ڕێزلێگرتن و بەرزڕاگرتنی بەهاکانیان. ئەوانە لە نۆڕینگە و نەخۆشخانەکاندا بە دەگمەن حیسابیان بۆ دەکرێ. سەرباری ئەوەی بژێویی ژیانی پزیشکان لەسەر نەخۆشە، کەچی زۆر جار پزیشکان بە چاوی کەم سەیری نەخۆشەکانیان دەکەن و خۆیان لێ تووڕە دەکەن و زانیاری تێروتەسەلیان سەبارەت بە نەخۆشییەکانیان نادەنێ. لە هەندێ نۆڕینگەدا پزیشکان زیاتر لە نەخۆشێک لە یەک کاتدا و لە هەمان ژووری پشکنیندا دەبینن، کە ئەوەش جۆرێکە لە (تاوانی پزیشکی).

■ پاراستنی تۆماری نەخۆشی یەکێکە لە پرینسیپە هەرە بنەڕەتییەکان کە دەبێ لە نۆڕینگە و نەخۆشخانەکاندا کارێکی ڕۆتینی بێ، بەڵام پەیڕەو ناکرێ و بەوە مافی نەخۆش و بەڵگەی یاسایی بۆ کارچاکی یان کەمتەرخەمی ون دەکرێ.

■ هەڵە و کەمتەرخەمی: نەخۆشخانە نییە لە جیهاندا هەڵە یاخود کەمتەرخەمیی پزیشکیان لێ ڕوونەدات، بەڵام هەمیشە میکانیزمی چاودێریکردن و سزادان لە ئارادانە بۆ ڕێگرتن و کۆنترۆڵکردنیان. کەچی لە هەرێمی کوردستاندا بەدواداچوون دەگمەنە و لێپرسینەوەی شایستە دەگمەنتریشە.

## کەرتی تایبەت

حکومەت مۆڵەتی کارکردن بە نەخۆشخانە ئەهلیەکان دەبەخشێ و لەڕووی تیۆرییەوە ئەرکی سەرپەرشتی و پشکنینیشیانی لە ئەستۆیە. بەڵام مۆڵەتی کردنەوەی نۆڕینگە و کۆمەڵگا پزیشکی و دەرمانخانە تایبەتەکان تەنیا پێویستی بە ڕەزامەندی سەندیکا هەیە کە ئەوەش لە بنەڕەتەوە بە پێچەوانەی پرینسیپی سەندیکا و حکومەتە، چونکە کاری سەندیکا ئەوەیە بەرگری لە ئەندامانی بکات نەک لەجیاتی حکومەت کاری جێبەجێکردن (تەنفیزی) بکات و بازاڕ ڕێکبخات. دیارە کە سیستەم و یاسای هەرێمی کوردستان بە سیستەمی وڵاتە کۆمۆنیستیە ستالینییەکان و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاریگەرە و تا ئێستاش بەردەوامیی پێ دراوە. بەوپێیە، وەزارەت ڕۆڵ لە ڕێکخستن و سەرپەرشتیکردنی کەرتی تایبەتدا بە چاکی نابینێ. ئەوەش بێجگە لەوەی کە هیچ لایەنێکیش، نە حکومەت و نە سەندیکاکان، هیچ جۆرە میکانیزمێکی کارایان بۆ چاودێری و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی بەردەوام بۆ کەرتی گشتی یان تایبەت دانەناوە.

ژمارەی نەخۆشخانە ئەهلییەکان هەتا دێ ڕوویان بەرەو زیادبوونە. بۆ نموونە لە پارێزگایەکی وەک هەولێر 21 دانە هەن. مۆڵەتدان بە نەخۆشخانەی ئەهلی پێویستی بە ڕەزامەندیی وەزارەتی تەندروستی و دەستەی ژینگە هەیە، بەڵام هەماهەنگی لە نێوان ئەو دوانە زۆر لاوازە، پێوەر و ڕێبەر و ڕێنماییەکانی مۆڵەتدانیش لە ئاستی خوازراودا نین. خۆ زۆر لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان پشتئەستوورن بە خاوەنە ناسراو و بەرپرسە باڵاکانیان کە بەشێکیان بەقەدبڕی مۆڵەتیان وەرگرتووە. ئیتر نە مۆڵەتدانی یەکەم و نە نوێکردنەوەی متمانەی ساڵانە بەپێی سیستەمێکی بڕواپێکراوە. بۆیەش بەبێ ڕەچاوکردنی کواڵیتی، نەخۆشخانە و کۆمەڵگا و نۆڕینگە تایبەتەکان بەبێ ڕەقیبێکی کارا ماونەتەوە.

## دەستنیشانکردنی نەخۆشی

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی شکستی خزمەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان پەیوەستە بە پشتگوێخستنی بواری دەستنیشانکردنی نەخۆشی. لەلایەکەوە گرنگییەکی زۆر بە بواری تەکنۆلۆژیای وێنەگریی دراوە، بەڵام بواری تاقیگەکان تا ڕادەیەک پشتگوێ خراون. لە کاتێکدا گەورەترین ڕێژەی نەخۆشییەکانی هەرێم پەیوەستن بە نەخۆشیی میکرۆبی، کەچی لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دەرمانی دژەمیکرۆب (ئەنتیبایۆتیک) بە کوێرانە بە نەخۆش دەدرێ، وەک ئەوەی گوللە بە تاریکیەوە بنرێ. لە دەرئەنجامدا، پزیشکان دەرمان لە دوای دەرمانی گرانبەها لەسەر نەخۆش تاقی دەکەنەوە بەبێ ئەوەی سوودیان هەبێ.

## کێشەی دەرمان

بەپێی یاسا، کۆنترۆڵکردنی کواڵیتیی دەرمان لە ئەستۆی حکومەتە. بەڵام شاراوە نییە کە سیستەمی بەرهەمهێنان و هاوردەکردن و بەبازاڕکردن و بەکارهێنانی دەرمان لە هەرێمی کوردستان بووەتە یەکێک لە مەترسیدارترین کێشەکان، هەروەک لە بەرنامە کاریگەرەکەی (لەگەڵ ڕەنج- ڕووداو) جەختی لەسەر کراوەتەوە. دەرمانەکانی دێنە بازاڕ تێکەڵێکن لە یاسایی و قاچاخ، کواڵیتی باش و بێکەڵک. لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەرایەتی (کۆنترۆڵکردنی هێنان و دروستکردنی دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشکی) هەیە، بەڵام ئەزموون و توانا و ئاستی کارایی ئەو دامەزراوەیە زۆر سەرەتاییە و لە ئاستی کێشەکان و توانای تۆڕەکانی بەرژەوەندیە تایبەتەکاندا نییە. لە بازاڕی کەرتی تایبەتدا دەرمانخانە زۆرن و بزنسەکانیان لە پەرەسەندنێکی بێ سنووردانە، کەچی ژمارەی دەرمانسازان کەمترن لە پێویست، یان دەرمانسازەکان سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی دەرمانفرۆشتن ناکەن. بۆیە زۆر لە دەرمانخانەکان لەلایەن خەڵکانێکەوە بەڕێوە دەبرێن کە هەڵگری بڕوانامە و خاوەنی ئەزموونی گونجاو نین، وەیان بەپێی پێویست پابەند بە ئێتیکی پیشەیی دەرمانسازیەوە نین.

> "لە دامەزراوەکانی وەزارەتی تەندروستیدا پرۆسەی بیرکردنەوە و توێژینەوە بۆ داڕشتنی ڕوانگە و ستراتیژ و پۆڵەسی و پلانی درێژخایەن زۆر لاوازە"

> "یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی شکستی خزمەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان پەیوەستە بە پشتگوێخستنی بواری دەستنیشانکردنی نەخۆشی"

## کەرتی تایبەت و دۆشینی سیستەم

بەپێی ئێتیک و یاسا، پزیشکان بۆیان نییە لە یەک کاتدا لە کەرتی گشتی و تایبەتدا کار بکەن، بەڵام لە هەرێمی کوردستان زۆربەیان دەیکەن، بەبێ ئەوەی ترسیان لە دەرئەنجامەکانی هەبێت. هەیانە نەخۆشی نەخۆشخانە حکومیەکان بۆ نۆڕینگە و نەخۆشخانە تایبەتەکانیان ڕادەکێشن و بە ڕێگای جیاواز مەجبووریان دەکەن، یان بەپێی بارودۆخی دارایی نەخۆش، بۆ هەندێ پشکنینی تاقیگە و دەرمانە گرانبەهاکان و نەشتەگەریەکان دەیانهێننەوە نەخۆشخانە حکومییەکان. واتە موڵکی حکومەت و تایبەت بە یەک ماڵ دەزانن.

زۆر جار پزیشکان داوا لە نەخۆش دەکەن لە تاقیگەی دیاریکراودا پشکنینەکان بکەن و لە دەرمانخانەی دیاریکراودا دەرمانەکان بکڕن. هەیانە بەبێ پێویستی نەخۆش دەرمان دەنووسن، داوای ئەنجامدانی پشکنینە گرانبەهاکانی تاقیگە و وێنەگرییەکان دەکەن، یان پێیان دووبارە دەکەنەوە. ئەو دیاردانە لە کۆمەڵگا پزیشکیەکان زۆر بە زەقتریش بەدی دەکرێن چونکە پزیشک و پەرستار و تاقیگە و وێنەگری و دەرمانخانە هەموویان لە یەک باڵەخانەدانە و لەنێو خۆیاندا دەتوانن تۆڕێکی ئەژدیها ئاسا بۆ دۆشینی نەخۆش پێکبێنن.

نهێنی نییە کە پزیشکەکان پشکی شێریان لە خەرجیەکانی تاقیگە و دەرمان و نەشتەگەریەکانی نەخۆشخانە تایبەتەکاندا هەیە. لە حاڵەتی نەشتەگەریدا نزیکەی 70%ی داهاتەکە بۆ پزیشکە و ئەوەی دەمێنێتەوە لە نێوان بێهۆشکەر و پەرستار و نەخۆشخانەکە دابەش دەکرێ. ئەوانە خەریکە لە کولتووردا دەچەسپێن بەبێ ئەوەی وەزارەت کاریان لەسەر بکات.

سەندیکاکانیش کە ئاگاداری ئەو تۆڕە ئاڵۆزانەن، لەوەدا تا ڕادەیەکی زۆر بێباکن. لەلایەکەوە هەندێ لە سەرکردەکانی سەندیکاکان هەر خۆیان بەشێکن لە توێژی کارمەندانی کەرتی تایبەت و تۆڕەکانی بەرژەوەندی. بۆیە ئاساییە کە چاوپۆشییان لێبکەن و لە بنەڕەتیشەوە میکانیزمی بەدواداچوونی کارایان بۆ ئەو نۆڕینگە و کۆمەڵگایانە دروست نەکردووە. خۆ بەپێی ئەو برە میکانیزمە لاوازەی هەشە، کە ڕەنگە ناوبەناو بەدواداچوونێکیش بکرێ، بەڵام بەهۆی واستەکاری و تۆڕی دۆستایەتی، پێشێلکاران بێ سەرئێشە لێی دەردەچن و لە کارەکانیان بەردەوام دەبن.

## چاکسازی

ئیتر مایەی سەرسوڕمان نییە کە ڕێز و هەیبەت و ناوبانگی پزیشکان دابەزیوە و بەگشتی متمانەیان لەلای نەخۆش و هاووڵاتیان و حکومەت کزبووە. بەردەوامبوونی ئەو دۆخە نەک تەنیا بۆ هاووڵاتیان، بەڵکو لە بەرژەوەندی کارمەندانی تەندروستیشدا نییە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە دەکرێ سیستەمەکە زۆر لەوەی ئێستا پێشکەوتووتر بێ، کواڵیتی خزمەتگوزاریەکان بەرزبێ و بەهۆیانەوە هەرێمی کوردستان ببێتە مەزارگەی توریزمی پزیشکی نەخۆشەکانی باقی عێراق و دەرەوە لەجیاتی پێچەوانەکەی. بەهەمان پێوەر، دەکرێ قازانجە داراییەکانی پزیشکان و نۆڕینگە و نەخۆشخانە تایبەتەکانی هەرێم لەوەی ئێستا زیاتر و حەڵاڵتریش بێ، بەڵام سروشتی مرۆڤ وایە کە ئەگەر بۆی بچێتە سەر، مل دەداتە بەر شێوازی قەدبڕ بۆ قازانجی خێرا، هەتا ئەگەر لەسەر حیسابی یاسا و ئایین و ویژدان و پێگەی کۆمەڵایەتی خۆشی بێ. بۆیە کێشەکانی سیستەم تەنیا بە پەروەردە و ڕاهێنان و ئامۆژگاری و هوشیارکردنەوە چاک نابن، بەڵکو بە حوکمی دروست و سەروەرکردنی یاسا و تۆکمەکردنی کاری حکومەت چاک دەبن. واتە، ئەرکی حکومەت و پەرلەمان و دادگا و دامەزراوەکانی چاودێرییە سنوورێک بۆ پێشێلکردنی یاسا و ڕێسا و ڕێنماییەکان و ئێتیکی پیشەیی بواری پزیشکی دابنێن.

پێویستە گۆڕانکاری بنەڕەتی بەسەر نەهجی مەرکەزیانەی وەزارەتی تەندروستیدا بێت بۆ ئەوەی بتوانێ سیستەمی بڕیاردان و چاودێریکردن و دڵنیایی جۆری کارا بکات. وەزارەت خۆی زیاتر بۆ کاری ستراتیژی و پلانی سەرتاسەری و دەرکردنی ڕێنمایی پسپۆڕیی تەرخان بکات، لەگەڵ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنیان لە لایەن حکومەتە خۆجێییەکان و دامەزراوەکانی کەرتی گشتی و تایبەتەوە و ڕۆڵی پشکنین و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن و مۆڵەتبەخشین و متمانەبەخشین بەشێوازی خولی ببینێ.

لەو نێوەدا، پێویستە بنکە تەندروستیەکان و نۆڕینگەکان و نەخۆشخانەکان بە پەیکەر و میکانیزمی نوێوە ڕابەرایەتی بکرێن و تا ڕادەیەکی زۆر سەربەخۆ بکرێن. ئەوانیش لە لایەن کۆمەڵێک دامەزراوەی سەرووترەوە و بەپێی میکانیزمی چاودێری و هەڵسەنگاندنی تۆکمە فشاری کاربەجێگەیاندنیان بخرێتە سەر، لەوانە: وەزارەت، ئەنجوومەنی پارێزگاکان، ئەنجوومەنی پزیشکی گشتی (کە دروستبوو)، سەندیکا تایبەتمەندەکان (دوای گۆڕینی ڕۆڵیان بە یاسا)، داواکاری گشتی، چاودێریی دارایی، دەستەی دەستپاکی و دەستەی مافی مرۆڤ.

پێویستە حکومەت زۆرترین بودجە و وەبەرهێنان بۆ گەشەپێدانی خزمەتگوزارییە سەرەتایی و فریاکەوتنەکان دابین بکات بەپلەی یەکەم و خزمەتگوزاریە ناوەندی (نەخۆشخانەکان) بە پلەی دووەم. هاوکات، پێویستە چاو بە سیستەمی تەمویلی سیستەمی تەندروستیدا بخشێنرێتەوە، چونکە ئەوەی ئێستا سەری نەگرتووە و لە ئایندەشدا سەرناگرێ. دیارە مۆدێلی جیاواز هەن بۆ مسۆگەرکردنی داهات و وەبەرهێنان لە کواڵیتی، بەڵام پێویستیان بە گۆڕینی یاسا کارپێکراوەکانە یاخود تەنیا پێویستیان بە دانانی یان گۆڕینی ڕێسا و ڕێنماییەکانە.

پێویستە چاو بە ئەرکە بنەڕەتیەکانی پیشە پزیشکیەکاندا بخشێنرێتەوە و بە پێی ڕێبەرێک پەیوەندی پێکهاتەکانی سیستەم دابڕێژرێنەوە، بەجۆرێک کە مافە بنەڕەتیەکانی نەخۆش و هی کارمەندانی پزیشکی و مافی گشتی بپارێزرێن، پرۆسەکانی پشکنینی تاقیگە و چارەسەرکردن و دەرمان بەخشین بەپێی سیستەمێکی ئەلیکترۆنی و بە کۆدی پزیشکی ڕێکبخرێنەوە. ئەو جۆرە سیستەمە بە هاوکاری دەرەکی هاتووەتە هەرێم و پزیشک و دەرمانسازانی پێ ئاشنا کراون، بەڵام کاری پێ ناکرێ. شایانی باسە کە زۆربەی هەرە زۆری ئەو چارەسەریانەی پێشنیازکراون خەرجیەکی ئەوتۆیان تێناچێ کە لە توانای حکومەت یاخود نەخۆشدا نەبن.

## پوختە

پڕکردنەوەی کەلێنەکان و گۆڕینی نەریت و کولتووره شێواوەکان و پاراستنی مافەکانی نەخۆش و پێشکەشکردنی باشترین کواڵیتی کاری زەحمەت نین و لە هەموو کاتێکدا دەتوانرێت ئەنجام بدرێت، هەتا لە کاتی قەیرانی داراییشدا، چونکە زۆربەی ئەو چاکسازیانە پێویستیان تەنیا بە نیەت و ئیرادە و پێداگیری بڕیاردەرە لوتکەییەکانی حوکمڕانی و تۆکمەکردنی میکانیزمەکانی ڕابەرایەتی و چاودێری و لێپرسینەوەیە. ئەوەش لە توانادایە و ئەزموونی وڵاتانیش ئەو ڕاستیەی سەلماندووە.

*وردەکاریی زیاتر بۆ دەستنیشانکردنی کێشەکان و تاوتوێکردنی چارەسەریەکان لە دوایین کتێبی ئینستیتیوتی میری دایە، کە بەرهەمی توێژینەوەیەکی تێروتەسەلە، بە ئامادەکردنی بەندە و لەژێر ناونیشانی "دەوڵەتسازی: نەخشەڕێگایەک بۆ سەروەرکردنی یاسا و بەدامەزراوەییکردن لە هەرێمی کوردستان".

# پێنج نیشانەی ناتەواویی چاوی منداڵەکەت





**ڕووداو- ئاژانسەکان**

زۆر هۆکار هەن وادەکەن منداڵ لە خوێندندا سەرکەوتوو بێت، یەکێک لە هەرە گرنگترینیان، چاوێکی بەهێز و باشە.

زانست سەلماندوویەتی 80%ی زانیارییەکانی قوتابی لە ڕێگەی چاوەوە وەردەگیرێن، بۆیە ئەگەر بینایییەکی باشی نەبێ، ئەستەمە قوتابییەکی زیرەک و سەرکەوتوو بێ.

منداڵ وەکوو مرۆڤی پێگەیشتوو نییە ئاسان هەست بە گرفتی چاو بکات و داوای چارەسەر بکات، بەڵکو لەبری ئەوە هەندێک هەڵسوکەوت دەکات بۆ ئەوەی بینایی چاوی ڕاستبکاتەوە، بۆیە گرنگە سەرنجی منداڵەکەت بدەی، ئەگەر یەکێک لەم نیشانانەی هەیە، بیبە لای پزیشکی چاو:

## 1 چاوتیژکردن:

منداڵەکە چاوی تیژدەکات، واتە نیمچە داخراوی دەکات و بە توندی سەرنج دەدات. ئەمە نیشانەی نزیکبینییە. واتە لە نزیکەوە بە باشی دەبینێ، کەچی تەنە دوورەکان وەکوو پێویست نابینێ. چاو تیژکردنەوەی منداڵەکە، جۆرێکە لە خۆڕاهێنان بۆ چارەکردنی ئەو لێڵییەی لە بینینی تەنە دوورەکاندا ڕوودەدات.

## 2 زۆر هەڵگلۆفین:

زۆر گوشین و گلۆفینی چاو نیشانەی ماندوویی چاوی منداڵە. کاتێک لە کاتی سەرنجداندا چاو ماندوو دەبێ، منداڵەکە دەیەوێ بە گلۆفینی چاوی ئەو هەستی ماندووبوونە بڕەوێنێتەوە کە ڕوودەدات کاتێک ماوەیەک لە تەنێک ورد دەبێتەوە. هەندێک لە منداڵان کە چاویان ماندوو دەبێت، تووشی ژانەسەر دەبن. واتە ماندوویی چاو هۆکارێکی ماندووبوونی چاوی منداڵانە.

## 3 ئارەزووی وێنەکێشان و خوێندنەوەی نەبێ:

ئەو منداڵانەی دووربینییان هەیە، زۆر بێزار دەبن بە وێنەکێشان، یان یاری میکانۆ. ئەوەش چونکە ئەوان تەنە دوورەکان بە باشی دەبینن، بەڵام بە سەختی تەنە نزیکەکان دەبینن و گەلێک ماندوو دەبن کە دەیانەوێ وێنە نزیکەکان بە ڕوونی ببینن. دەستنیشانکردنی دووربینیی منداڵ بە پشکنینی ئاسایی چاو ئاسان نییە، چونکە ئەم منداڵانە تەن و وێنە دوورەکان بە ئاسانی دەبینن، هەرچەندە ورد بن!

## 4 داپۆشینی چاوێک:

کاتێک چاوێک بەهێز بێ و چاوێک بێ هێز، منداڵەکە چاوە کزەکە دادەپۆشێ بۆ ئەوەی بە جوانی تەنەکان ببینێ. ئەوەش چونکە کاتێک دوو چاوەکە هاوتای یەکتر گەشە ناکەن، مێشک چاوە لاوازەکە پشتگوێ دەخات و منداڵەکە هەر خەریکی تەماشاکردنی تەنەکان دەبێ بە چاوە ئاسایی و بەهێزەکە. ئەگەر زوو (بەر لە تەمەنی شەشساڵی) حاڵەتی تەمبەڵیی چاو دەستنیشان نەکرێ، ئیدی پاش ئەو تەمەنە چاوەکە باش نابێ و بۆ هەتا هەتایە بە تەمبەڵی دەمێنێتەوە، کە تێیدا چاوە تەمبەڵەکە هەرچەند ڕووناکە، بەڵام لێڵە و ناتوانێ تەنە بچووکەکان بناسێتەوە و تەنیا وێنەیەکی تەڵخ دەبینێ!

چارەسەرەکە پێچەوانەکردنەوەی خووی منداڵەکەیە، واتە ماوە ماوە چاوە بەهێزەکەی داپۆشین بۆ ئەوەی بە ناچاری بە چاوە تەمبەڵەکە بڕوانێ و مێشک گەشەی پێبدات، ئەڵبەت ئەمە بەر لە تەمەنی شەش ساڵی کاریگەر دەبێ.

## 5 تەمبەڵی لە قوتابخانە:

هەندێکجار کە منداڵەکە ناتوانێ نووسراوی سەر تەختەڕەش بخوێنێتەوە، یان ئەرکەکانی ماڵەوەی جێبەجێ بکات، بەهۆی لاوازیی ئاستی زیرەکی نییە، بەڵکو چاوی لاوازە و پیت و وشەکان بە باشی نابینێ و دواتر فێر نابێت! بۆیە ئەگەر سەرنجت دا منداڵەکەت زیرەک نییە وەکوو هاوڕێکانی، بیرۆکەیەکی باشە سەردانی پزیشکی چاو بکەیت، چونکە منداڵەکە وەکو کەسێکی پێگەیشتوو نییە دەرک بە گرفتی بینینی بکات.



# خانمان چۆن مامەڵە لەگەڵ چرچیی پێست بکەن؟

**ڕووداو- دەیلی تەلەگراف**

کاتێک خانمێک تەمەنی هەڵدەکشێ، هۆرمۆنی ئیستڕۆجینی مێینە لە جەستەیدا ڕوو لە کەمی دەکات کە بە گوتەی پسپۆڕان دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ماددەکانی کۆلاجین، ئیلاستین و ترشی هایالورۆنیک، ئەو سیانەش لە پێداویستییە بنەڕەتییەکانی گەنجیی پێستن.

لە سییەکانی تەمەنەوە هۆرمۆنی ئیستڕۆجین ڕوو لە کەمی دەکات، لە چلەکاندا بە ڕوونی کاریگەرییەکانی دەبینرێ و لە پەنجاکانی تەمەندا کەمیی هۆرمۆنی ئیستڕۆجین و کاریگەرییەکانی دیکەی چوونە تەمەن، کاریگەریی ئەوتۆ لەسەر جوانیی خانمان بەجێدەهێڵێ کە نیگەرانیان دەکات.

لە نیشانەکانی چوونە تەمەنی پێست و کەمیی ماددەکانی پارێزەری گەنجی و درەوشاوەیی پێست، دەتوانین ئاماژە بدەین بە:

- نەمانی نەرمونیانیی پێست.
- گۆڕانی ڕەنگی پێست.
- ئاسان رووشان و بریندار‌بوون.
- وشکبوونەوەی پێست.
- گەورەبوونی کونیلەکانی پێست.
- زیادبوونی مووی نەخوازراو.
- تەنکبوونی پێست.
- گۆڕانی پێست لە چواردەوری چاو و شەویلگە.

### چۆن ڕووبەڕووی ئەم کێشەیە دەبیتەوە؟

هەندێک خۆراک هەن کە بە ئیستڕۆجینی ڕووەکی دەوڵەمەندن و پاش خواردنیان ئاستی ئیستڕۆجین لە جەستەدا بەرز دەکەنەوە، لە نموونەی ئەو خۆراکانە: سۆیا، کەتان، کونجی، جۆ و بەڕوو.

هەروەها وەرزشکردنیش ئاستی هۆرمۆنی ئیستڕۆجین لە بارێکی خوازراو و تەندروستدا دەپارێزێ و نیشانەکانی پیربوونی پێشوەخت دوادەخات.

هەندێکجاریش ئیستڕۆجین بەشێوەی دەرمان و کرێم دەدرێت، بەڵام ئەمەیان دەبێ پزیشک بڕیاری لێبدات و دڵنیات بکاتەوە کە زیانێکی ئەوتۆیان بۆت نییە.

# بڕۆکلی چارەسەرە بۆ شێرپەنجە؟

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

بڕۆکلی بەهایەکی بەرزی خۆراکیی هەیە، چونکە بڕێکی زۆر ڕیشاڵی خۆراکیی تێدایە، بە ڤیتامین C دەوڵەمەندە، بڕێکی بەرچاو لە پۆتاسیۆم و ڤیتامین B6 و Aی تێدایە. ئەوە جگە لەوەی چەندین ڕەگەزی دژە هەوکردن و دژەئۆکسێنی تێدایە و وزەیەکی کەمیش دەدات.

بەگشتی سەوزە بێ نیشاستەکانی وەکوو بڕۆکلی وەها ناسراون ئەگەری تووشبوون بە چەند جۆرێک لە شێرپەنجە کەم دەکەنەوە، توێژینەوەکان وادەڵێن.

توێژینەوەیەکی ساڵی 2012 کە لەسەر 81 کەسی تووشبوو بە شەکرە کراوە، دەریدەخات ڕۆژانە خواردنی بڕۆکلی بۆ ماوەی مانگێک، دەبێتە هۆی دابەزاندی ئاستی چەورییە زیانبەخشەکان لە خوێندا، کە زانراوە تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ و بۆڕییەکانی خوێن زیاد دەکەن.

بەگوێرەی توێژینەوەیەکی دیکەش کە لە زانکۆی ئۆریگۆن لە ئەمریکا کراوە، ڕەگەزێکی کیمیایی لە بڕۆکلیدا هەیە بەناوی سەلفۆرافەین (Sulforaphane) کە توانای بڵاوبوونەوەی خانەکانی شێرپەنجەی پرۆستات لە جەستەدا کەم دەکاتەوە و لەمپەر دەخاتە بەردەم گەیشتنیان بە بەشەکانی دیکەی جەستە لە پرۆستاتەوە.

کۆمەڵەی شێرپەنجەی ئەمریکا دەڵێ بەشێک لە دژەئۆکسێنەکانی نێو بڕۆکلی، بەشێوەیەکی ئەرێنی کار لە ئاستی هۆرمۆنی مێینەی ئیستڕۆجین لە جەستەدا دەکەن، بەوەش ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمک کەم دەکاتەوە.

هەروەها بەهۆی چەندین ماددەی دژە ئۆکسێنی وەکوو: بێتاکارۆتینە، فلاڤیونۆیدەکان، گلوکۆبراسیسین و کارۆتینۆیدەکان، بڕۆکلی کۆئەندامی بەرگری بەهێز دەکات لە بەرامبەر تەنە بێگانە و نەخۆشخەرەکاندا.

لەگەڵ ئەمەشدا نە بڕۆکلی و نە خۆراکە سوودبەخشەکانی دیکە، نابێ وەک چارەسەری شێرپەنجە تەماشا بکرێن. ئێستا هەندێک ناوەندی نازانستی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بڕۆکلی شێرپەنجەی کۆڵۆن چاک دەکاتەوە، تەنانەت هەندێک داوا لە نەخۆشەکان دەکەن واز لە دەرمانە کیمیاییەکان بهێنن و ڕووبکەنە خواردنی بڕۆکلی. ئەوە لەڕووی پزیشکییەوە هەڵەیەکی کوشندە و تاوانێکی گەورەیە لە بەرامبەر ژیانی تووشبووانی شێرپەنجە.

ئەوانەی ئارەزووی دابەزاندنی کێشیان دەکەن، خواردنی بڕۆکلی ڕێگەیەکی باشە، چونکە لە بڕۆکلیدا کالۆرییەکی کەم هەیە، بەجۆرێک ئەگەر کوپێکی لێبخۆی تەنیا 31 کالۆری وزە وەردەگری.

بۆ ئەوەی زۆرترین سوودت لە بڕۆکلی دەستبکەوێ، بە تازەیی بیکڕە و باش بیشۆوە. بۆ ئەوەشی بە کوڵاندن ڕەگەزە خۆراکییەکانی لەدەست نەدات، دەتوانی پاش شووشتنەوە تەنیا بە هەڵم بیکەیتە چێشت نەک کوڵاندن.

بە کورتی، ئەگەر بڕۆکلی لە چوارچێوەی سیستمێکی خۆراکیی فرەڕەنگ و هاوسەنگدا بخورێت، ئەگەری تووشبوون بە هەندێک نەخۆشی کەم دەکاتەوە، بەڵام بەهیچ جۆرێک نابێتە جێگرەوەی سەردانی پزیشک، هەروەک قەرەبووی زیانەکانی وەرزشنەکردن ناکاتەوە و بە دەرمانی هیچ نەخۆشییەک دانانرێ، بە تایبەت شێرپەنجە.



# برینەکەت مەخورێنە



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

کاتێک برینێک دەست بە خوروو دەکات، واتای ئەوەیە دەستی بە سارێژبوونەوە کردووە. لەکاتی پرۆسەی سارێژبوونەوەشدا، ماددەی هیستامین دەردەدرێت کە بەهۆیەوە هەست بە خوروو دەکەی.

پزیشکان هۆشداری دەدەن لە خوراندنی ئەو برینەی لە قۆناغی سارێژبووندایە و هێشتا بەتەواوی چاک نەبووەتەوە، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی هەڵگرتنی قەتماغەی برینەکە، ئەوەش سارێژبوون دوادەخات و ئەگەری هەوکردن و ئاڵۆسکانی برینەکە زیاتر دەکات. بۆ ئەوەی لەکاتی نووستن و بێئاگاییدا زیان لە برینەکەت نەدەی بە خوراندن، پزیشکان ڕێنماییت دەکەن تاوەکوو برینەکەت سارێژ دەبێتەوە زوو زوو نینۆکت بکەیت.

**لە بری خوراندن، ئەم ڕێگاچارە سروشتی و تەندروستانە بگرەبەر:**

## 1 ساردکردنەوەی برینەکە:

فێنککردنەوە هەم شێوازێکی سروشتیی سڕکردنە و خوروو کەم دەکاتەوە، هەم هەڵاوسانی برینەکە و دەوروبەری کەم دەکاتەوە، بەهۆی گرژکردنی موولوولەکانی خوێن و کەمکردنەوەی لێچوونی شلە لە دیوارەکانیانەوە.

بۆ ئەوەش پارچە نایلۆنێک لە سەهۆڵێکەوە بئاڵێنە و بۆماوەی 10- 15 خولەک لەسەر برینەکە دایبنێ، بەڵام نابێ بۆ هەر جارێک زیاتر لە 20 خولەک دایبنێی، چونکە زیان لە پێست دەدات و دوور نییە بیمرێنێ.

## 2 بە شامپۆی شوفان بیشۆ:

لە پێکهاتەی شامپۆی شوفاندا ماددەی لینجی پرۆتینی هەیە کە برینەکە دادەپۆشێ و ناهێڵێ زۆر وشک ببێتەوە، ئەوەش هەستی خوروو کەم دەکاتەوە. بەڵام نابێ دوای لێدانی شامپۆکە بە سابوون برینەکە بشۆی، چونکە ئەو ماددە لینج و شێدارە لێدەکاتەوە و سوودی نامێنێ.

## 3 کرێمی کالامینی لێبدە:

کالامین بۆ چارەسەری کاتی خوروو بەکاردێت. بەڵام ئەم کرێمە بۆ ئەو شوێنە نابێت کە بەهۆی خوراندن رووشاندووتە، یان دەمی برینەکەی کراوەتەوە، چونکە لەو بارانەدا تەنیا حاڵەتەکەت لێ خراپ دەکات. تەنیا بۆ برینی وشک و داخراو بەکاری بهێنە. هەموو شەش کاژێرێک دەتوانی ماددەی کالامین لە برینەکانت بدەیت تاوەکو خورووەکەت لەکۆڵ بکاتەوە.

# هۆکاری گەورەیی مەمکی بەشێک لە کوڕان

**ڕووداو - DW**

کۆمەڵەی پزیشکانی منداڵ و نەوجەوانانی ئەڵمانی دەڵێن گەورەبوونی مەمکی بەشێک لە کوڕانی تازەپێگەیشتوو هۆکاری جیاوازی هەیە.

بەشێک لە هۆکارەکان بۆماوەیین، واتە ئەگەر کەسوکاری پلە یەکی کوڕەکە ئەو حاڵەتەیان هەبوو، ئەوە ئەگەری زۆرە لە ڕێگەی بۆهێڵ (جین)ەکانەوە ئەو سیفەتە بۆ ئەویش بگوازرێتەوە.

بەشێکی دیکە لە حاڵەتەکان بەهۆی هەندێک دەرمانی نەخۆشییە درێژخایەنەکانە، وەکوو دەرمانەکانی چارەسەری خەمۆکی، فێ و بەشێک لە دەرمانەکانی ئازاری گەدە (وەکوو تاگامیت).

بەشێک لە حاڵەتەکانیش تەنیا بەهۆی قەڵەوین و ئەگەر کەسەکە لە ڕێگەی وەرزش و ڕێجیمەوە کێشی دابەزێنێ، قەبارەی مەمکیشی ئاسایی دەبێتەوە.

بەشێکی بەرچاو لە حاڵەتەکان پاش تەمەنی 16 ساڵی خۆبەخۆ چاک دەبنەوە، واتە بەبێ هیچ چارەسەرێک مەمکەکە ئاسایی دەبێتەوە.

خۆ ئەگەر گەورەیی مەمکەکە بەردەوام بوو، بەبێ ئەوەی هۆکارێکی نەخۆشخەر هەبێ، ئەوە لە ڕێگەی نەشتەرگەرییەوە دەتوانرێ مەمکە گەورەکە بچووک بکرێتەوە، وەکوو مەمکی هەر پیاوێکی ئاسایی.

لە هەموو بارێکدا باشترە ئەو کوڕەی مەمکی بەشێوەیەکی نائاسایی گەورەیە، سەردانی پزیشک بکات و هۆکارەکەی بزانێت، ئەگەر نەخۆشییەکی دیاریکراو هۆکار بوو ئەوە پزیشک چارەسەری دەکات و ئەگەر هۆکارەکەش دەرمانێکی تایبەت بوو، ڕەنگە پزیشک جێگرەوەی دەرمانەکەی پێبدات.



# داعش لە تاجیکستان کۆتایی بە خەونی دوو خۆشەویستەکە هێنا

رووداو- هەولێر

پێشتر ژیانێکی ئاسایی دەژیان و خاوەنی پیشەیەکی جێی متمانە بوون.. لەناکاو بڕیاریان دا دەستبەرداری ئەو ژیانە دووبارەیە ببن و بڕۆن بە بایسکڵ بە جیهاندا بگەڕێن. ئەوان بە دوای دیمەنە جوانەکانی جیهاندا دەگەڕان تا دواجار لە رۆژی 369یەمی گەشتەکەیاندا چەکدارانی داعش لە ناوچەیەکی چاوەڕواننەکراوی جیهاندا رێگەیان پێدەگرن و کۆتایی بە خۆیان و گەشتەکەیان دەهێنن.

جەی ئۆستن و لۆرین جیۆگێگنی خۆشەویستی، لە ساڵی 2012ەوە یەکدییان دەناسی، لە 2013 بۆ ماوەیەکی کورت کەوتبوونە داوی خۆشەویستییەوە، پاش ماوەیەک پەیوەندییان پچڕا، بەڵام لە 2015 جارێکی دیکە یەکتریان بینییەوە. ئەو کات خاڵی هاوبەشیان ئەوە بوو کە هەردووکیان دەرچووی زانکۆی جۆرج تاونی ئەمریکی بوون، بەڵام بەرە بەرە گەشت بوو بەو خاڵەی هەردوو گەنجە ئەمریکییەکە کۆبکاتەوە.

گەشتەکەی جەی و لۆرین لە تەمووزی 2017 لە ئەفریقاوە دەستییپێکرد و لەو کاتیشەوە دەستیان بە نووسینەوەی رۆژانەی خۆیان کرد لە بلۆگێکدا کە دوایین نووسینیان لە رۆژی 11ی تەمووزی 2018 لە قیرقیزستان نووسراوە. ئەمە رۆژی 359یەمی گەشتەکەیان بووە، لەوێ دوو کچی بە بسکی هۆنراوەوە دوو باوەش گوڵیان پێشکەش دەکەن. ئەم جۆرە هەست و سۆزە مرۆییانە بوو کە هانی دەدان سەختییەکانی گەشت پشتگوێ بخەن.

رۆژی 29ی تەمووز، دوو خۆشەویستە ئەمریکییەکە لەگەڵ گروپێک بایسکلسواری دیکە لە باشووری رۆژئاوای تاجیکستان یەکدەگرن. بەگوێرەی راپۆرتێکی رۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)، لەو رۆژەدا ئۆتۆمبێلێکی جۆری دایوو بە تەنیشتیاندا تێدەپەڕێ، پاشان گەڕابووەوە و پاسکیلسوارەکانی کردبوو بە ژێرەوە، دواتر سەرنشینەکانی ئۆتۆمبێلەکە بە چەقۆ کەوتبوونە سەر لاشەی کەوتووەکان. لەو هێرشەدا جەی و لۆرین لەگەڵ دوو گەنجی سویسری و هۆڵەندی کوژران و دووی دیکەشیان بریندار بوون. دوو رۆژ دواتر داعش وێنەی پێنج گەنجی تاجیکی بە ئالایەکی رێکخراوەکەوە بڵاوکردەوە کە بەیعەت بە داعش دەدەن و گومان دەکرێ هێرشکارەکان بووبن.

## کەمکردنەوەی خەرجییەکان و گەورەکردنەوەی جیهانی خۆت

دوای وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە زانکۆی جۆرج تاون، جەی لە (وەزارەتی نیشتەجێکردن و پەرەپێدانی شار) لە ئەمریکا دەستی بە کار کرد. ئەشلی ئۆزەری، هاوڕێی منداڵیی جەی، لە لێدوانێکدا بۆ (نیویۆرک تایمز)، دەڵێت جەی بەو بڕوایە گەیشتبوو کە زۆر لەو شتانەی خەڵک دەیانکڕن پێویست نین، بۆیە بڕیاری دابوو بە کەمترین کەرەستە بژی. ساڵی 2012 بە دەستی خۆی خانوویەکی بچکۆلانەی دروستکرد کە هەموو رووبەرەکەی تەنیا 13 مەتر چوارگۆشە بوو.

خانووی بچووک و کەمکردنەوەی خەرجییەکانی ژیانی وایان کردبوو بە ئاسانی بتوانێ داوای مۆڵەتی بێمووچە بکات و بە ئەمریکا و ناوچەکانی دیکەی جیهاندا بسوورێتەوە. ئۆزەری لەوبارەیەوە دەڵێ: "لە کۆتایی هەموو ساڵێک لە وەزارەتی نیشتەجێکردن دەتتوانی داوای مووچەی زیاتر یان مۆڵەتی زیاتر بکەی، جەی هەموو کاتێک داوای مۆڵەتی زیاتری دەکرد".

لۆرین، خەڵکی باشووری رۆژهەڵاتی کالیفۆرنیا، لە کاتی ناسینی جەی لە ئۆفیسی وەرگرتنی خوێندکاران لە زانکۆی جۆرج تاون کاری دەکرد. ئەویش هاوشێوەی جەی خولیای گەشتی لەسەردا بوو، هاوینێکی بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی لە لوبنان بەسەر بردبوو، کۆرسێکی زمانی ئیسپانیشی لە مەدرید وەرگرتبوو. ئەو تەماحە زۆرەی هاوڕێکەی بۆ گەشت لای ئەو شتێکی ناوازە بوو. وەکو هاوڕێکانی بۆ (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی باس دەکەن، جەی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ژیان و بیرکردنەوەی هاوڕێ و خۆشەویستەکەی دانابوو، لەوانەش وازهێنان لە گۆشتخواردن.

ئاماندا کیریگن، هاوڕێی نزیکی لۆرین، دەڵێ پلانی گەشتەکە لە 2016ەوە دانرابوو، ئەو ساڵە لۆرین لای ئاماندا باسی ئەوەی کردبوو کە بەنیازە واز لە پیشەکەی بهێنێ و بە بایسکڵ بە هەموو جیهاندا بگەڕێ. کیریگن دەڵێ: "لە دڵی خۆمدا گوتم ئەمە ئەو لۆرینە نییە کە من دەمناسی، جەی پرۆژەی ژیانی لۆرینی گۆڕیبوو".

لە رۆژی 14ی حوزەیرانی 2017، جەی پۆستێکی لەژێر ناونیشانی "ئەمڕۆ وازم لە پیشەکەم هێنا" نووسی، لەبەر ئەوەی گەشتەکە هی ئەوە نەبوو بە مۆڵەتی درێژکراوە بیکەن، بەڵام چەند مانگێک پێش وازهێنان دەستیان بە پاشەکەوتی پارە کردبوو. جەی لە نووسینی سەر بلۆگەکەیدا وەک پەشیمانییەک لەوەی کە ساڵانێکی زۆری لە ئۆفیسی کاردا بەسەر بردووە، دەڵێ: "ئەو هەمووە دیمەنەی خۆرئاوابوونم لە کیس چووە، چونکە پشتم لێی بووە، ئەو هەموو هەورە بریسکەیەم نەبینیوە و ئەو هەموو شنە فێنکەم بەرنەکەوتووە و بەسەرمدا تێپەڕیوە".

گەشتەکەی جەی و لۆرین لە رۆژی 22ی تەمووزی 2017 لە کیپ تاون لە ئەفریقای باشوور دەستییپێکرد. بڕینی ئەفریقا نزیکەی نۆ مانگ کاتی ویست. جەی زانیویەتی گەشت بە بایسکڵ مەترسیی زیاترە لە گەشتکردن بە ئۆتۆمبێل، بەڵام هەر رێک لەبەر ئەمە بایسکڵی پێ باشتر بووە لە ئۆتۆمبێل، چونکە "ئەگەر لە مەترسیدا بی، بەخشندەییەکی زۆریشت بەسەردا دەبارێنرێ. خەڵکی باش هەست بەبێ دەرەتانی تۆ دەکەن و دەزانن پێویستت بە هاوکارییە".

ئامانجی گەشتەکە تەنیا بینینی ناوچە جیاجیاکانی جیهان نەبووە، بەڵکو بینینی هەست و سۆزی مرۆڤیش بووە لە فۆرمە هەرە سەرەتاییەکانی خۆیدا، وەکو چۆن لە مەغریب خێزانێک ژوورێک لە ماڵەکەی خۆیان دەدەن بەوان و بۆ رۆژی دواتر بە نان و خواردنەوە بەڕێیان دەکەن.

لۆرین و جەی لە مانگی نیساندا گەیشتبوونە ئەورووپا، نزیکەی نۆ مانگ گەشت بە سروشتی سەختی کیشوەری ئەفریقادا، تاقەتی لێبڕیبوون. لە یەکێک لە یاداشتە رۆژانەکانیان لە ئیسپانیا هاتووە: "تەواو بێدەرەتان و تەڕین و سەرماشمان بووە". لە فەرەنسا، گوێچکەی لۆرین هەوی کردبوو، هەردووکیان تووشی قوڕگێشە بووبوون.

تاجیکستان دوایین وێستگەی گەشتەکەی لۆرین و جەی بوو، ئەوکات جەی بەوە گەیشتبوو کە جیهان و مرۆڤەکان بەشێوەیەکی گشتی چاکن، نزیکەی چوار مانگ پێش کوژرانی، جەی لە مەغریبەوە نووسی: "خراپ یەکێکە لەو چەمکانەی وامان لێکراوە بڕوات پێبکەین، لەکاتێکدا خۆمان دامانهێناوە بۆ ئەوەی بەهۆیەوە مامەڵە لەگەڵ ئاڵۆزیی ئەو مرۆڤانەدا بکەین کە بەها، بڕوا و روانگەیان لە هی ئێمە جیاوازە. بەشی زۆری مرۆڤەکان میهرەبانن، لە گەشتەکەماندا هیچ شتێکی لەوە گەورەترمان بۆ ئاشکرا نەبووە".


جەی و لۆرینی خۆشەویستی دەیانویست بە بایسکڵ بە هەموو جیهاندا بگەڕێن

# رووسیا لە لوبنان شوێنی خۆی قایم دەکات


رووسیا لە 15 ساڵی داهاتوودا بە بەهای یەک ملیار دۆلار چەک بە لوبنان دەفرۆشێ

رووداو- هەولێر

لە ماوەی نزیک چوار ساڵی رابردوودا رووسیا پێگەی خۆی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەهێزتر کردووە، لەکاتێکدا مۆسکۆ دەیان بنکەی سەربازیی لەسەر خاکی سووریا دامەزراندووە و گرێبەستی گەورەی بازرگانی و وزەی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە واژۆ کردووە. هەوڵەکانی رووسیا بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی ئەمریکا جێیهێشتووە هەروا بەردەوامە و لە دوو ساڵی رابردوودا رووی لە نزیکبوونەوە لە لوبنانیش کردووە.

## ساردبوونەوەی ئەمریکا لە لوبنان

لە چەند دەیەی رابردوودا، ئەمریکا خەرجییەکی زۆری کردووە بۆ ئەوەی لوبنان وەکو زۆنی دەسەڵات و نفووزی خۆی بهێڵێتەوە، لە 60 ساڵی رابردوودا، حکومەتی ئەمریکا دوو جار (واتە لە 1958 و 1982) هێزی مارینزی رەوانەی کەنارئاوەکانی لوبنان کردووە. جیا لەمە زۆربەی دامەزراوە پەروەردەییە بەناوبانگەکانی لوبنان سەر بە ناوەندە پەروەردەییەکانی ئەمریکان. هاوکارییە سەربازییەکانی ئەمریکا بۆ لوبنان لە دەیەی رابردوودا خۆی لە 1.7 ملیار دۆلار داوە و بەو پێیەش گەورەترین هاوکاری سەربازیی لوبنانە. لە مانگی نیسانی ساڵی رابردووشدا بەردی بناغەی باڵەخانەی نوێی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەیروت بە بودجەی یەک ملیار دۆلار دانرا.

هەوڵەکانی ئەمریکا لە لوبنان بۆ جڵەوکردنی حیزبوڵڵا بووە کە لە سێ دەیەی رابردوودا ئامرازی سەرەکیی فراوانبوونی دەسەڵاتی ئێران لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووە. بەڵام ئەزموونی سێ دەیەی رابردووی لوبنان دەریدەخات کە نەک هەر دەسەڵاتی سیاسی حیزبوڵڵا گەشەی کردووە، بەڵکو پەیوەندی و نفووزی ئەو گروپە لە ناو هێزە سەربازییەکانی لوبنانیش گەشەی کردووە.

بەگوێرەی راپۆرتێکی (بلومبێرگ)ی ئەمریکی، ئیدارەی کۆشکی سپی و کۆنگرێس ئێستا ئەو پرسیارە دەکەن ئاخۆ ئەو هەموو سەرمایەگوزارییەی لە لوبنان کردوویانە ئاکامی پۆزەتیڤی بۆ نفووزی ئەمریکا و کورتکردنەوەی دەستی حیزبوڵڵا هەبووە یان نا؟ نیگەرانییەکانی ئەمریکا لە چەند مانگی رابردوودا زیاتر بووە، دوای ئەوەی سەرۆکی لوبنان، فەرماندەی سوپا و بەرپرسانی ئەمنیی لوبنان گوتاری لایەنگری حیزبوڵڵا و دژی ئیسرائیلیان دا.

سەرچاوەیەکی لوبنانی ئاگاداری پەیوەندییەکانی ئەمریکا و لوبنان بە (دامەزراوەی سەدە)ی ئەمریکی راگەیاند: "واشنتن حەز ناکات فەرماندەی سوپا و سەرۆکی لوبنان باسی شەڕی زایۆنی بکەن، یان هێزە ئەمنییەکان ئەو هاوکارییە نزیکەیان لەگەڵ حیزبوڵڵادا هەبێ".

سەرچاوەکە جەختی لەوە کردووەتەوە کە لە کاتێکدا لوبنانییەکان بۆ کەمکردنەوەی گوشارەکانی ئەمریکا بیر لە رووسیا دەکەنەوە، ئەمریکییەکانیش کێشەیان نییە هەتا رادەیەک دەسەڵات بە لایەنێک بدەن دەرفەتی دانوستاندن لەگەڵی هەبێ "دەکرێ رووسیا بێ، بەتایبەتیش ئەگەر وجوودی ئێرانییەکان لە ناوچەکەدا کەم بکاتەوە".

## رووسیا دێتە سەر خەت

لەڕووی مێژووییەوە، بەیروت بایەخێکی ستراتیژی بۆ مۆسکۆ نەبووە. لە سەردەمی دەسەڵاتی یەکێتیی سۆڤیەتدا، حکومەتی مۆسکۆ پەیوەندی نزیکی لەگەڵ چەپ و سێکولارەکانی لوبناندا هەبوو، بە تایبەتیش لە رێگەی ناردنی چەک بۆ ئەو گروپانە و راکێشانی سەدان خوێندکاری لوبنانی بۆ زانکۆکانی سۆڤیەت.

بەڵام شەڕی نێوخۆی سووریا و بەشداریی راستەوخۆی هێزی ئاسمانیی رووسیا لەو شەڕەدا هاوکێشەکانی گۆڕیوە. ساڵی رابردوو رووسیا رێککەوتنی دانانی بنکەیەکی درێژخایەنی لەگەڵ حکومەتی سووریا واژۆ کرد کە بۆ ماوەی پەنجا ساڵ گەرەنتی مانەوەی هێزەکانی مۆسکۆ لە سووریا دەکات. بە گوێرەی راپۆرتەکەی (دامەزراوەی سەدە) هەوڵەکانی رووسیا لە لوبنان درێژکراوەی هەنگاوە ستراتیژییەکانی رووسیایە لە سووریا.

بەشداریی رووسیا لە شەڕی نێوخۆی سووریا وایکردووە هەموو رێگەکان بۆ چارەسەری دۆخی سووریا و کێشە پەیوەندیدارەکانی بە مۆسکۆدا تێپەڕن، لەوانەش کێشەی نێوان ئیسرائیل و ئێران لەسەر بەرزاییەکانی جۆلان. پێدەچێت ئێستا رووسیا لە لوبنانیش بە نیازی بەدەستهێنانی ئەو پێگە نێودەوڵەتی و ناوچەییە بێت. لە کانوونی یەکەمی پارساڵ کۆمپانیای نۆڤاتێکی رووسی لەگەڵ تۆتاڵی فەرەنسی و کۆمپانیای ئێنی سپای ئیتاڵی مافی کارکردنی لە کێڵگە غازییەکانی لوبنان لە دەریای نێوەڕاستی وەرگرت. بەرپرسانی لوبنانی کە قسەیان بۆ دامەزراوە ئەمریکییەکە کردووە، باس لەوە دەکەن بەشداری رووسیا دەتوانێ پرسی کێڵگە جێناکۆکەکانی نێوان لوبنان و ئیسرائیل یەکلابکاتەوە، بەتایبەتیش کێڵگەی ژمارە نۆ کە لوبنان و ئیسرائیل بە هی خۆیانی دەزانن و بڕیارە کۆمپانیا رووسییەکە بەناوی حکومەتی لوبنانییەوە کاری لەسەر بکات.

لە 10 ساڵی رابردوودا رووسیا چەند جارێک هەوڵی رێککەوتنی سەربازی لەگەڵ لوبنان داوە، بەڵام تاوەکو پارساڵ هەموو هەوڵەکان لەژێر گوشاری ئەمریکا بێبەرهەم مانەوە. ساڵی رابردوو پەرلەمانی لوبنان رێککەوتنی هاوکاریی سەربازیی لەگەڵ رووسیا پەسند کرد. رێککەوتنەکە لەساڵی 2012ەوە سڕکرابوو، بەڵام پاش هەموارێکی دەستووری، لوبنانییەکان قایلبوون بەوەی کەرستەی سەربازیی لە رووسیا وەربگرن، چاوەڕێش دەکرێ یەکەم باری کەرستە سەربازییەکان لە سەرەتای ئەیلوولی ئەمساڵ بگەنە لوبنان.

بەڵام رووسیا بەو رێککەوتنە نەوەستاوە، بەڵکو گرێبەستێکی سەرنجڕاکێشی دیکەشی خستووەتە بەردەستی لوبنانییەکان. بەگوێرەی گرێبەستە نوێیەکە، رووسیا لە 15 ساڵی داهاتوودا بە بەهای یەک ملیار دۆلار چەک بە لوبنان دەفرۆشێ. سەرۆکی لوبنان و فەرماندەی هێزەکانی لوبنان گرێبەستەکەیان واژۆکردووە، وەزیری بەرگریی لوبنانیش بەنیازی گەشتی رووسیا بوو تاوەکو لەوێ گرێبەستەکە واژۆ بکات.

بەگوێرەی راپۆرتەکەی (دامەزراوەی سەدە) گوشارەکانی ئەمریکا و بەریتانیا سەعد حەریری، سەرۆکوەزیرانی لوبنانی ناچار کرد گرێبەستەکە رابگرێ. سەرچاوەیەکی نزیک لە حەریریش ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە "ئەگەر کڕینی چەک لە رووسیا بەمانای نزیکبوونەوە لە مۆسکۆ بێت، ئەوە ئەمریکییەکان قەبووڵ ناکەن. ئەوان ئەم جۆرە یارییە قەبووڵ ناکەن". کۆمەڵێک سەرچاوەی رووسیی ئاگاداری گرێبەستەکەش جەخت لەوە دەکەنەوە دوای پێکهێنانی حکومەتی لوبنان گرێبەستەکەش تێدەپەڕێ، هەرچەند ئێستا حەریری لەژێر گوشاری ئەمریکییەکان رایگرتووە.

یەکێک لە سەرچاوە رووسییەکان دەڵێ "رووسەکان دانیان بەخۆیاندا گرتووە، لەبەر ئەوەی بناغەی ئەو ئاستە لە هاوبەشی (لەنێوان هەردوو وڵاتدا) دانراوە". متمانەی سەرچاوە رووسییەکە ئاماژەیە بۆ ئەوەی مۆسکۆ یارییەکی درێژخایەنی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەستپێکردووە کە تێیدا رووسیا لە بنکەکانی دەسەڵاتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست نزیک دەبێتەوە، لە کاتێکدا هاوپەیمانێتییەکەی لەگەڵ ئێران و سووریاش لە هەمووکات بەهێزترە.

## 70 هەزار چەکداری ئۆپۆزیسیۆن لەوێ کۆبوونەتەوە

# ئدلیب چاوەڕێی شەڕە مەترسیدارەکەیە

**ڕووداو- هەولێر**

ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای سووریا بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی باشووری وڵات بە کردەوە کۆتاییان هاتووە، ئێستا تاکە ناوچە کە بەدەست هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سوننەی عەرەبەوە لە سووریا مابێت پارێزگای ئدلیب لە باکووری ڕۆژئاوایە. لای زۆربەی شارەزایان و خەڵکی ناوچەکە پرسیارەکە چیدی ئەوە نییە ئاخۆ ڕژێم و هاوپەیمانەکانی هێرش دەکەنە سەر ئەو پارێزگایە یان نا، بەڵکو ئەوەیە کە کەی دەست بە هێرش دەکرێ؟ بەڵام لە کۆبوونەوە سیاسییەکانی نێوان وڵاتاندا پرسیار ئەوەیە چۆن ڕێگە لەو هێرشە بگیرێ؟

بەگوێرەی ئامارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، لە نێوان 2.5 بۆ 3.3 ملیۆن کەس لە پارێزگای ئدلیب نیشتەجێن، لەو ژمارەیە 1.2 ملیۆن کەسیان ئاوارەی پارێزگاکانی دیکەن کە دەکاتە 25%ی هەموو ئاوارەکانی سووریا. زیاتر لە ٪10ی دانیشتووانی سووریا لەو پارێزگایە دەژین، لە کاتێکدا وەکو ڕووبەر پارێزگای ئدلیب تەنیا نزیکەی 4%ی خاکی سووریا پێکدەهێنێ و بەشی زۆری پارێزگاکەش ناوچەی گوندی و کشتوکاڵییە.

تورکیا تاکە دراوسێی دەرەکیی ئدلیبە و لە حەوت ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە 3.5 ملیۆن کۆچبەری سووری لەخۆگرتووە، ئێستاش ئەنقەرە سنوورەکانی خۆی داخستووە و ئامادە نییە کۆچبەری دیکەی سووری وەربگرێ. بەو پێیەی ئدلیب وەکو تاکە مەکۆی سەرەکی ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی سوننەی سووری ماوەتەوە و 70 هەزار چەکداریشی تێدایە، چاوەڕێ دەکرێ شەڕی نێوان سوپای سووریا و ئۆپۆزسیۆن لەو پارێزگایە شەڕێکی قورس بێ و قوربانیی یەکەمیش هاووڵاتیانی مەدەنی و ئەو چەند ملیۆن کەسە بن کە ئدلیب وەکو تاکە پەناگەیان ماوەتەوە.

### ناوچە ئارامەکان وەکو دەرفەتێک بۆ ئەسەد

ساڵێک لەمەوبەر پێنج ناوچەی ئارام لە سووریادا هەبوون کە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی نێوان ئەمریکا و ڕووسیادا ئەو ناونیشانەیان پێدرابوو، لەو چوار ناوچەیە (ئدلیب، قونەیتەرە و درعا لەباشوور، غوتەی ڕۆژهەڵات و حمس)، تەنیا ئدلیب ماوە بکەوێتەوە دەست هێزەکانی بەشار ئەسەد.

چارلز لیستەر، لێکۆڵەری کاروباری سووریا و گروپە توندڕەوەکان لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، پێیوایە "لای زۆربەی ئەو وڵاتانەی بەرژەوەندییان لە سووریادا هەبووە، ئەو میکانیزمە (واتە دروستکردنی ناوچەی ئارام) وەکو هەنگاوێک بوو بۆ ئەوەی شتەکان بەرەو سەقامگیری بچن". واتە ڕاگرتنی دۆخەکە بە ئارامی تاوەکو ئەو کاتەی ڕێککەوتن و چارەسەری سیاسی دەدۆزرێتەوە، بێ ئەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا ناچار بن سەرمایەی سیاسی، مرۆیی، سەربازی و دارایی زۆر بۆ شەڕەکە تەرخان بکەن.

بەڵام ئەزموونی یەک ساڵی ڕابردوو ئەو ڕاستییەی دەرخستووە کە ڕژێمی سووریا ناوچە ئارامەکانی وەکو هەلێک بۆ خۆرێکخستنەوە و دانانی پلان بۆ گرتنەوەی ناوچەکان بەکارهێناوە، لە کاتێکدا ئەو هاوکارییە مرۆییەی لەو ماوەیەدا بۆ ئەو ناوچانە نێردراوە سنووردار بووە و هێزە نێودەوڵەتییەکانیش هیچ میکانیزمێکی ئەوتۆیان بۆ پاراستنی ڕێککەوتنی ناوچەی ئارام نەبووە، لەبەر ئەوەی هەر چەشنە هەوڵێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڵمەتەکانی ڕژێم چاوەڕێی کاردانەوەی ڕووسیای لێدەکرا.

ئێستا ئیدلیب تاکە ناوچەی ئارامە بەدەست ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی سوننەوە مابێ و هێزەکانی ڕژێم لە سێ لاوە لە سنوورەکانی پارێزگای ئدلیب نزیک بوونەتەوە، واتە لە گوندەکانی پارێزگای لازقیە و ناوچەکانی نزیک ئەبو زهور و لە پارێزگای حەماوە. فەرماندەیەکی ئەحرار شام لە ئدلیب بە چارلز لیستەری ڕاگەیاندووە "بەمدواییە تێبینی جموجۆڵەکانی هێزەکانی ڕژێم و میلیشیا ئێرانییەکانمان کردووە، هێزەکانمان لەسەر سنووری پارێزگاکە پێیان ڕاگەیاندووین کە هێزەکانی ڕژێم لە حەلەب و لازقیە دوو بەرامبەر بوونە، کە ژمارەیەکی زۆر تۆپخانە و چەکی قورسیان پێیە".

### دوو هێزە سەرەکییەکەی ناوچەکە

حاڵی حازر ئدلیب پەناگەی دەیان گروپی چەکداری ئۆپۆزیسیۆنە کە لە میانڕەوترین گروپەکانەوە بۆ گروپەکانی نزیک لە ئیخوان موسلمین و سەلەفییە جیهادییەکان لەخۆدەگرێ، لەوانەش تاقمەکانی نزیک لە قاعیدە. یەکێک لەو گروپانەی لە یەک ساڵی ڕابردوودا شوێن پێی خۆی لە ئدلیب توندکردووە هەیئەی تەحریری شامە کە پێشتر بە بەرەی نوسرە ناسرابوو و بە لقی سووریای ڕێکخراوی جیهانیی ئەلقاعیدە ناسرابوو. شکانی ئدلیب دەشێ هەزاران چەکداری توندڕەو بە ناوچەکەدا بڵاوبکاتەوە.



شکانی بەرەی ئدلیب دەشێ هەزاران چەکداری توندڕەو بە دنیادا بڵاوبکاتەوە

بەشێک لە باڵادەستیی هەیئە لە ئدلیب بۆ هێرشە سەربازییەکانی لەدژی گروپەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن دەگەڕێتەوە، جیا لەمە هەیئە کۆمەڵێک هەنگاوی سیاسی و ئیداریشی ناوە بۆ ئەوەی پردێک لەنێوان خۆیان و خەڵکی پارێزگاکە و وڵاتانی ناوچەکە دروست بکەن. دوو سەرکردەی هەیئە بە لیستەریان ڕاگەیاندووە کە دوو وڵاتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پەیوەندیی سیاسیی چالاکیان لەگەڵ هەیئەدا هەیە، لەکاتێکدا ژمارەیەک وڵاتی ئەورووپیش بیر لەوە دەکەنەوە پەیوەندی فەرمی لەگەڵ ئەو گروپە و دامەزراوە ئیدارییەکانیدا دروست بکەن. هەموو ئەو پەیوەندییانە لە ڕێگەی حکومەتی ڕزگارییەوە دروستکراون، کە باڵی سیاسیی هەیئەیە.

هەیئەی تەحریری شام باجێکی گەورەی بۆ ئەو دەسەڵاتەی ئێستای لە باکووری ڕۆژئاوای سووریا داوە، لەلایەکەوە شەڕ و پێکدادانەکان پەیوەندییەکانی هەیئە لەگەڵ بەشێکی زۆری ئۆپۆزیسیۆندا تێکچووە، بەتایبەتیش ئەوانەی پەیوەندییان لەگەڵ تورکیا و قەتەر هەیە. لەلایەکی دیکەوە پەیوەندییەکانی هەیئە لەگەڵ باڵە جیهانییەکەی قاعیدەش هەڵوەشاوەتەوە، بۆیەش چیدی ناتوانن پشت بە هاوکارییەکانی ئەو ڕێکخراوە ببەستن. لیستەر پێیوایە هێرشی هەمەلایەنەی هێزەکانی لایەنگری ئەسەد بۆ سەر ئدلیب دەتوانێ زۆربەی هێزەکان لە هەیئە نزیک بکاتەوە، لەبەر ئەوەی لەو دۆخەدا هەڕەشەی نەمان لەسەر کۆی شۆڕش و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن دروست دەبێ.

هێزێکی دیکەی سەرەکی لە ئدلیب تورکیایە کە بەهێزترین لایەنە لە پارێزگای ئدلیب، بتوانێ چارەنووسی ناوچەکە دیاریبکات. لەماوەی حەوت مانگی ڕابردوودا تورکیا 12 بنکەی سەربازیی لەو پارێزگایە دروستکردووە. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان هەیئە هاوکارییەکی زۆری هێزەکانی تورکیای کردووە، هەرچەند لەناوخۆی هەیئەدا دژایەتی ئەو بڕیارەی ئەبو محەممەد جۆلانی، سەرکردەی ڕێکخراوەکە، دەکرێ.

تورکیا ڕایگەیاندووە ئدلیب "هێڵی سوورە". پرسیاری سەرەکی ئەوەیە تورکیا بۆ بەرگریکردن لەو هێڵە سوورە چی دەکات؟ لیستەر بەدوور نازانێ "تورکیا ئامادەبێ سەرکێشی گەورە بکات بۆ ڕێگریکردن لە هێرشەکانی ڕژێم، ڕووسیاش زۆر بە باشی ئاگاداری ئەمەیە".

مانگی ڕابردوو ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆکی تورکیا، هۆشداری دا ئەگەر هێڵە سوورەکەی تورکیا ببەزێنرێ، ئەوە وڵاتەکەی لە ڕێککەوتنی ئاستانە لەگەڵ ڕووسیا و ئێران دەکشێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆن بە لیستەریان ڕاگەیاندووە کە حکومەتی تورکیا بەڵێنی چەکی دژە مووشک و فڕۆکەیان پێداون. شارەزاکەی پەیمانگای واشنتن پێیوایە ئامانج لە بڵاوکردنەوەی ئەو دەنگۆیانە ئەوەیە ڕووسیا و هێزی ئاسمانی ئەو وڵاتە لە مەترسی هێرش بۆ سەر ئدلیب ئاگادار بکرێنەوە.

# گەمارۆ و سزا ئێران دەبەنەوە سەر مێزی گفتوگۆ؟

## ئێران و ئەمریکا لە داهاتوویەکی نزیکدا دانوستاندن ناکەن

**ڕووداو- هەولێر**

هەفتەی ڕابردوو، ئیدارەی واشنتن بەشێک لەو سزایانەی گەڕاندەوە سەر ئێران کە پێشتر لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمیدا لەسەر ئەو وڵاتە لادرابوون، چەند ڕۆژێک پێش گەڕانەوەی سزاکان سەرۆکی ئەمریکا ئامادەیی دەربڕی بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێرانییەکان دابنیشێ. پرسیار ئەوەیە ئێرانییەکان لە دانیشتن لەگەڵ ئەمریکییەکاندا چییان دەستدەکەوێ و چی لەدەست دەدەن؟

چەند هەفتەیەک پێش گەڕانەوەی سزاکان گومانی "سیاسەتی گۆڕینی ڕژێم" زیادیان کردبوو، بەڵام ڕۆژی 30ی تەمووز دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، ڕایگەیاند ئامادەیە بەبێ مەرج لەگەڵ ئێرانییەکان دابنیشێ. ترەمپ ڕایگەیاند: "هیچ پێشمەرجێکمان نییە، ئەگەر ئەوان کۆبوونەوەیان دەوێ، من لەگەڵیان کۆدەبمەوە". ئەم لێدوانە دەریدەخات ئیدارەی ئەمریکی بیر لە سیاسەتێکی زۆر بەرتەسکتر لە گۆڕینی ڕژێم دەکاتەوە.

وەلی نەسر، لێکۆڵەری ئێرانی لە زانکۆی هۆپکینز و گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، لە وتارێک لە گۆڤاری (ئەتڵانتیک)ی ئەمریکی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "ترەمپ ڕێککەوتنی ئەتۆمی خۆی دەوێ لەگەڵ ئێراندا و پێیوایە ڕێککەوتنەکەی باراک ئۆباما (سەرۆکی پێشووی ئەمریکا) بەربەستە لەبەردەم ئەو ڕێککەوتنەی خۆی دەیەوێ بیکات".

ئیدارەی ئۆباما و پێنج وڵاتی دیکە لە ساڵی 2015 ڕێککەوتنێکی ئەتۆمیان لەگەڵ ئێراندا واژۆ کرد، کە تێیدا لەبەرامبەر هەڵگرتنی سزا ئەتۆمییەکاندا ئێرانیش کرۆک و ئامانجی بەرنامە ئەتۆمییەکەی لە سەربازییەوە بۆ مەدەنی دەگۆڕێ. لە سەرەتای مانگی ئایاری ئەمساڵ، ئیدارەی کۆشکی سپی کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکە و گەڕاندنەوەی سزا ئەتۆمییەکان بۆ سەر ئێرانی ڕاگەیاند.

هەنگاوەکانی ئەمدواییەی واشنتن لەدژی ئێران شتێکی نوێ نین، چونکە هەمان تەکتیکیان بەرامبەر کۆریای باکووریش گرتەبەر. سەرەتا گوشار و هەڕەشەکانیان بەرامبەر دامەزراوە ئابووری و ئەتۆمییەکانی پیۆنگیانگ زیاتر کرد و دواتریش پێشنیازی ڕێککەوتنی ئەتۆمییان خستەسەر مێز. هەر ئیدارەی پێشووی ئەمریکا خۆیشی بۆ قایلکردنی ئێرانییەکان یەکەمجار سزای ئەتۆمی قورسی لەسەر جومگە ئابوورییەکانی ئێران دانا و لەو لاشەوە بە نهێنی کەناڵە دیپلۆماتیکەکانی بەکاردەهێنا بۆ ئەوەی تاران پەلکێشی سەر مێزی دانوستاندن بکات.



موحافەزەکاران ڕێگە بە ڕووحانی نادەن ڕێککەوتنێکی دیکەی ئەتۆمی لەگەڵ ئەمریکا بکات

(فۆتۆ: AFP)

بەڵام جیاوازییەکی گەورە لەنێوان دۆسیەی ئێران و کۆریای باکووردا هەیە، وەکو چۆن ئەو بارودۆخەش جیاوازە کە تێیدا ئیدارەی پێشووی ئەمریکا گوشارەکانی لەسەر ئێران زیادکردبوو. یەکەم جیاوازی ئەوەیە لە نێوان ئەمریکا و کۆریای باکووردا هیچ ڕێککەوتنێکی ئەتۆمی لەئارادا نەبوو، کە ئەمریکا لێی کشابێتەوە.

پۆڵ پیلار، لێکۆڵەر لەناوەندی (نەشناڵ ئینترست)ی ئەمریکا ئاماژە بۆ جیاوازییەکی دیکەی ئەو دوو مەلەفە دەکات و پێیوایە "دراوسێکانی کۆریای باکوور لەگەڵ دانوستاندن و هێورکردنەوەی دۆخەکە لەگەڵ پیۆنگیانگن، لەکاتێکدا ڕکابەرەکانی ئێران لە ناوچەکە خوازیاری هێوربوونەوەی دۆخەکە لەگەڵ ئێران نین"، ئەمەش لە درێژخایەندا کاریگەریی لەسەر هەر چەشنە پرۆسەیەکی نزیکبوونەوەی ئێران و ئەمریکا دادەنێ.

جیا لەمە ئیدارەی پێشووی ئەمریکا لە بناغەوە کاری بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران کردبوو، بۆ ئەم مەبەستەش لە ماوەی چەند ساڵ کاری دیپلۆماتیکدا پشتگیرییەکی نێودەوڵەتی بۆ کۆکردبووەوە، لە کاتێکدا ئیدارەی ئێستای ئەمریکا لە ڕێککەوتنێک کشاوەتەوە کە واژۆی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەسەرە. نەسر پێیوایە ئەمە وایکردووە "لەڕووی ئەخلاقی و دیپلۆماتیکەوە یارییەکە لە قازانجی ئێران بێ".

بەڵام پرسی دانوستاندن لەگەڵ ئەمریکا، بۆ ئێرانییەکان کۆمەڵێک ئاڵۆزی گەورەشی تێدایە. قایلبوون بە دانوستاندن لەگەڵ ئەمریکا بەو مانایەیە ئێرانیش بە کوشتنی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی 2015 ڕازیبووە. ئەمەش لەکاتێکدایە هێشتا ئەورووپا، چین و ڕووسیا لە ڕێککەوتنەکەدا ماون، واتە ڕێککەوتنەکە بە کردەوە هەڵنەوەشاوەتەوە.

لەکاتی دانوستاندنەکانی پەیوەست بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ڤیەننادا، ئێران دامەزراوەیەکی ئەتۆمی گەورەی هەبوو، کە گومان دەکرا چەند مانگێکی ماوە بتوانێ کڵاوەی ئەتۆمی دروستبکات. بەهۆی ڕێککەوتنە 159 لاپەڕەییەکەی ڤیەنناوە ئێران زۆرینەی ئەو بەرنامە ئەتۆمییەی لەدەستداوە، هەر ئەمەش یەکێک لە هۆکارەکانە بۆ ئەوەی ئێرانییەکان بە نابەدڵییەوە بیر لە دانوستاندن لەگەڵ ئەمریکا بکەنەوە، بەتایبەتیش لە داهاتوویەکی نزیکدا.

بۆیەش ئەگەر لە داهاتوویەکی نزیکدا دانوستاندنی ئاشکرا یان نهێنی لە نێوان واشنتن و تاران دەستپێبکات، دانوستاندنەکە تەنیا بە ڕواڵەت ناونیشانی "ئەتۆمی" لەسەر دەبێ. لە بنەڕەتدا لەسەر بەرنامەی مووشەکی باڵستیکی ئێران و هاوکارییەکانی ئەو وڵاتە بۆ میلیشیا شیعەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەبێ، لە کاتێکدا هەردووکیان بەشێکن لە ستراتیژی بەرگریی ئێران.

بەڵام تاران دەزانێ کە دەشێ کاتی پێویست بۆ دروستکردنەوەی بەرنامەی ئەتۆمی لەبەردەست نەبێ، لەبەر ئەوەی پێش گەڕانەوەی سزاکان بەهای دراوی ئێرانی بە ڕێژەی 60% دابەزیوە، ڕێژەی هەڵاوسان، بێکاری بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە. خۆپیشاندان لە شارەکانی ئێران دەستیان پێکردووە. هەرچەندە خۆپیشاندانەکان لە بنەڕەتدا ئابوورین، پچڕپچڕن، قەبارەیان بچووکە و ئامانجی گۆڕینی سیستەمی سیاسییان تێدا بەدی ناکرێ، بەڵام ئەگەر ئێرانییەکان لەداهاتوویەکی نزیکدا لەگەڵ ئەمریکییەکان دابنیشن، ئەو دۆخە ئابووری و نێوخۆییە دەتوانێ خاڵی لاوازی ئێران لە دانوستاندنەکاندا بێت.

خاڵێکی دیکە کە هەرچەشنە دانوستاندنێکی زوو لە نێوان ئێران و ئەمریکا قورستر دەکات پەیوەندی بە ناکۆکیی نێوان باڵی موحافزکار و میانڕەوەکانی ئێرانەوە هەیە. ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی 2015 بە سەرکەوتنی دیپلۆماتیکی ئیدارەی ڕوحانی لەقەڵەم دەدرا، بۆیە کشانەوەی ئەمریکاش لە ڕێککەوتنەکە شکستی ئەو ئیدارەیە و سەرکەوتنی باڵی موحافزکاری ئێران بوو. پاش کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی یەکەم، ئەستەمە ڕوحانی بتوانێ موحافزکارەکان ڕازی بکات دەرفەتی ئەوەی پێبدەن بۆ جاری دووەم لەگەڵ ئەمریکییەکاندا دابنیشێ و ڕێککەوتنێکی دیکە لەگەڵ ئەمریکادا بکەن، بەتایبەتیش کە ڕێککەوتنی دووەمیان داوا دەکات دەستی سوپا لە کاروباری ناوچەکە کورت بکاتەوە.

ئێران ئەو خێرەی لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە نەبینی کە چاوەڕێی دەکرد، بە کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکەی 2015 پێشبینی بێکەڵکبوونی زیاتری ڕێککەوتنەکە دەکات. ئەوەی چەند مانگ یان ساڵی داهاتوودا، ئیدارەی تاران دەبێ بڕیاری لەسەر بدات ئەوەیە ئاخۆ دەیەوێ بەو ڕێککەوتنەی ئێستاوە بنووسێ، کە هیچ کاراییەکی نەماوە، یان دەیەوێ بیر لە ڕێککەوتنێکی نوێ بکاتەوە، کە مەرج نییە ڕێک وەکو ئەوە بێ کە ئیدارەی ئەمریکی خستوویەتیەڕوو؟



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# خولێکی تری دەورانی کورد

گەرچی ئەزموونی باشووری کوردستان وەک بناغەی خۆبەڕێوەبەرێتی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1992، بەڵام تا هاتنی ئەمریکا بۆ ناوچەکە، کورد لە عێراق گەشەیەکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینی. دۆخی هەرێمی کوردستان لە 1992 تا کەوتنی سەدام، جگە لەو دیوە رووکەشەی کە کورد خۆی حوکمی ناوچەکانی خۆی دەکرد، جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ژیان و گوزەران و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتیی هاووڵاتیان لە عێراق و کوردستان بەدی نەدەکرا.

بەڵام لە هاتنی ئەمریکا بەدواوە، کوردستان لە هەموو روویەکەوە گەشەی کرد. کوردیش وەک کەسێتی، وەک نەتەوە لە ئاستەکانی خوارەوە باڵای کرد، لانیکەم تا ئاستی گەلانی سەردەستەی ناوچەکە. ئەم باڵاکردنەی کورد لە عێراق بەردەوام بوو تا 2011. کە ئەمریکا کشایەوە، باڵاکردنی کوردیش لە خاڵێکدا راوەستا و وردە وردە لاواز بوو، ئێستا کورد لە عێراق و ناوچەکەشدا لە هەموو روویەکەوە پێگەی لاواز بووە.

ئەمە بۆ رۆژئاوای کوردستانیش دروستە، سەرباری ئەوەی پەکەکە لە دەستپێکی بەهاری عەرەبی و پەرەسەندنی بۆ ناو سووریا، بەشی زۆری فەرماندە و گەریلاکانی گواستەوە بۆ رۆژئاوای کوردستان و بە سوودوەرگرتن لەو ئاڵۆزیانەی وڵاتەکەی تێکەوتبوو، بەشی زۆری خاک و خەڵکی کوردستانی کەوتە بندەست، بەڵام لەوێش تا ئەمریکا نەچووە ناوچەکە، کورد گەشەی بەخۆوە نەبینی. ئەمریکا رۆڵی زۆر بوو لە باڵاکردنی کورد و بەهێزبوونی پێگەی سیاسی و سەربازیی کورد، تا ئاستێک کە بەجۆرێک وێنا دەکرا رەنگە خۆری رزگاریی کورد لە رۆژئاواوە دەرکەوێت. کاتێ ئەمریکا لەوێش چەند هەنگاوێک ئەگەر بە تاکتیکیش بێت پاشەکشەی کرد، بینیمان کورد لەوێش باڵاکردنەکەی راوەستا و ئێستا بەرەو لاوازبوون دەکشێتەوە.

مەبەستمە ئەوە بخەمەروو کە ئامادەیی ئەمریکا لەم ناوچەیە، لە بەرژەوەندیی باڵاکردنی کوردە، تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش لێرە بمێنێتەوە، کورد گەشە دەکات. ئەوەش راستە کە کشانەوەی ئەمریکا گەشەی کورد رادەگرێت و لاوازی دەکاتەوە، بەڵام هەر ناگەڕێتەوە بۆ دۆخی پێش هاتنی ئەمریکا. وەک چۆن ئێستا لە رۆژئاوای کوردستان و لە باشوور دەیبینین، بەهۆی ئامادەیی ئەمریکاوە زۆر باڵامان کرد، کە ئەمریکا کشایەوە سەرباری ئەوەی لاواز بووین، بەڵام هێشتا لە پێش هاتنی ئەمریکا زۆر بەهێزترین. بۆیە ئەگەر لە دۆخێکی وەک ئێستادا جارێکی تر دەرفەت و شانسی گەڕانەوەی ئەمریکامان هەبێت بۆ ناوچەکە، ئەوە زۆر زووتر و زیاتر گەشە دەکەین. چونکە پێگەی ئێستامان لە ئاستێکی باڵاتر بەراورد بە سەرەتای هاتنی ئەمریکا.

ئەمریکا کێشەی لەگەڵ هەرکام لە وڵاتانی داگیرکەری کوردستاندا هەبێت دەرفەتە بۆ باڵاکردنی کوردی ژێردەستی ئەو وڵاتە و دۆزی کورد لەسەر ئاستی ناوچەکە. ئێستا کورد جارێکی تر شانسی ئەوەی بۆ رەخسایەوە کە ئەمریکا دێتەوە و کۆمەڵێک پێشهاتی نوێ لەناوچەکە روودەدەن. کێشەی ئەمریکا لەگەڵ تورکیا و لەگەڵ ئێران، هاوکێشەی هەموو ناوچەکە دەگۆڕێ. هەرچەندە رووکەشی کێشەکان هەریەکە و پەیوەندی بە پرس و بابەتێکەوە هەیە کە قابیل بەوەیە چارەسەر بکرێن، وەک ئەوەی ئێستا لە نێوان تورکیا و ئەمریکا دەگوزەرێت بەهۆی دەستگیرکردنی قەشەیەکی ئەمریکییەوە لەلایەن تورکیا، یان قووڵتربوونەوەی ناکۆکی ئەمریکا و ئێران بەهۆی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە کە ئەمانە رووپۆشی حەقیقەتی کێشەکەن و ئەسڵی بابەتەکە پەیوەندی بە پێگە و هەژموونی ئەم وڵاتانە و پێگەی ئیسرائیلەوە هەیە و بۆ داهاتوویەکی دوورتر ئەم کێشانە درێژە دەکێشن. بۆیە دەکرێ بۆ کورد هاوشێوەی باشوور و رۆژئاوا ببێتە دەرفەت لە رۆژهەڵات و لە باکوور و سەرئەنجام بۆ تەواوی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان.

هەرچەندە پێناچێ ئەمجارە ئەمریکا بەهێزی سەربازییەوە بگەڕێتەوە، ئەوەندەی لەرێگەی هەژموون و گوشاری سیاسییەوە دەیەوێ ئامانجەکانی بپێکێ، بەڵام ئەم رێگەیەش کاریگەرییەکانی ئەگەر بە ئەندازەی هاتنەکانی پێشوو نەبن، کەمتر نین. کورد دەتوانێ لە ئێستاوە خۆی ئامادە بکات بۆ خولێکی تری دەورانی کورد لە ناوچەکە. بەڵام بیری ورد و ئاگایی زۆری دەوێت، چونکە تورکیا و ئێران، عێراق و سووریا نین، دوو دەوڵەتی بەهێز و خاوەن کاریگەرین لە ناوچەکە، بۆ هەرێمی کوردستانیش بە حوکمی وابەستەیی سیاسی هێزەکان بەو دوو وڵاتەوە و بەهۆی وابەستەیی ئابووریی هەرێم پێیانەوە، دەشێ کێشەی ئەوان لەگەڵ ئەمریکا بە دیوە سلبییەکەیدا بۆ هەرێم بشکێتەوە.

واتا لەگەڵ ئەوەی کێشەی ئەمریکا لەگەڵ تورکیا و ئێران و گرتنەبەری رێگەی جۆراوجۆر بۆ لاوازکردنیان، دەرفەتێکی باشە بۆ کوردی ژێردەستەی وڵاتەکانیان، لە هەمانکاتدا مایەی مەترسیشە، بە تایبەت بۆ هەرێمی کوردستان. لەبەر ئەوەی هەرێم پێگەیەکی گرنگی دەبێت بۆ ئایندەی ئەو ململانێیانە و هەریەکەیان دەیەوێ بایەخی ئەم ناوچەیە بۆ پێگەی خۆی بەکاربەرێت، رەنگە بۆ کێشەی ئەمریکا لەگەڵ تورکیا کەمتر، بەڵام بۆ هاوکێشەکانی لەگەڵ ئێران، بەهۆی ئەوەی سنوورێکی فراوانمان پێکەوە هەیە، دەروازە و دەرگایەکی کاریگەرین بەرووی ئێراندا. داخستنی خزمەت بە ستراتیجی ئەمریکا دەکات و کردنەوەشی دەبێتە یارمەتیدەر بۆ ئێران.

هەربۆیە هاتنەوەی ئەمجارەی ئەمریکا لەگەڵ دەرفەتەکانی بۆ کورد، ئەگەر بەشێوەی کاتیش بێت ئەو مەترسیە دەخاتە سەر هەرێمی کوردستان، چونکە راگرتنی هاوسەنگی لە کێشەیەکی وادا کارێکی زەحمەتە. یەکلابوونەوەی هەرێمی کوردستانیش لەگەڵ هەر لایەکیان دەیخاتە بەر غەزەبی ئەوی دیکە. ئەمریکا دەیەوێ هەموو دەرگاکان لە رووی ئێران دابخات، گوشار دەخاتە سەر وڵاتانی رۆژئاوا، چین و رووسیا، بۆ بەرتەسککردنەوەی مامەڵە لەگەڵ ئێران، هیچ لۆژیکێک لەوەدا نییە پێمان وابێت لێدەگەڕێت ئەم دەروازە و بازاڕە گرنگە بەرووی ئێراندا بەکراوەیی بمێنێتەوە.

ئەمە بەدەر لەوەی راگرتنی هاوسەنگی لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا بۆ هەرێم کارێکی سەختە، لە ئاستی ناوخۆشدا بەهۆی ئەو دابەشبوونە سیاسییەی پارتی و یەکێتی بەسەر هەردوو جەمسەری کێشەکەدا، بڕیاردان لە جۆری مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم پێشهاتەش کارێکی قورسە. هەر گوشارێکی ئەمریکاش بۆ سەر هەرێم بۆ داخستنی دەروازەکانی لەگەڵ ئێران، لەگەڵ ئەوەی لەڕووی ئابوورییەوە زیان بە هەرێم دەگەیەنێت، دەشیخاتە بەردەم کۆمەڵێک کێشەی ترەوە لەناوخۆی ماڵی کوردی. چونکە بەشی زۆری دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەوێتە زۆنی سلێمانییەوە، ئەو ناوچەیەش تا ئەندازەیەکی زۆر هەژموونی ئێران بەسەریدا زاڵە. ئەمەش وادەکات لە ئێستا بەدواوە ئەمریکا زیاتر چاوی بخاتە سەر ناوچەی سلێمانی.

هەروەها هێزە سیاسییەکانی وابەستە بە ستراتیجی ئێران لە بەغدا، بۆ ئەوانیش زۆنی سلێمانی دەبێتە جێی بایەخی زیاتر. ئەوانیش گوشارەکانیان بۆ بەکراوەیی هێشتنەوەی ئەم بازاڕە دەخەنە سەر هەرێمی کوردستان. تا ماوەیەکی زۆر هەرێم دەکەوێتە ژێر گوشاری جۆراوجۆرەوە، دۆخێکی هەستیارە و پێکەوەبوونی پارتی و یەکێتی بۆ ئەم قۆناغە زۆر گرنگە، پێکەوەبن دەتوانن مەترسییەکان بۆ دەرفەت بگۆڕن، ئەگەر پەرۆش بن بۆ ئایندەی کوردستان دەتوانن بەدابەشکردنی رۆڵ لە نێوان خۆیاندا و بە سوودوەرگرتن لەو دابەشبوونەیان بەسەر جەمسەرەکاندا دەستکەوتی زیاتر بۆ ئایندەی کوردستان بچننەوە.



کاوە ئەمین
kawaamin@rudaw.net

# 16 ی ئابی ئێمە جیاوازە!

لەبیرم دێت، دەمەو نیوەڕۆ بوو، من و جەمالی هاوڕێم لەگەڵ بەرغەلەکەمان لە پشت مەکتەبەکەی ئاواییەوە، چەند مەترێک لەسەرووی ئەو جادەیەی گوندی نۆرک و بۆسکانی بەیەکەوە دەبەستەوە، لەبن دەوەنێکی چڕدا دانیشتبووین. بەرخەکان خەریکی ملۆمووش بوون. لەدوورەوە چەند پیاوێکمان بەدی کرد کە بەپێ بەجادەکەدا رووە و بۆسکان ملی رێگایان گرتبوو، لێمان نزیک دەبوونەوە، خەریک بوو بە بەردەمماندا رەت دەبوون، یەکێک لە پیاوەکان گوتی: ئەوە کەی حەمەئەمین گوڵچین شەهید بووە.

ئێمە هیچ وەڵامێکمان نەدانەوە. راستیەکەی من باش تێنەگەیشتم و نەمزانی باسی چی دەکات، نازانم جەمال تێگەیشت یان نا، ئێمە هەمووی چەند سەد مەترێک لە سەرقەبرانی ئاواییەوە دووربووین، بەڵام هەستمان بە هیچ نەکردبوو.

دوای نیوەڕۆ، دەمەو عەسر بەرەو لای ئاوایی دەگەڕاینەوە، چەند پێشمەرگەیەک بەشێوەیەکی سەربازی لە دوو ریزدا لەبەردەم قەبرێکی تازە هەڵکەنراو ریزببوون، شەهید فەتاح ئاغا کە پێشتر چەند جارێکی دیکە بینیبووم و دەمناسییەوە، لەبەردەمی ریزی پێشەوەی پێشمەرگەکاندا وەستابوو، باڵایەکی بەرز و کەڵگەت، دەمانچەیەک بەقەدەوە، بەخەمگینی لەپێش پێشمەرگەکانەوە وەستابوو، بەڵام هەموو بێدەنگن و کەس سرتەی لێوە نەدەهات، تەنیا جار جارێک باعەباعی یەکێک لە بەرخەکان بێدەنگیەکەی دەشکاند، ئێمە لە تەنیشتیانەوە دەڕۆین، ئەوان هێشتا بێ سرتە وەستاون بەدیار قەبرێکی تازە هەڵکەنراوەوە کە بەلای ئێمەشەوە نامۆیە. هەستێکی منداڵانە، هێشتا وەکو دەڵێن سپی و رەش لە یەک جیاناکەینەوە، ئێمە ناپرسین چی بووە و کەسیش بۆمان باس ناکات، بەڵام حەپەساوین. لەبەردەمی ماڵی خاڵە مەجیدەوە خۆمان دەکەین بە نێو ئاواییدا، ئاوایی بەتەواوەتی شێواوە، دەنگی گریان لای ماڵی ئێمەوە دێت. خاڵۆ مەجید دەبینم هەموو سەرشانەکانی قوڕە، وەکو شێت بەبەردەمی ماڵی ئێمە و حاجی سەعیددا دێت و دەچێت. بەرخەکان هەرزوو خۆیان دەکەن بەحەوشەکەدا و هەریەکە دایکی خۆی دەدۆزێتەوە و دەست بە مڵچەمڵچی شیرخواردن دەکەن. من و جەمال لەیەک جیابووینەتەوە، ئەوان ماڵەکەیان دەکەوێتە سەرەتای ئاواییەوە، لەخوار ئەو رێگایەی کە دەچێت بۆ کارێز، بە بەردەمی مەکتەبەکەماندا درێژ دەبێتەوە.

بەبینینی من، خاڵۆ مەجید هێندەی دیکە دەشڵەژێت و بەرەو رووم دێت: "ماڵمان کاول بوو، قوڕ کرا بەسەرماندا، خاڵەمین (کورتکراوەی حەمەئەمینە، وایان بە باوکم دەگوت) بەجێیهێشتین"... هێشتا من هەر تەقەی سەرم دێت، ئەوەتا ماڵ هەمووی وەکو خۆی بەپێوەیە، دارگوێزەکان لەجێگای خۆیان نەبزووتوون، شاتووەکانی بەردەم مزگەوتی ئاوایی لەجێگای خۆیانن ... باسی چی دەکات، خاڵۆمەجی؟!

لەناکاو دایکم دەبینم بە قژڕنینەوە بەرەورووم دێت، ئیدی تێدەگەم قەوماوە، دایکم بە دەم گریانەوە باوەشم پێدا دەکات، هەستدەکەم روومەتەکانی ژاکاون و شوێنی رنینەوەیان پێوە دیارە، خەبەرە ناخۆشەکەم دەداتێ: ئیدی باوکتان نابیننەوە، ئیدی ئەو شەهید بوو.. جارێکی تر لەباوەشتان ناگرێت!

تێدەگەم باسی مردنە، بەڵام شەهیدبوون هێشتا لای من چ مانایەکی نییە، نازانم شەهیدبوون چییە، بەڵام تێدەگەم کە رۆژگارێکی سەخت چاوەڕێمان دەکات. دەمزانی کەسێک باوکی بمردایە، پێیان دەگوت "هەتیو بووە"، وشەیەک کە ئێستاشی لەگەڵدابێت، هێندەی هەموو دنیا رقم لێیەتی.

من ئەوکاتە تەمەنم شەش ساڵ بوو، تەنیا وێنەیەکی شێواوی باوکم لەیاد ماوە، پیاوێکی لاوازی تا رادەیەک کەڵەگەت، هەمیشە جامانەی بەسەرەوە بوو، ئەوکاتانەی لە شەڕ دەهاتەوە، دەمانچەیەک و چەند هێردەکێکی بە شل و شێوای دەبەست و کلاشینکۆفێکیشی بەشانەوە بوو، ئەوە هەموو یادگارییەکی منە کە لەبیرم بێت لەگەڵ باوکم. بەسەرهاتی تفەنگەکەی باوکم کە دوای شەهیدبوونیشی پاراستبوومان، بۆخۆی چیرۆکێکە.

رێکەوتێکی سەیرە، 16 ی ئابی 1974، بڵێسەی ئاگری شۆڕش لە بەرزیدایە، چیایەکی بەرزی وڵات لەلایەن داگیرکەرەوە دەستی بەسەردا گیراوە، چیای بە هەیبەتی کۆرەز. هێزێکی گەورەی پێشمەرگە لە سلێمانییەوە بەهاواری ئەو دەڤەرەوە دەچن، دوای شەڕێکی دەستەویەخە، چیاکە لەژێر دەستی داگیرکەر دەردەهێننەوە، بەڵام 27 پێشمەرگە شەهید دەبن و لەو ژمارەیەش زیاتر بریندار دەبن، یەکێک لەو پێشمەرگانەی کە شەهید دەبێ باوکی من، حەمەئەمین گوڵچینە کە سەرلق بوو لە هێزی خەبات. هەتاوەکو ئێستا دەیان جار چیرۆکی شەهیدبوونی باوکم لەو پێشمەرگانە بیستووە کە لەگەڵیدابوون و هەندێکیان لە ژیاندا ماون، ئەگەرچی گێڕانەوەکان جیاوازیش بن، بەڵام هەموویان شایەتی لەسەر یەک شت دەدەن: ئازایەتی، خۆنەویستی و نیشتیمانپەروەری.

بەڵێ رێکەوتێکی سەیرە، ئەو پۆلە پێشمەرگەیە لە 16ی ئابی 1974 دا شەهید دەبن، پارتیش هەر لەو رۆژەدا دامەزراوە و هەموو ساڵێک یادی دەکەنەوە، بەڵام ئەوە چل و چوار ساڵ تێدەپەڕێ و هێشتا بەرپرسێکی ئەو حیزبە لەو رۆژەدا خۆی نەکردووە بە ماڵماندا، هێشتا بەرپرسێکی پارتی لەو بۆنەیەدا، مەبەستم رۆژی شەهیدبوونی باوکمە، سەردانێکی دایکمی نەکردووە کە پرچی سپی هۆنیوەتەوە و هەموو ژیانی خۆی بۆ بەخێوکردنی ئێمە تەرخان کرد و وەفادار بەرانبەر باوکم و نەتەوەکەی مایەوە.

بەڵێ، 16ی ئابی ئێمە جیاوازە، ئێمە لەو رۆژەدا خوێنمان دا، کەچی ئێستا دەبینم کۆنە بەعسییەکان پێشوازییان لێدەکرێت و باوەشیان پێدادەکرێت. هەرچەندە خوێنی باوکم و هەزارانی وەکو ئەو کە بۆ نەتەوە و خاک خۆیان بەشەهیدکردن داوە، لەوە گەورەترە بەرپرسێک سەردانی کەسوکاریان بکات. دوای تەمەنێک، هێشتا دایکم لەناخی خۆیدا هەموو 16ی ئابێک، چرکە بە چرکەی ژیانی خۆی بەبیردێتەوە و دوا رۆژەکانی دەژمێرێت. کەچی هەتا بێت، ئێمە و دایکم خاکمان لا شیرینتر دەبێت.



ناسر باباخانی
nasirbaba68@yahoo.com

# تارمایی ژورنالیزمی زەرد بەسەر کوردستانەوە!

سەیری ئەم رێکەوتە سەیروسەمەرەیە: ساڵی 1898 کە کوردستان لە چاوەڕوانی لەدایکبوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی لە مێژووی خۆیدا بوو، لە وڵاتێکی وەک ئەمریکا، بەهۆی شەڕ و رکابەرییەکی میدیایی لەنێوان جۆزێف پۆلیتزێر خاوەنی رۆژنامەی (New York World) و ویلیام راندۆڵف هێرست خاوەنی رۆژنامەی (New York Journal) چەمکی ژورنالیزمی زەرد بەتەواوی ساحەی رۆژنامەگەریی ئەم وڵاتەی داگیر کردبوو، ئەم دوو زل بڵاڤۆکە لە رەوتی ئەم رکابەرییەدا لە هیچ چەشنە کردەیەکی ناپیشەیی خۆیان نەبوارد.

ئەمە لە کاتێکدا بوو کە رێک لەم ساڵەدا، یەکەم رۆژنامەی کوردی بەناوی کوردستان وەک دەروەستترین بڵاڤۆکی کوردی لەدایک دەبێ! بێ هیچ شک و گومانێک دیاریکردنی ئەم ناوە (کوردستان) رەنگدانەوەی جۆرێک خەون و خولیای گەلی کوردی پێوە دیارە و پێداگرییە لەسەر بوون و ناسنامەی کوردستان و کورد و بەخشینەوەی سەرلەنوێی پێناسەیەکی سادقانە بە نەتەوەی کورد. لەو کاتەوە تا هەنووکە رۆژنامەگەریی کوردی هەوراز و نشێوێکی زۆری بڕیوە و پێ بەپێی گەشەونەشەی تەکنۆلۆژیش کەم و زۆر ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە، بەڵام ئەوە کە لەباری "بایەخ"ەکانەوە ئەمڕۆ لە کوێ وەستاوە، بەڕای من رەنگە نەکرێ پلەیەکی باشی بۆ دیاری بکەین، بەتایبەتی لەسەردەمی ماسمیدیا و سۆشیال میدیادا و دەکرێ بڵێین میدیای کوردی زەرد هەڵگەڕاوە!

هەر وەک دەزانین دوامەبەستی ژورنالیزمی زەرد قازانجە! قازانجیش بێگومان خۆی لە بەردەنگدا (بەرگۆ) دەبینێتەوە، واتە لێرەدا بەردەنگ رێک دەبێتە کاڵایەک و لەسەر بنەمای پارسەنگی هاوکێشە ئابوورییەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ. ژورنالیزمی زەرد بەنیازە لەم کەشە ئاماڵ پۆپۆلیزمییەی سازی دەکا، زۆرترین قازانجی دەستبکەوێ. بۆیە لە ئێستادا دەژی، نە ئاوڕ لە رابردوو دەداتەوە و نە دەڕوانێتە داهاتووش. زەرد بە تەواوی هێزی خۆیەوە دەیەوێ بەردەنگەکانی بۆ ماوەیەکی کاتی و دیاریکراو و بۆ بابەتێکی دیاریکراو لە خۆی کۆبکاتەوە تا دەگاتە بابەتێکی تر و کاتێکی تر. خولانەوە لە بازنەیەکی وەهادا ستراتیژی سەرەکی زەردە.

کەوابوو هەموو چەشنە هەوڵێک رێگەپێدراوە بۆ ئەوەی کە قازانج مەیسەر بێ و رێک لەم پنتەڕایە کە ئەخلاق (ڕاستوێژی و شەفافیەت) هەرەس دێنێ و بێ ئەخلاقی (درۆ، بوختان، قەڵبی ڕاستییەکان، لێڵ و تەماویکردنی حەقیقەت، لێکدانەوەی ناڕاست، سیناریۆسازی، ڕووخاندنی تاک و کۆ و...) دەستپێدەکا.

خاڵێک کە زۆر گرینگە، ئەوەیە بۆ وێنە کە هەواڵێک بڵاودەبێتەوە، ئەگەر بە پێوەرێکی دە ژمارەیی، لەباری گرینگییەوە بایەخەکەی یەک دوویەک بێ، ژورنالیزمی زەرد بە خەستوخۆڵکردنی هەواڵەکە و زیاد و کەم کردنی، سەرنجی بەردەنگ وەها ڕادەکێشێ کە لە فەزای میدیاییدا گرینگییەکەی تا ئاستی نۆ و دە بەرز دەکاتەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە لە دنیای واقیعدا هەواڵەکە هیچ بایەخێکی کردەیی نییە و، تەنیا بەلاڕێدابردنی حەقیقەتە بۆ مەبەستی ژورنالیزمی زەرد.

## بۆ وێنە بڕوانە ئەم هەواڵە:

"فڕۆکەیەکی بارهەڵگری رووسی لە نێزیک چیاکانی مۆسکۆ کەوتەخوار و سەرجەم سەرنشینەکانی کوژران".

ژورنالیزمی زەرد، هەواڵێکی ئاسایی لەم چەشنە چۆن دادەڕێژێتەوە؟ ئەوەی ئەو دەیکا زیاتر سازکردنی شک و گومانێکە بە ئاراستەی وەهمی پیلاندا، کە بۆت ناکرێ تۆی بەردەنگ بەدواداچوونی بۆ بکەی. بۆ وێنە دەڵێ گۆیا یەک لە موسافیرەکان ماوە و لە ترسی پووتین خۆی شاردووەتەوە چون- دیسان گۆیا- پووتین فەرمانی خستنەخواری ئەم فڕۆکە بارهەڵگرەی داوە و- هەمدیسان گۆیا- سەرجەم نەیارانی پووتین لە فڕۆکەکەدا بوون! هەروەها جگە لە دووکەڵێکی ڕەش لە کاتی کەوتنەخوارەوە گۆیا دووکەڵێکی شینی مەیلەوسووریشی لێ هەستاوە و کەس نازانێ ئەم دووکەڵەی دوایی چ بووە!!! ئەم لێکدانەوە گاڵتەئامێزە رێک ئیشی کابرای زەردە!

دیارە لەسەر ساحەی سیاسی کوردستان و نەبوونی میدیای سەربەخۆ و ڕەخنەگر، ئەم زەردییە زۆر خەستوخۆڵتر دەبێتەوە. دوور مەڕۆن، لە ڕیفراندۆمی باشووری کوردستاندا، ژورنالیزمی زەرد دەورێکی لە سەداسەد نەرێنی هەبوو! هەواڵی بە درۆ و شرۆڤە و لێکدانەوە تا ئاستی بە گەمژە زانینی خەڵک سەبارەت بە پرسی ڕیفراندۆم، دەرئەنجامی زۆر مەترسیداری لێکەوتەوە. من لاموایە ئەگەر ئەم کردە زەردانە نەبوایەن، دۆخی باشوور بەرەو ئاقارێکی جیاوازتر ڕۆیشتبا. تاقەتتان هەبێ بە گەڕانێکی سەرپێیی (بابەتەکان زۆربەیان ماون) بۆتان دەردەکەوێ کە بەر لە بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆم لە باشوور، میدیای زەرد چۆن خەریکی چەواشەکاری و بڵاوکردنەوەی هەواڵی درۆ بووە. ڕەنگە خودی ئەم پرسە و ڕۆڵی ژورنالیزمی زەرد، بکرێ و ببێتە هەوێنی لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل!

بێگومان ئەمڕۆ جگە لە بڵاڤۆکی چاپی، میدیای سوننەتی، میدیای ئاماڵ مۆدێرن وەک تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆ و... سۆشیال میدیاش وەک فەیسبووک بە تەواوی زەرد هەڵگەڕاوە، بۆ وێنە "لایڤی فەیسبووک" بووەتە دیاردەیەکی بێزارکەر و زۆر جاران تا ئاستی قێزەونبوون ئازارت دەدا و بووەتە بەرهەمهێنەری سیمای زەرد و سەیروسەمەرە و کەسایەتی ئاماڵ پزدان!

زەرد سەرچاوەیەکی دیاریکراو و باوەڕپێکراوی نییە. ئەوەی دەیڵێ دوورە لە ڕاستی و دەکرێ بڵێین، درۆیەکی زیرەکانەیە کە بەردەنگی ئاسایی توانای بەدواداچوونی هەواڵەکەی نییە، چون سەرچاوەی جۆراوجۆری لەبەردەستدا نییە. هەر بۆیە سەر بۆ هەواڵەکە دەلەقێنێ و بەداخەوە مادام ئاستی فەرهەنگی بەرگۆ بەرز نەبێتەوە، وەک "تیۆری دۆمینە" ڕادەی بەردەنگەکەش هەر دێ و پێوەی دەچێ.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



رێبوار کەریم وەلی

rebwar@rudaw.net

# ئەگەر چوار حیزبەکە عاقڵ بن

1

چوار حیزبەکە (گۆڕان، کۆمەڵ، هاوپەیمانی و یەکگرتوو) لە سۆنگەی مەغدووری و دزرانی دەنگەکانیان، ماوەیەکە سەریان پێکەوە ناوە. ئەڵبەتە پێش هەڵبژاردنەکانی مانگی مایس و تەنانەت دوای خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەریش گوتارێکی یەکگرتوویان (بەبێ یەکگرتوو) هەبوو، دواییش لیستی نیشتمانیان دروست کرد. هەر یەک لەو حیزبانە بە مەرامێکەوە (کە ئەوەش کرۆکی سیاسەتە) لەو پلاتفۆرمەدان، هەرچەندە تا ئێستا ناوی نییە و هەر قۆڵ قۆڵییەکەی جارانە.

هەر لە سەرەتاشەوە دیار بوو کە نە ئێران و نە ئەمریکا، حیساب بۆ ناڕەزایەتیی ئەو چوار حیزبە (کە پێشتر شەش بوون) ناکەن و کەسیان ئامادە نییە پرۆسەی سیاسیی بەغدا بکاتە قوربانی ئەوەی کە داخۆ یەکێتی چەند کورسییەکی لەوانە دزیوە. بۆیە بەیاننامەی چوار حیزبەکە دوای راگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لەلایەن کۆمیسیۆنەوە، هەڵوێستێکی سیاسیی مەعقول بوو. دەچنە بەغدا، بەڵام ئەو ئەنجامانەیان قەبوڵ نییە و تەئکید لە یەکهەڵوێستی لە چوارچێوەی گوتاری نەتەوەیی دەکەنەوە. ئا لێرەوەیە کە دەرگایەکی دیکە دەکرێتەوە و ئەویش ئەوەیە کە بتوانن لەگەڵ پارتی و یەکێتی لەسەر وەرەقەیەکی کاری هاوبەشی کوردستانی لە بەغدا و، هاوکات دابەشکردنی پۆستەکان رێکبکەون. چونکە ئەگەر چوار حیزبەکە بڕیاریان دابێت لەدوای هەڵبژاردنەکانی 30ی ئەیلول پێکەوە هەنگاو بنێن و ببن بە بلۆکێکی سیاسی لە ناوخۆی کوردستاندا، ئەوا کاری پارتی و یەکێتی هێندە ئاسان نابێت؛ ئەو حیزبانە بەو دەنگانەی ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا بۆ پەرلەمانی بەغدا بۆیان حیساب کراوە (واتا سەرباری تەزویریش) هێشتا دەتوانن لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان 30 تا 35 کورسی پەرلەمانی بێنن و ئەوەش ژمارەیەکی کەم نییە. خۆ ئەگەر هەڵبژاردنێکی نیمچە پاکیش بکرێت، رەنگبێ تا 45 کورسیش بەرز بێتەوە. بۆیە پارتی و یەکێتی ناتوانن نادیدەیان بگرن، بە مەرجێک خۆشیان ئەو ئامادەگییەیان تێدا بێت. هاوکات ئەو حیزبانە نابێ بکەونە ئەو تەڵەیەوە کە یەکێتی بۆی ناونەتەوە و ئەویش قەوانی دواخستنی هەڵبژاردنەکانە. دواخستنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان یان بایکۆتکردنی، ئاوکردنە ئاشی یەکێتییە بە تایبەتی و پارتیشە بەگشتی. چونکە یەکێتی ئەو قسەیەی خۆی پێی ناکرێت، لە رێگەی ئێرانەوە دەیخاتە دەمی ئەوانەوە. بۆیە حزووری بەهێزی ئەوان لە چوارچێوەی شاندی کوردستانیدا، گەورەترین ئیحراجی بۆ یەکێتی دروست دەکات.

---

## دیسان سەرۆککۆمار

2

سەرباری ئەوەی کە دەگوترا دوور نییە پارتی بۆ رێگری لە ئینفرادی سیاسی لە بەغدا بە جۆرێک لە جۆرەکان رەزامەند بێت بەوەی فوئاد مەعسووم بۆ خولێکی دیکەش سەرۆککۆمار بێت، بەڵام دوای قسەکانی هەفتەی رابردووی سەرۆک بارزانی، پێناچێ پارتی وا بە ئاسانی تەنانەت بەرامبەر بەو سەفقەیەش کە دەگوترا پۆستی سەرۆککۆماری بەغدا موقابیل بکرێت بە پۆستی پارێزگاری کەرکووک، ئەو پۆستە بدات بە یەکێتی.

قسەکانی سەرۆک بارزانی چەند رووی لەوانە بوو کە سزای کوردیان دا، هێندەش رووی لەوانە بوو کە لەلایەک نوێنەرایەتیی کوردیان دەکرد و بەرامبەر بەو هەموو زوڵمە نەک هەر بێدەنگییان هەڵبژارد، بگرە تەئیدیشیان کرد و، ئینجا بەوەشەوە نەوەستان و خیانەتیان کرد. بۆیە برینی 16ی ئۆکتۆبەر لای سەرۆک بارزانی هێشتا خوێنی لێدەتکێ و تازەیە.

سەودای ئەوەیش کە پۆستەکە بخرێتە بەرامبەر پۆستی پارێزگاری کەرکووک، لای پارتی وەکو ئەوە وایە سەودا بە ماسییەک بکەی کە هێشتا لەناو ئاودایە! هیچ ئاماژەیەک نییە کە پۆستی پارێزگاری کەرکووک جارێکی دیکە وا بە ئاسانی بەر کورد بکەوێتەوە، بەڵام سەرۆککۆماری مسۆگەرە. هەر بۆیە تا ئەو ساتە پارتی وەکو حیزبی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی 12ی مایس لەسەر ئاستی وڵاتی بەناو عێراق سەبارەت بە پۆستی سەرۆککۆماری هیچ بەڵێنێکی بە یەکێتی نەداوە و، بگرە ئەوە یەکێتییە کە لەخۆیەوە خەڵک دەپاڵێوێ و دەڵێ پۆستەکە هی ئەوانە. ئەڵبەتە یەکێتی زیرەکانە ئەو قسانە بۆ پارتی فڕێ دەدات و دەیەوێ وەکو کارتی فشار بەکاری بێنێت، ئەگەرنا خۆشیان باش دەزانن کە چۆن ئەو دەنگانەیان هێناوە و، باشیش دەزانن کە ئەو پۆستە موڵکی زاواکانی گەلاوێژ خان نییە! پارتی بە هیچیەک لەو سێ کەسەی کە ناویان دێت رازی نییە و خۆ ئەگەر یەکێتی لە خۆیەوە بیەوێ یەکلایەنە یەک لەو سێیانە کاندید بکات، ئەوا پارتیش کاندیدی خۆی دەبێت، یان ئەوەتا دوور نییە لە دەرەوەی خۆی پشتیوانی لە کاندیدی دیکەی کورد بکات. بۆیە ئەگەر یەکێتی پۆستی سەرۆککۆماری دەوێت، دەبێ بەدوای ناوی دیکەدا بگەڕێت.

---

## ئەردۆغان دەڕووخێ؟

3

ئەو جەنگە ئابوورییەی کە ترەمپ لە دژی کۆمپانیای تورکیا (چونکە ترەمپ وڵاتان وەکو کۆمپانیای بازرگانی دەبینێ) دەستی پێکردووە، لە سۆنگەی ئەوەی کە تورکیا ئەندامی ناتۆ و هاوپەیمانی (بە حیسابی خۆیان) شەست ساڵەی ئەمریکایە (کە لە بنەڕەتدا وا نییە)، جێگەی سەرنجە و لە شەڕەکانی دیکەی ترەمپ لەگەڵ ئێران، چین و رووسیا جیاوازە. ئابووریی تورکیا دەمێکە بەدەست قەیرانی جۆراوجۆرەوە دەناڵێنێ و ئەوە یەکەم جار نییە کە ئەردۆغان داوا لە خەڵک دەکات دۆلاری بن بالیفەکانیان بگۆڕنەوە بە لیرە. هەر دوو ساڵ پێش ئێستا بوو کە ئەگەر سەد دۆلارت گۆڕیبایەوە، شۆربایەکی بە خۆڕاییان پێدەدای! ئەو کاتە دۆلار لە لیرە و نیوێکەوە گەیشتبووە سێ لیرە. خەڵک هەژارتر بوو، ئەردۆغانیش بەهێزتر. ئێستاش هەمان تاس و حەمامە،"ئەمریکا دۆلاری هەیە و خەڵکی تورکیاش خوایان هەیە"، ئەمە شیعاری ئەردۆغانە لەمەودوا و، بەم (ئەفیون)ـەی کە مارکس باسی دەکات، هێندەی دیکە بەهێزتر دەبێت و، پێگەکانی دەسەڵاتی خۆی وەکو رابەرێکی دژە ئیمپریالیستی وەک ئایەتوڵڵاکانی ئێران دەکاتە هەتا هەتایی.

---



ئازاد وەڵەدبەگی

# ئێران و عێراق؛ کولاندنەوەی برینە کۆنەکان

بە درێژایی چوار سەدەی رابردوو، ئێران و دەوڵەتی عوسمانی وەک دوو دەوڵەتی رکابەر و ناکۆک لە گۆڕەپانی سیاسی و سەربازیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا رۆڵیان بینیوە. پاش رووخانی دەوڵەتی عوسمانی و دروستبوونی دەوڵەتی نوێی عێراق لە ساڵی 1921، ئەم ململانێیە نەک هەر کۆتایی نەهات، بەڵکوو عێراق بووە میراتگری بەشی هەرەزۆری ململانێی ئێران–عوسمانی و دواتریش ململانێی مێژوویی فارس–عەرەبیش تێکەڵ بەم ململانێیە بوو. بە درێژایی دەیان ساڵی رابردوو (جگە لە سەردەمی پاش رووخانی سەدام) ئێران و عێراق، بە هۆی چەندین ناکۆکی لەسەر سنووری وشکانی و ئاویی نێوان هەردوولا، ململانێ لەسەر بوون بە هێزی هەرێمیی باڵادەست بە تایبەت لە ناوچەی کەنداو، نوێبوونەوەی ناکۆکی مێژوویی فارس–عەرەب و تەنگانەی جیۆپۆلیتیکی عێراق لە گەیشتن بە دەریا، هەرگیز پەیوەندییەکی گەرموگوڕ و دۆستانەیان نەبووە. هۆکاری راستەقینەی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ململانێکانی نێوان هەر دوو وڵات، ململانێی جیۆپۆلیتیکین و بە ئاسانی لەناو ناچن، بەڵکوو درێژخایەن و هەمیشەیین و تەنیا بە سڕینەوە یا لاوازبوونی یەک لەم دوو دەوڵەتە لە ناوچەکەدا کۆتاییان دێت.

لە بەرەبەری ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستاندا لە ساڵی 2017، ئەوکات هەندێ ئاکادیمیسیەن، دیپلۆمات و رۆژنامەنووسی ئێرانی وەک د.ئەحمەد نەقیب زادە، د.سادق زیباکەلام، د.عەبدوڵڵا رەمەزانزادە، سادق مەلەکی، محەممەد ئەوسی و هتد، بە شێوازی جۆراوجۆر پاڵپشتیی خۆیان بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان و دابەشبوونی عێراق دەربڕی. وەنەبێ ئەم پاڵپشتییە هەر لە خۆڕا هاتبێ. ئەو کەسانە پێیانوایە، نابێ تەنیا بە خوێندنەوەی بارودۆخی ئێستا، سەیری عێراق بکەین، بەڵکوو ئەگەر ئەم دەوڵەتە لە داهاتوودا بەهێز ببێتەوە، ئەوا لەگەڵ ئێران دەست بە ململانێ جیۆپۆلیتیکییەکانی دەکاتەوە. ئەو کەسانە، بە دووربینییەوە سەیری عێراق دەکەن و ئەو راستییەیان لەبەرچاوە کە عێراق لە ئەگەری مانەوەی بە یەکپارچەیی لە ئایندەدا هەر هەڵدەستێتەوە و، ئەوکات بە دوای رۆڵی هەرێمیی خۆیدا دەگەڕێت لە ناوچەی کەنداو. جگە لەمەش، عێراق ناتوانێ چاوپۆشی لە ململانێی سنووری و ئاویی خۆی بکات لەگەڵ ئێراندا. لە ئەنجامی ئەو سیاسەتەی عێراق، ئەگەری تێکگیرانی لەگەڵ ئێران و بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە، شتێکی حاشاهەڵنەگرە، کەواتە عێراق هەرگیز ناتوانێ دۆست و دراوسێیەکی باش بێت بۆ ئێران. هەربۆیە، ئەم هەلەی کە بۆ دابەشبوونی عێراق هاتووەتە ئاراوە، هەلێکی زێڕینە و نابێ ئێران لە کیس خۆی بدات و دژی بوەستێتەوە.

لە چەند رۆژی رابردووشدا دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا گەڕی نوێی سزاکانی دژ بە ئێرانی راگەیاند و دەوڵەتانی جیهانی سەرپشک کرد یان ئێران هەڵبژێرن یان ئەمریکا. ئەمەش عێراقی خستە بەردەم دووڕیانێکی سەخت و چارەنووسساز و، ناکۆکی و ململانێ کۆنەکانی نێوان ئێران و عێراقی زیاندەوە. چونکە هەردوو دەوڵەتی ئێران و ئەمریکا بەرژەوەندی و پەیوەندیی گرنگیان لەگەڵ عێراقدا هەیە، هەربۆیە بۆ دەسەڵاتدارانی شیعەی عێراق قورسە کە بتوانن بڕیارێکی یەکلاکەرەوە لەسەر ئەم بابەتە بدەن. حەیدەر عەبادی لە وتەیەکیدا رایگەیاند "عێراق سزاکانی دژ بە ئێران بە هەڵەیەکی ستراتیژی و نادروست دەزانێت، بەڵام جێبەجێی دەکەین تا بەرگری لە بەرژەوەندیی خەڵکی خۆمان بکەین. ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان لەگەڵ ئەم سزایانەدا نییە و حەزمان لە جێبەجێکردنی نییە، بەڵام پێوەی پابەند دەبین". ئەم قسانەی عەبادی وەبیرهێنەرەوەی ئەو قسەیە کە دەڵێت؛ دڵم لە گەڵتانە بەڵام شمشێرەکەم لە دژتانە. هەروا سەعد حەدیسی گوتەبێژی حکومەتی عێراقیش رایگەیاند کە "کۆتایی بە مامەڵەی دۆلار لەگەڵ ئێران دەهێنین، ئێمە بەر لە هەموو شتێک بەرژەوەندی نیشتمانیی عێراق لەبەرچاو دەگرین، هەنگاوێک نانێین کە بە زیانی ئابووریی عێراق بێت".

هەروا عێراق رایگەیاند کە لە ئەنجامی سەپاندنی سزاکانی ئەمریکا لەسەر ئێران، هاوردەی ئۆتۆمبێل لەو وڵاتە رادەگرێت. ئەم لێدوانانەی بەرپرسانی عێراقی لە باڵاترین ئاستەکاندا کە نیشانەی هەڵوێست و سیاسەتی فەرمیی عێراقن لە کێشەی نێوان ئێران و ئەمەریکادا، هەندێ کەسی لە ئێران تووشی شۆک و نیگەرانی کرد.

حکومەتی ئێران، تاکوو ئێستا هیچ هەڵوێستێکی فەرمی لەم بارەیەوە رانەگەیاندووە کە رەنگە ئەمەش نیشانەی جۆرێک لە شۆک یا نیگەرانی بێت بەرامبەر بە هەڵوێستی عێراق، بەڵام لە فەزای نافەرمی و راگەیاندنەکاندا ئەم بابەتە کاردانەوەی لێکەوتەوە. مەحموود سادقی نوێنەری پەرلەمانی ئێران لە تویتێکدا رایگەیاند: "عێراق بەپێی بەندی (6)ی بڕیاری ژمارە (598) بڕی (1100) ملیار دۆلار وەک قەرەبووی راستەوخۆی جەنگی سەپێنراو قەرزداری ئێرانە؛ دەوڵەتی ئێران لەبەر تەنگژەکانی خەڵکی عێراق وازی لە داواکردنی ئەم قەرەبووە هێناوە؛ بەڵام ئێستا سەرۆک وەزیرانی عێراق لەبری پاداشت؛ پاڵپشتیی ئەو سزا ستەمکارانەیە دەکات دژ بە خەڵکی ئێران".

هەروا د.عەبدوڵڵا رەمەزانزادە گوتەبێژی حکومەتی ئێران لە سەردەمی خاتەمی و پارێزگاری پێشووی کوردستان لە تویتێکدا گوتی: "پێشتریش گوتوومە: نابێ ببینە بەربەست لەبەردەم دابەشبوونی عێراق". جگە لەمەش، جێگری سەرۆک کۆماری ئێران بۆ کاروباری ئافرەتان، مەعسوومە ئیبتیکار لە تویتێکدا دەڵێت: "دەبێت بەغدا بڕی 11 ملیار دۆلار وەک قەرەبووی شەڕی هەشت ساڵە، لەبری ئەو زیانانەی بەر ئێران کەوتوون، بداتە تاران، ئەمەش لە مادەی (6)ی بڕیاری ژمارە (598)ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا هاتووە". لەلایەکی ترەوە، فایەق شێخ عەلی پەرلەمانتاری پێشووی عێراق لە تویتەری خۆی نووسیویەتی "لە کاردانەوەی داواکەی مەحموود سادقی نوێنەری ئەنجوومەنی شوورای ئیسلامی ئێران کە داوای (1.1) ملیار دۆلار قەرەبووی کردبوو، من بە نوێنەرایەتی بنەماڵەکانی قوربانیانی تیرۆریزم داوای (11) ملیار دۆلار قەرەبوو بۆ یەک ملیۆن عێراقی دەکەم کە بەهۆی هێنانی ئەلقاعیدە بۆ وڵاتەکەمان بە بیانووی شەڕ لە دژی ئەمەریکا بەکوشتنتان دان". دیارە فایەق شێخ عەلی لە خەمڵاندنەکەی خۆیدا تووشی هەڵە بووە و (1100) ملیارەکەی سادقی بە (1.1) ملیار دۆلار تێگەیشتووە. جگە لەمەش، ئەم بابەتە بووە جێی مشتومڕ و گفتوگۆ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا لە ئێران و عێراق، لە هەردوولا تێڕوانینی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر ئەم هەڵوێستەی عێراق هەبوو.

پێدەچێت ئەم هەڵوێستە نوێیەی عێراق و جەنگی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، سەرئەنجام ئەوەی لێ بکەوێتەوە کە ئەم بابەتە بەجدی ببێتە تەوەری گفتوگۆکانی سەر مێزی هەر دوو وڵات، بە تایبەت کە بڕیار وایە عەبادی لەم رۆژانەدا سەردانی ئێران بکات. پاش سەپاندنی سزاکانی ئەمەریکا لەسەر ئێران، تاران چاوەڕێی ئەوە لە وڵاتانی هاوپەیمانی وەکو عێراق دەکات، کە لەم قۆناغە سەختەدا هاوکار و پاڵپشتی بن و، ئەگەر نابنە هۆکاری سووککردنی ئەو سزایانە، لانیکەم نەچنە سەنگەری نەیارانی ئێران و نەبنە لایەنێک دژ بە بەرژەوەندییەکانی تاران.

ئەگەر بە دیوێکی تردا سەرنجی بابەتەکە بدەین، بۆمان دەردەکەوێ، کە ئەم بەریەککەوتنە نوێیەی بەرژەوەندییەکانی ئێران و عێراق، بووەتە هۆی پەردە لادان لەسەر ناکۆکییە کۆن و شاراوەکانی نێوان هەردوو وڵات. هەروا لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەش لە باشووری عێراق، کەم نەبوون ئەو دروشمانەی کە دژ بە ئێران و پارتە سیاسییەکانی لایەنگری ئێران بەرز دەکرانەوە. لەلایەکی دیکەشەوە، ئەگەر سەیری ئەنجامەکانی دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە 12/ ئایاری/2018 بکەین، دەبینین کە ناتەباترین لایەنی شیعە لەگەڵ سیاسەتەکانی ئێران، براوەی یەکەمی هەڵبژاردن بوو. هەربۆیە دوور نییە حکومەتی داهاتووی عێراق، ئەگەر لەسەر دەستی ئەو لایەنە پێکبێت، ئەوا دوورکەوتنەوە لە ئێران زیاتر بێت.

لەم رووداوەی دواییدا، عێراق لە نێوان ئێران و ئەمەریکا، ئەوەی دووەمیانی هەڵبژارد. ئەمەش دەرخەری ئەو راستییەیە کە هاوپەیمانێتی نێوان ئێران و عێراق لەم قۆناغەدا، پتر لەوەی کە قووڵاییەکی ستراتیژی هەبێت، رەنگە زادەی هەلومەرجی ئەم قۆناغە بێت و مەرج نییە درێژخایەن و هەمیشەیی بێت. بەدەر لەمەش، ئەم هەڵوێستەی عێراق ئەو راستییە شاراوەیە ئاشکرا دەکات، کە ناکۆکییە جیۆپۆلیتیکییەکانی نێوان ئێران و عێراق، بەربەستن لەبەردەم ئەوەی هاوپەیمانێتیی نێوان هەر دوو وڵات هاوپەیمانێتییەکی تۆکمە و ستراتیژی بێت. لەوانەیە بە هۆی هەر رووداو یا پێشهاتێکی نوێ، ناکۆکییە شاراوەکان سەرهەڵبدەنەوە و هاوپەیمانێتیی نێوان هەردوو وڵات بکەوێتە بەردەم مەترسی و برینە کۆنەکان بکولێنەوە.

---



مەسعودی مەلا هەمزە

# هەنگاوێک بەبێ پارتی

ئەنجامدان و نەدانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە 30ی ئەیلولی ئەمساڵ یەکێک لە گەرمترین بابەتەکانی رۆژە، کە قسەی جدی لەبارەوە دەکرێت، ئاماژە رووونەکان ئەوە دەڵێن کە بەشێکی زۆری لایەنەکان لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردن نین، بەڵام نایانەوێ ئیعلانی بکەن! پرسیاری جەوهەری ئەوەیە کێ دەیەوێ هەڵبژاردن بکرێ و کێ نایەوێ؟ هۆکار چییە؟

ئەوەی روون و راشکاو و لەسەر زاری سەرۆک و جێگری سەرۆک حزبەکەی راگەیاندووە کە لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردنن لەکاتی خۆیدا پارتی دیموکراتی کوردستانە، لە بەرامبەردا یەکێتی لەسەر زاری لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی راگەیاند کە پێیان باش بووە هەڵبژاردن دوابخرێ.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتیش راگەیاند کە گۆڕان بەنهێنی داوای لە یەکێتی کردووە هەڵبژاردن دوابخرێ، ئەمە جگە لە کێشە ناوخۆییەکان کە دەریدەخا ئەم حزبە ئامادەی هەڵبژاردن نییە (وەڵام و وەڵامکارییەکەی نێوان عەبدوڵڵای مەلا نوری و عەلی حەمەساڵح) باشترین بەڵگەی کێشەی ناوخۆیی گۆڕانن، ئەم قسەیە و نەبوونی مەیل بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لای بەشێک لە لایەنەکانی تریش بەدی دەکرێ، پرسیارە کە ئەوەیە ئەو هەموو لایەنە کە دەیانەوێ هەڵبژاردن دوابخرێ بۆ دواناخرێ؟!

دوایین پێشهات و ئەوەی لەسەر زاری بەشێک لە سەرکردەکان و لە میدیاکان بڵاوکرایەوە تێبینی برێت ماکگۆرگ نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمریکایە لەسەر کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە کە چاودێران ئەم تێبینییە بە بەشێک لە ئاگادارکردنەوە دەبینن، چونکە ئێستا ئەوەی لای ئەمریکا زۆر گرنگە مەسەلەی دروستکردنی کابینەی تازەی حکومەتی عێراقە نەک شتی تر و ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کوردستان و ئەوەندەی تر پەرتەوازەیی لایەنەکان.

ئەگەرچی هەڵبژاردن پرۆسەیەکی تەواو دیموکراسییە و پێویستە لە کاتی خۆیدا بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر زۆرینەی لایەنەکان لەگەڵ دواخستنین تەنها پارتی نەبێ، بۆچی ئەو لایەنانە دوایناخەن و هەنگاو نانێن بۆ دواخستنی؟

گومانی گەورە و سەرەکی ئەوەیە جگە لە یەکێتی بۆچی ئەم لایەنانە نایانەوێ بە ئاشکرا باس لە دواخستنی هەڵبژاردن بکەن، ئەمە جگە لەوەی کە پرسیاری گەورە دروست دەکا لەبارەی ئەوەی ئاخۆ بۆچی ئەو لایەنانە بە تایبەت ئۆپۆزسیۆنەکان، یان دەتوانین بڵێین ئەوانەی لە حکومەت دەرکران و ئەوانەشی لە خولەکی زیادکراوی یارییەکە کشانەوە، نایانەوێ هەڵبژاردن بکرێ، ئەم نەویستنە ترسە لە کەمبوونەوەی دەنگەکانیان یان شتی تر و هۆکاری تری هەیە؟

بەگشتی ئەگەر ئەم لایەنانە جدین لەسەر دواخستنی هەڵبژاردن و ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە لە بەرژەوەندی خۆیان نابینن سیناریۆگەلی زۆر هەن بۆ دواخستنی هەڵبژاردنەکە و سەرخستنی رای لایەنەکانی تر بەسەر رای پارتیدا، کە دواجار ئەم هەنگاوە وادەکا پارتی بێتە ژێر باری هەر هەنگاوێک کە ئەم لایەنانە بیهاوێژن و هەنگاوەکە دەرچەی یاسایی بێ بۆ دواخستنی هەڵبژاردنەکە.

با بگەڕێینەوە بۆ زمانی ژمارەکان و حسابی کورسی ئەو لایەنانە بکەین کە ئێستا لە پەرلەمانی کوردستان کورسیان هەیە، بە کورسییەکانی گۆڕان و یەکێتی و کۆمەڵ و یەکگرتوو دەکاتە زیاتر لەنیوەی کورسییەکانی پەرلەمان، ئەوەش مانای تەواوبوونی رێژەی یاساییە و ئەگەر ئەو لایەنانە بەجدی دەیانەوێ هەڵبژاردن دوابخەن، دەتوانن لە کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان و بەبێ پارتی ئەم کارە بکەن، بەڵام بۆ نایکەن؟

ئەو ئەزموونەی لایەنەکان لە پرسی هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێم شکستی هێنا، ئەگەر ئەمجارەش ئەو لایەنانە هەنگاوێکی لەم شێوەیە بنێن و شکست بێنن، بێگومان بە تەواوی لایەنگرانیان بێ ئومێد دەکەن و لەدواجاردا یارییەکە لە بەرژەوەندی پارتی کۆتایی دێ، کە پێموایە ئەوە خاڵی جەوهەری ترسی لایەنەکانە لەو هەنگاوە.

بە شێوەیەکی گشتی و بەڕوونی دیارە، سەرجەم لایەنەکان دەیانەوێ ئۆباڵی دواخستنی هەڵبژاردن بخەنە ئەستۆی یەکتر، بەتایبەت یەکێتی، کە سەرجەم لایەنەکان دەیانەوێ و مەبەستیانە یەکێتی هەڵبژاردن دوابخا و ئەوان ئۆباڵەکەی بخەنە ئەستۆی یەکێتی، لە کاتێکدا پێموایە دۆخی یەکێتی بۆ ئەم هەڵبژاردنە زۆر لەبارترو گونجاوترە لە لایەنەکانی تر، سەرباری بوونی چەندان تێبینی جدی لەسەر دۆخی حزب و رۆڵی یەکێتی لە حوکمڕانی کوردستاندا.

ئەوەی ماوەتەوە بیڵێم ئەوەیە ئایا لایەنەکان مەیلەکەی خۆیان دەکەنە واقیع و بەبێ پارتی هەنگاو دەهاوێژن بۆ دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمان، یان تەسلیمی ئەمری واقیع دەبن و دەچنە ناو پرۆسەکەوە؟

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more

بۆ پەیوەندیکردن بە تۆڕی میدیایی رووداو: 009647518110011

بۆ ناردنی هەواڵ و زانیاری: 009647518110002

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی hhimati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی TEl : 07518110011 - 07518110013 | rudaw@rudaw.net




